تەنها بۆ دیاریە

ئاگادار
کردنەوەی بێ ئاگایان
ومژدە پێ دانی زانایان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

محمد صالح عبدالرحمن

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

ئاگادار كردنەوەی بێ ئاگایان
و
مژدە پێ دانی زانایان

چاپی یەكەم ساڵی ١٤١٨ هـ - ١٩٩٧ م

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەكی : سوپاس و ستایش بۆ پەروەردەگاری جیهان درودوو سڵاویش لەسەر پێغەمبەرو یارانی ئەوانەی دوای دەكەون بە چاكە تـــا رۆژی دوایی

تەماشاكردنی ئەو هەموو بیدعەیەی كە لە نێوان موسڵمانان بڵاوبۆتەوە لە بەندایەتی كردن و كارو كردەوە و لاسایی كردنەوە كە كردویانەتە ئاین ، وە ئاینیش لێ یان بەری یە ، ئەمنیش بە ئەركی سەر شانی خۆم زانی ئەو كتابە بڵاو بكەمەوە وبیكەمە دیاری موسڵمانان و كار بەو زانینە بكەم كە خوا پێی داوم بڵاوی بكەمەوە وەكو خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ وأما بنعمة ربك فحدث ﴾ .

چونكە نیعمەتی خوای گەورە لە سەر ئێمە هێندە زۆر لە ژماردن نایە یەك لەو نیعمەتانە ئەمنی كردۆتە خزمەتكاری مزگەوتێ لە پەنجا ساڵی یەوە هەتاكو ئێستا كە لە هەشتا ساڵی نزیك دەبمەوە وە تەندروستیم زۆر باشە و هەر پێنج هەستەكانیشم ساغ و سەلامەتن ، ئەوەش هەر نیعمەتە . وە هەمووتان دەزانن هەرچی لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) دا هاتووە هەر ئەوە تاوەرۆكی ئاینە و لە گەڵ ئەو شتانەی هەر چوار خەلیفەكانی راشیدین لە سەری رێك كەوتوون و هەر چوار مەزهەب و هەرچی زاناكان كۆ بونەتەوەوموسلمانان لە دەوڵەتە ئیسلامی یەكان لە سەری دەرۆن . بەڵام زۆر بەداخەوە هەندێ كەس دەبینی پرۆگرامی قورئان و سونەتی پێغەمبەر (ﷺ) لەئەستۆ ناگرن وەكو پێویستە بەڵكو خۆیان بەلاسایی كردنەوەو عادەت و بیدعە وەگرتووە كەپێچەوانەی ئاینە كەچی بەئاینیشی تێ دەگەن ، بۆ نمونە وەكو ئەو شتانەی ئەمرۆ لەنێومان دەكرێ لەرێ و رەسمی تازیە دانان و رێز نەگرتنی مزگەوت و گۆڕبەگەورەگرتن و جغارە خواردن و كردنی هەموو جۆرە یارییەك و داهێنانی جۆرە سۆفی یایەتیەك كە لە گەڵ شەرع رێك ناكەوێ دەفە لێدەدەن و شیری لە خۆ دەدەن و زۆر شتی تر كە هیچ ئەسلەكی لە ئیسلامدا نیە كەدوایی درێژە بە باس كردنیان دەدەین . بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو شتانەی شەرع فەرمانی بە كردنیان داوەو بە باشیان دەزانێ وەكو رووكردنە خوا بە دڵسۆزی لە هەموو

کارو کردەوەیەك و بەجێ هێنانی پێویستی یەکان بەبێ ڕیا کردن و هاوبەش پەیدا کردنی شاراوە ، یا بەدڵ ترسان لە خوا لە ناو نوێژکە گیانی نوێژکردنە و کارو کردەوە کردن بە دەقی قورئان و سوننەتی پاکی پێغەمبەر (ﷺ) تاوای لێ دێ کردەوە کردن بە قورئان و سوننەت زۆر دەبێ و بیدعە کردن کەم دەبێتەوە بەڵێ زۆر جاران وەیە خۆ بە قورئان و سوننەت بەستانەوە لای هەندێ کەس بە شتەکی نامۆو بەلە ئایین دەرچون دێتە ژمار ئەوەش ڕەنگدانەوەی ساردێتی خەڵکەکەیە کەوا لە کۆمەڵگای خۆمان بە چاو دەبینین . وە داواش لە خوێنەری بەڕێز دەکەم چاوپۆشی لە کەم و کوڕیو هەڵەکانم بکا بەتایبەتی لە لایەنی زمانە وانی (مەبەستی دانەر لە ئەسڵی عەرەبی یەکەیە) وەلە کۆتایی دا لە خوای گەورە داواکارم دڵمان ڕۆشن بکاو شارەزای ڕێگای ڕاستمان بکا چونکە هەر ئەو یارمەتی دەرەو تەوفیق هێنەرەوە پشتیشمان هەربەو بەستاوە وە دوا دوعاشمان (أن الحمد لله رب العالمين) ە .

بەشێك لە بیرو باوەڕ

خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ الم ، ذلك الكتاب لا ريب فيه هدى للمتقين الذين يؤمنون بالغيب و يقيمون الصلاة ومما رزقناهم ينفقون ﴾ [1]

واتە الم ، ئەو کتێبە هیچ گومانی تێدا نیە ، ڕێنمونی یە بۆ لە خوا ترسان ، ئەوان بڕوایان هەیە بە نادیار ، نوێژان ڕادەگرن و لەوەی پێمان داون خەرجی دەکەن بیرو باوەر (الایمان) لە زمانی شەرعدا بریتی‌یە لە بەڕاست زانینی بە دڵ و دان پیاهێنان بە زمان و کارو کردەوە کردن بە پایەکان (الارکان) لە ئەبو هورەیرە دەگێرنەوە (ﷺ) وتی رۆژێ پیاوێ هاتە ناو خەڵکی بە پێغەمبەری خودای وت بیرو باوەر چی یە ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی باوەڕت هەبێ بە خواو بە فریشتەکانی و پەرتووکەکانی و بەگەیشتنەوە خواو پێغەمبەرەکان و

١) سورة البقرة – الآية ١-٣

باوەرت هەبێ بە ڕۆژی دوایی دەگێرنەوە پیاوێ لە (الحسن) ی پرسی و ووتی ئەرێ تۆ بڕواداری ؟ (الحسن) ووتی باوەڕ دوو جۆرە ، جا ئەگەر پرسیارم لێ دەکەی لە باوەڕهێنان بە خواو فریشتەکان و پێغەمبەرەکان و ڕۆژی دوایی بەم جۆرە بڕوادارم ، ئەگەر پرسیاریشم لێ دەکەی لە فەرموودەی خوای گەورە ﴿ إنما المؤمنون الذين اذا ذكر الله وجلت قلوبهم و اذا تليت عليهم آياته زادتهم ايمانا وعلى ربهم يتوكلون الذين يقيمون الصلاة ومما رزقناهم ينفقون . أولئك هم المؤمنون حقا لهم درجات عند ربهم و مغفرة و رزق كريم ﴾ (٢)

واتە : بەڕاستی بڕوا داران ئەوانەن کاتی یادی خوا کرا دڵیان دەترسێ وە کاتێ ئایەتەکانی خوا بەسەریاندا بخوێندرێتەوە بڕوایان زیاد دەکا وەپشت هەر بە پەروەدگاریان دەبەستن ئەوانەن نوێژ ڕادەگرن لە وەی پێمان داون خەرجی دەکەن ئەوانە بەڕاستی بڕوادارن چەند پلەیەکیان لای پەردگاریان هەیە لێخۆش بوون و ڕسقەکی بەرێز سوێندم بە خوا نازانم لەو جۆرەیانم یان نا .

فەرموودەی خوای گەورە ﴿ ليبلوكم ايكم احســـــن عملاً وهو العزيز الغفور ﴾ (٣)

واتە : هەتا تاقیتان بکاتەوە کامەتان کردەوەی جوانترە وە هەر ئەو کار بەدەست و لێخۆش بووە . لە تەفسیر کردن (احسن عملاً) باسی زۆر ڕوویان کردەوە ، یەکێکیان ، ئەوەیە دەبێ پاکتر و ڕاستر کردەوەی ، چونکە ئەگەر کردەوەیان بێ و ڕاست نەبێ وەرناگرێ ، وە ئەگەر ڕاست بێ و پاك نەبێ وەرناگیرێ جا پاك بێ و دەبێ بۆ خوا بێ و ڕاســـت دەبێ لەســـەر سوننەت بێ (٤)

دووەمیان : خوای گەورە لە ئایەتی ﴿ انما المؤمنون ... الى آخر الآية ﴾ باسی کردوە ، مرۆڤ نابێتە بڕوادار مەگەر بەو پێنج سیفەتانە نەبێ کە ئەمانەن :- ترسان لە خوا ، دڵسۆزی لە ئاینی خوا ، پشت بەستان بەخوا ، نوێژ ڕاگرتن ،

٢) سورة الانفال - الآية ٣

٣) سورة الملك - الآية ٢

٤) تفسير الكبير - سورة الملك

زەكات دان لەبەر خوا ، وە لە سەرەتایی ئایەتەكە باسی ئەو شتانەی كردەوە كە بەڵگەنە لەسەر كورت هەڵێنان (الحصر) كە بریتی‌یە لە ﴿ إنما المؤمنون ... ﴾ هەتا دوایی ئایەتەكە .

خوای گەورە فەرموویەتی ﴿وما خلقت الجن والانس الا ليعبدون ﴾ [1] واتە : من جنۆكەو مرۆڤم دروست نەكردووە مەگەر بۆ پەرستن و بەتاقم بزانن . ئەوە ئەوبەتاك زانین(التوحيدة) ەیە پێغەمبەرەكان پێی هاتوون (سەلامی خوایان لەسەر بێ) ئەمەش دابەش دەبێ بۆ سێ جۆر :. یەكتا ناسی پەروەردگاریتی و یەكتاناسی خوایەتی كردون و یەكتاناسی ناوو سیفەتەكان . بەگوێرەی یەكتاناسی پەروەردگارێتی ئەوەیە باوەرت هەبێ خوای گەورە بەدیهێنەر بەندەكانە رسق دەریانە ، ژیاندەریانە ، مرێنەریانە . بەڵام یەكتاناسی خوایەتی كردن بریتیە لەیەكتاناسی خوا لەبەندایەتی كردن ، ئەمەش ئەو یەكتاناسی خوایە پێغەمبەرەكان بۆلای گەلەكانیان پێی هاتوون ، چونكە پێغەمبەرەكان هاتوونە بۆ بڕیاردانی یەكتاناسی پەروەردگارێتی خوا كە گەلەكانیان باوەڕیان پێ هەبووە وبانگ هێشتنیان كردون بۆ لای یەكتاناسی خوایەتی كردن ، جا پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێك جیاوازی بكا لەنێوان یەكتاناسی پەروەردگارێتی و یەكتاناسی خوایەتی كردن ، چونكە زۆر زانا كان بێجگە لە نەزانەكان تێدا تووشی هەڵە بوونە جا ئەو كەسانە بەهەڵەدا چوونە ووشەی خوا (الاله) یان بەتوانا لەسەر شت داهێنان یابە بەدیهێنە یاخاوەن دار مانا لێداەتەوە . بەهەر حاڵ مانای (الاله) بۆ هەموو پەرستراوەكی بەهەق و ناهەق بەكار هاتووە . لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) كاتێ بەهاوبەش پەیدا كەرەكانی قورەیشی فەرموو﴿قولوا لااله الا الله تفلحوا وتملكوا بها العرب وتدين لكم بها العجم﴾ واتە : (بڵێن (لااله الا الله) پێ دەبنە خاوەنی عەرەب و عەجەمیش پێ دێنە دێنەكەتانەوە) بەڵام ووشەی (الله)هەر تەنها بۆ خوای گەورە بەكار هاتووە .

---

٢) سورة الذاريات ـ الآية ٥٧

بەڕاستی هەتا بڵێ ی شتەکی نەفامی‌یە ئەویش ئەوەیە زۆربەی خەڵك شایەتی دەدەن بەرستەی (لااله الا الله وان محمدا رسول الله) نازانی مانای ئەم دوو ڕستەیە هەر چیشە ، جا ئەگەر بیان زانی بابە مانای (لااله الا الله) یانی هیچ پەرستراوێکی بەهەق لە هەبوون (وجود) دانیە تەنیاخوا نەبێ ئەگەر دەیانزانی ئەوەی بۆ وەلیەکان و سەیدەکان و گۆڕی پیاو چاکان دەیکەن وەکو ئاژەڵ کوشتنەوە نەزر کردن و بەتەبە ڕوك زانینی خۆڵی سەر گۆڕەکانیان و سوڕانەوە بەدەوری گۆڕەکانیان و داوای پێویستی کردن لێیان ئەوەبە خوا دانانی ئەو پیاو چاکانەیە ئەوە قەت وەیان نەدەکرد ، چونکە خوایەتی کردن ناشێ بۆ هیچ کەسێ تەنیا خوا نەبێ ، خۆزگە دەیان زانی ئەو جۆرە کردەوانەی ئەوانەدەیکەن ئەوەهاوبەش پەیداکردنی گەورەیە بۆ خوا ﴿ اعاذنا الله منه ﴾ وەفەرموودەی خوای گەورە ﴿ ان الله لايغفر ان يشرك بـه ويغفر مادون ذلك لمن يشاء﴾[٢] واتە بەڕاستی خوا لەو کەسە خۆش نابێ هاوبەشی بۆ دابنێ ، وەخۆش دەبێ بێجگە لەوە هەر کەسێك بیەوێ . ئەو ئایەتە گەورەترین شتە پێویستە لەهاوبەشی دانان بترسی چونکە خوای گەورە لێخۆش بوونی لەهاوبەش پەیداکەران بڕیوە وەپێویستی کردووە هەمیشە لەناو ئاگر بمێنێتەوە ئەو مانەوەشی ڕەها کردووەو بەهیچی نەبەستۆتەوە . بەڵام ئەو کەسی بەهاوبەش پەیداکەری نەمردووبێ و چوونی بۆ بەهەشت ئەوە شتێکی ترە . بەڵام ئەگەر کەسێ خاوەن گوناهی گەورە نەبووبێ وە سوور نەبووبێ لەسەری‌و لەسەر ئەم شێوە نەمردوو بوبێ ئەوە ، ئەوە لەژێر خواستی خوا دەمێنێتەوە ئەگەر بەخشی ئەوە دچێتە بەهەشت ئەگەر ناعەزابی دەدا بەئاگر دوایی دەری دەهێنێ وەدیباتە بەهەشت . جائەگەر کەسێك هاواری لەمردوێك یالەکەسێکی نادیارو بودڵ ڕووی نێ‌کردوو چۆن یەکە داوای شتی لێ بکات یان تا ئەوە هاوەش پەیداکردنەو خوا لێی خۆش نـــابێ هەر لەبەر ئەمە خوا تکا کار (الشفعاء)ی لەنێوان خۆی‌و بەندەی

٢) سورة النساء ـ الآية

. یاساغ کردوه بەتوندی و نکولی کردووە لەو کەسانەی ئەو کردەوانە دەکەن چونکە پێچەوانەو دژی دڵسۆزیە کەبریتی یە پووکردنە خوا بەدڵ لەهەرچی بەندە لێی دەترسی و جێگەی ئومێدیەتی و دەیەوێ پێ لەخوا نزیك بێتەوە و دینداری پێ بکا . لە (عمران بن حصینی) وە (ﷺ) ووتی پێغەمبەر (ﷺ) پیاوێکی دی بازنەیەکی لەدەستی بوو فەرموی ئەوە چی یە ؟ ووتی بۆ لاوازی قۆڵە (الواهنة) پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی لەدەستت کەوە چونکە ئەم بازنە تەنها لاوازیت زیاد دەکا ئەگەر لەسەر ئەم حاڵە بمری قەت ڕزگارت نابێ [1] وە (لابن ابی حاتم) لە (حذیفة) ی (ﷺ) پیاوێکی دیت داوەکی لەدەستی بوو لەبەر تاهاتن داوەکەی پساند لەدەستی و ئەم ئایەتەی خوێندەوە﴿ وما یؤمن اکثر هم باالله الاوهم مشرکون ﴾ [2] واتە : زۆربەی خەڵکی پڕوا ناهێنن مەگەر ئەوانە هاوبەشی پەیدا دەکەن . لە (ابن مسعود) (ﷺ) ووتی گوێم لەپێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەیفەرموو ﴿ ان الرقی والتمائم والتوله شرك ﴾ [3] . واتە : بەڕاستی نوشتە کردن و کلاّن و کوژەکە چەوری و شیرینی لەهاوبەش پەیدا کردنن جا هەر کەسێك پووی دڵی وەر بگێڕێ بۆ لای کەسێ بێجگە لەخواو داوای سوود گەیاندنی لێ بکا یاداوای زیان لێ لادانی لێ بکا ئەو کەسە هاوبەشی پەیدا کردووە بۆ خوا وە (ابن مسعود) وتویەتی (ئەگەر سوێند بەخوا بەدرۆ بخۆم پێم خۆشترە لەوەی سوێندی بەغەیری خوا بەڕاستی بخۆم . خۆ دیارە سوێند بەخوا خواردن بەدرۆ بەگەورەترین گوناح دێتە ژمارە ، بەڵام هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا لەگوناحە هەرە گەورەکانە بابەدیەمەن بچوکیش بێ . وەلە (عمر بن الخطاب) (ﷺ) ووتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ﴿ من حلف بغیر الله فقد کفر ، او اشرك ﴾ [4] واتە : هەر

١) رواه احمد بسند لاباس به

٢) سورة یوسف الایة ــ ١٠٦

٣) رواه احمد وابو داود

٤) رواه الترمذی وحسنه وصححه حاکم

کەسێ سوێند بەغەیری خوا بخوا ئەوە کافر بووە، یان هاوبەشی بۆ خوا پەیدا کردووە .

بەشێك نیەت هەبوون لە کردەوە کردن چاکترە

بەڕاستی دڵ لە لاشە باشترە ، بۆیە کردوەی بە دڵ لە کردەوەی بە لاشە باشترە ، کەواتە نیەت هەبوون لە کردوە کردن باشترە .کردوە کردن لە سەر سێ جۆرانە ، فەرمانبەری ، گوناح کردن ، ڕێ پێدراو ، (المباح)

جا بەنیەت هەبوون گوناح ناگۆڕێ ، جا بۆیە بابای نەفام نابێ بەو فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) بە هەڵە داچێ کە فەرموویەتی ﴿ إنما الأعمال بالنيات ﴾ واتە : کردەوەکان بە گوێرەی نیەتە وە بە نیەتیش گوناح کردن دەبێتە گوێ ڕایەڵی وەکو ئەو کەسانەی بە ماڵی خەڵکی چاکە دەکەن یا بە پارەی حەرام مزگەوتێ دەکەن ، بەلأم گوێ ڕایەڵی لە بنچینەڕا پەیوەندی بە نیەت هەبوونەوە هەیە لە چاکە کردندا ، یانی لە بنچینەوە مەبەستی پێ بەندایەتی خوای گەورە بێ بۆیە نیەتی ڕیا کردن دەبێتە گوناح ، بەلأم چاکە کردن بەزۆری نیەت هەبوون زۆر دەبێ بۆ نموونە وەکو ئەو کەسەی لە مزگەوت دانیشتووە نیەتی زۆری هەیە یەکەم : باوەڕی وایە ماڵی خوایە و مەبەستی پێ سەردانی خوایە وەکو پێغەمبەر فەموویەتی (هەر کەسێ لە مزگەوت دانیشێ ئەوە سەردانی خوای کردوە وە هەقە لەسەر لێدراو (المزور)) ڕێزی سەر لێدەری بگرێ . دووەم : نوێژ لە دوای نوێژ جا حاڵی چاوەڕوانی نوێژ وەکو ئەو کەسە وایە کە لە نوێژدابێ . سێیەم : گوێ نەدان و چاوەڕوان و پاراستنی گشت ئەندامەکان لەو شتانەی پێویستت نینە . وە (ئیعتیکاف) یانی مانەوە لە مزگەوت بە نیازی خوا پەرستی جۆرێکە لە گۆشە گیری لەبەر هەندێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ﴿ رهبانية امتي القعود في المساجد﴾ واتە : گۆشە گیری ئۆممەتی من لە مزگەوت دانیشتنە . چوارەم : گۆڕینی دڵ بە گشتی بۆ لای خوای گەورە . پێنجەم : بێجگە لە خوا

هەرچی لە دڵ دایە دەرکەی و کەسکی نەی . شەشەم : مەبەستی سوود وەرگرتن لە زانست یا فەرمان دان بە چاکە بێ و قەدەغە لە خراپە بێ . حەوتەم : سوود لە برایەکی ئاینی وەربگری ، چونکە سوود وەرگرتن لە ئەهلی دین دەستکەوتێکە . هەشتەم : لە شەرمی خوا واز لە گوناح کردن بێنی بەم جۆرە نیەت زۆر دەبێ و هەموو گوێ ڕایەڵی یەکانی تریش بۆ خوا بەم گوێرە قیاس بکە . وەبزانە : کاتێ بابای نەفام گوێ‌ی لە ڕووەکانی بەڵگەی ژیری (العقلیة) و بەڵگەی قورئان (العقلیة) دەبێ ئەو نەفامە وەتێ دەگا هەموو شت نیەتی دەوێ ، ڕەنگە لە کاتی دەرس فێر بوون و بازرگانی کردن لە دڵی خۆی نیەت بێنێ و بڵێ لە بەر خوا دەیخوێنم یا بازرگانی دەکەم گومانی واشە ئەمە نیەت هێنانە ، ئای چەند دوورە (هیهات) ئەوە هەر قسەی دەرونە یا قسەی زمانە وەنیەت هێنان فڕی بەسەر ئەو شتانەوە نیە ، چونکە نیەت هێنان ڕوو تێ کردن و مەیل کردنە بۆ ئەو شتەی لات ئاشکرا بووە ، کەمەبەستی دڵ و دەروونی تێدایە یا ئەوەتە لە دونیا یا لە دوا ڕۆژ ، جا کەواتە چەسپا نیەت هێنان دەربڕینێکە نەبەقسەی زمانە نەبەقسەی دڵ بەڵکو دەربڕینێکە لە بەدەست هێنانی ئەو مەیلە ئەمەش کردەوەیەکی نادیارە ، نیەت هێنان خەڵکی لە گوێ ڕایەڵی کردنی خوا چەند جۆرێکی هەیە ، جۆرە خەڵکێکی وا هەیە لە ترسی ئاگری کردەوە دەکا ، جۆرێکی وا هەیە بە کردەوەکانی ئومێدی بەهەشتە بەلام بەندایەتی کردنی خاوەن هۆشەکان لە زیکر کردن و بیر لێ کردنەوە لە گەورایەتی خوا تێ پەڕناکا.

وە هەموو کردەوەکان دوو پاتەی دەکەنەوە [1]

وە فەرمووردەوی خوای گەورە ﴿ وعملوا الصالحات ﴾ واتە : کردەوە چاکەکان وتراوە کردەوەی چاك دەبێ ئەو چوار شتەی تێدا بێ : زانست و نیەت و سەبرو دڵسۆزی ، وەهەروەها لە بارەی نیەت هێنانەوە هەقیقەتی خۆشوشتنی شەرعی تەواو نابێ مەگەر بە دوو فەرمان نەبێ .

یەکەم : نیەت هێنان چونکە نیەت هێنان عیبادەت لە عادەت جیا دەبێتەوە وەنیەت هێنانیش کردەوەیەکی دڵی رووتەو (فڕی بەسەر زمانەوە وەنیە) وە ئەو شتانەی خەڵك تێکەڵی بە نیەت هێنانیان کردوە ئەوە عادەتیان پێوە گرتووە بۆ نموونە وەکو نیەت بە زمان هێنان ئەوە شتەکی تازە پەیدا بووە و هیچ ئەسلێکی شەرعی نیە بەڵکو پێویستە لێ دوور کەوتنەوەو واز لێ هێنانی .
دووەم : شوشتنی هەموو ئەندامەکانی لاشە [2] .

بەشێك لە گەورایەتی زانین و زانایان

(ابو هريرة) و (ابن عباس) ووتیان پێغەمبەر (ﷺ) لە شاری مەدینە پێش مردنی وتارێکی توندی بۆ داین و فەرمووی فێرە زانین بیو خۆی بەکەم بزانێ و بەندەکانی خوا فێرە زانین بکاو مەبەستی ڕەزامەندی خوا بێ ، کەس لە بەهەشت لەو کەسە پاداشتی چاکتر نیەو پلەی لەو بەرزتر نیە وە هیچ پلەو پایەکی بەرزو بەنرخ نیە مەگەر بۆ خاوەن زانینە و لە بەهەشت هەرچی بەش و بارەی باشەو پلەی بەرزە بۆ ئەوە [3] وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بە جوبرائیلم وت ئۆممەتەکەم چ کردەوەیەك بکەن لە هەمووی چاکترە ؟ فەرمووی فێرە زانین بن ووتم ئەدی دوای وی وتی تەماشاکردنی زانایان وتم ئەدی دوای وی وتی سەردانی زانایان دوایی وتی هەر کەسێ لەبەر خوا فێرە زانین بیو بەو زانستە مەبەستی چاك کردنی موسڵمان بیو مەبەستی دونیا نەبێ ئەمن کەفیلی ئەو کەسەیمە دەچێتە بەهەشتێ [4] .

<u>(ابن عمر) دەڵێ گەورایەتی زانا لەسەر نەزانان حەفتا</u> پلەی هەیە ، نێوان هەر

(١)- تفسير الكبير المجلد ٢ سورة البقرة الآية ١١٢
(٢) - فقه السنة ص٢٢ (٦) تفسير الخازن ص٥٠٤
(٣)- تفسير الكبير ص١٨٩
(٤) - المصدر السابق - سورة البقرة الآية ٣٣

پلەیەك سەرە ولاغێكی (٧٠) ساڵمیە ئەمەش لە بەر ئەوەیە شەیتان بیدعەیەكی دادەنێ زانا تێكی دەدا بەلام بەندەی نەزان ڕووی تێ دەكا ، ئیمامی (الشافعی) و (ابو حنیفة) وتوویانە ئەگەر زاناكان وەلی خوا نەبن دیارە خوا وەلی نیە ئەمەش ئەو زانایانەن كە كردەوە بە زانینەكەیان دەكەن [٥] . (سلیمان) وتوویەتی : هێشتا خەڵك خێری یان پێوەیە هەتا زانا مابێ و فێریان بكەن ، ئەگەر كەس نەما فێری‌یان بكا ئەو كاتە خەڵك لە ناو دەچن . بە (سعید بن جبیر)ی‌یان ووت نیشانەكانی لە ناو چوونی خەڵكی چی‌یە ؟ سعید ووتی نەمانی زانایانە (٦) ، (ضرار بن عمرو) ووتی ئەگەر قەومەك واز لە زانین و ئەهلی زانین بێنن و بچن لە محراب .

دانیشن و نوێژ بكەن وبەڕۆژو بن هەتا پێستەیان لەسەر هێسكیان ووشك دەبێتەوە ، ئەگەر پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەریان كرد (ﷺ) ئەوە لە ناو دەچن ، سوێند بەو خوایەی كە خوای ترنیە هیچ كەس نی‌یە بە نەفامی كردەوە بكا ئەوە فەسادی كردنی پترە لە چاكی كردن [١] . خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ وعلم آدم الاسماء كلها﴾ [١] واتە : خوا هەمو ناوەكانی فێری ئادەم كرد وە فەرموویەتی ﴿ انما یخشی الله من عباده العلماء﴾ [٢] واتە : بەڕاستی لە نێو بەندەكانی خوادا تەنیا زانایان لەو دەترسن ئایەتەكە بەڵگەیەكی ڕوونە لە سەر ئەوە كە تەنیا زاناكان خەڵكی بەهەشتن لەبەر ئەوەی ووشەی (انما) بۆ كورت هەڵێنان (الحصر) ە هەروا بەڵگەشە لەسەر هەندێ تەنیا زاناكان لە خوا دەترسن . وە ئایەتێكی تر ئەوەیە خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ ذلك لمن خشی ربه ﴾ [٣] واتە : بەهەشت بۆ كەسێكە لەپەروەردگاری خۆی ترسا بێ ، بەڵگەیە لەسەر

(٥) الصاوی علی الجلالین - مجلد- مجلد٢ - ص١٩٥

هەندێ بەهەشت بۆ خەڵکێ لە خوا ترسە پێچەوانەو دژایەتی دێ کە بەهەشت بۆ غەیری لە خوا ترسان بێ ، ئەو دوو ئایەتە بەڵگە نەلە سەر ئەوەی کەس خەڵکی بەهەشت نیە تەنیا زاناکان نەبن ، وەبزانە ئەو ئایەتە ترساندنەکی توندوتیژی تێدایە چونکە چەسپاندویەتی ترسان لە خوا پێویستی بەخواناسیە وە لە کاتی لە خوا نەترسان دیارە خوای نەناسی‌یە وە ئەو باسە ورنە دەبێ ئاگاداربێ چونکە ئەو زانینە هۆی لە خوا نزیکی و لە خوا ترسانە [2] . (الربیع بن انس) ووتی هەر کەسێ نەترسی ئەوە نەزانە . (مجاهد) وتویەتی : زانا ئەو کەسەیە کە لە خوای گەورە بترسێ ، (ابن مسعود) وتویەتی بەسە بە لە خوا ترسان زانابی وەبەلەخوا نەترسان نەزان بی ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی ﴿ من ازداد علما ولم یزدد هدیً لم یزید من الله الابعدا ﴾ [4] واتە : هەر کەسێ لە زانین زیادی کرد هیدایەتی لە گەڵ زیادی نەکرد ، ئەوە زانینەکە زیاتر لە خوای دور دەخاتەوە . (عبد الله بن عمر) ووتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خوای گەورە دەفەرموێ (ئەمن زانینی خۆم بۆ ئەوە لەسەر دانەناون پێ عەزابتان بدەم بەڵکو دەڵێم چۆن فێرە ئەو زانینە بوونە ئەوها برۆنە بەهەشت) وەهەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی دوو جۆرە خەڵك هەیە ، زاناو ئەوەی دەیەوێ فێرە زانین بێ ، خەڵکەکەی تر هەموو گێل (همج)ن و هیچ خێریان پێوە نیە [4] وە زۆر لە سۆفیەکان جیاوازی دەخەنە نێوان شەریعەت وەقیقەت ، دیارە ئەو سۆفیەلکانە زۆر نەفامن چونکە شەریعەت هەر هەمووی هەقیقەتە وە پێشەوا (امام غزالی) لە کتابی (أحیاء العلوم) دا ئاگاداری ئەو سۆفیۆکانەی کردوە و وتوویەتی :- هەر کەسێ بڵێ هەقیقەت پێچەوانەی شەریعەتە پاشی دیـــــار

(١) کتاب تلبیس ابلیس

(٢) تفسیر الکبیر - سورة البقرة الآیة ٣٢

(٣) تفسیر الکبیر - سورة الاعراف - الآیة ١٧٦

(٣) تفسیر الکبیر - سورة البقرة

پێچەوانەی نادیارە ئەو کەسە لە کافر بوون نزیك ترە نەك لە بڕواداری . [1]
پێویستە لەسەر بڕواداران پێغەمبەرو زاناو وەلیەکان و شەهیدەکان و پیاوە چاکەکانیان خۆش بوێ بەلأم نابێ داوای بە هاناوە هاتن و یارمەتی لێکردن و زیان لێ لادان و سودگەیاندنیان لێ بکەن ئەگەر وا بکەن ئەوە دەبنە هاوبەش پەیدا کەر (نعوذ بالله من الشرك) وە (معاوية) ووتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووییەتی ﴿ من يرد الله به خيراً يفقهه في الدين ﴾ [2] واتە : هەر کەسێ خوا بیەوێ توشی خێری بکا لە ئاین تێ دەگا . ئەو فەرموودەیە بەلگەیە لەسەر پلەو پایەی لە ئاین گەیشتن خوا نای داتە کەسێ مەگەر بیەوێ ئەو کەسە توشی خێرەکی گەورە بێ ، وە تێگەیشتن لە ئاین بریتی‌یە لە زانینی بنچینەکانی ئیسلام و حەلاڵ و حەرام و تێگەیشتنی مەرجەکان ، بەڵێ ئەگەر کەسێ لە ئاین نەگەیشت دیارە خوا تووشی خێری نەکردوە ، وە ئەو قسەیەش لە ریوایەتی (ابی یعلی) دا هاتووە (هەر کەسێ لە ئاین نەگەیشتبێ خوا هێنە گرنگی پێ نادا) وەئەو فەرموودەیە بەلگەیەکی روونە لەسەر ئەوەی شەرەفی لەئاین گەیشتن و ئەو کەسانەی لە ئاین گەیشتوون گەورەترە لە هەموو زانینەکانی ترو زانایەکانی تر . وە مەبەست لە ئاین گەیشتن ئەوەیە یانی لە قورئان و سوننەت گەیشتن [3] پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ﴿ لفقيه واحد أشد علي الشيطان من الف عابد﴾ [4] واتە : زانا لەسەر شەیتانی لە هەزار عابیدی بەهێزترە .

(ئاگاداریەکی گرنگ): — سالأنە لە قوتابخانەکان لە گشت قۆناغەکانی خوێندن ژمارەیەکی زۆر کتێب دابەش دەکرێت بۆ قوتابیەکان لە وانەش خوێندنەوە و تەفسیری قورئان و پەروەردەی ئیسلامی ئەمەش ئایاتی پیرۆزو ناوی خوای گەورەو ناوی پێغەمبەرو فەرمودە بەرێزەکانی تێدایە ، بەلأم ئەوەی جێگای داخە ماوەیەك دەبینی پەڕەکانی بەسەر جادەو کۆلأنان بلأو دەبنەوە یان ئەو پەڕانە بۆ گوڵەبەڕۆژە فرۆشتن بەکار دێت و پاشانیش فڕی دەدرێتە ڕێگاو بان و شوێنی پیس و خەلکی بەسەریا تێ دەپەڕن کە ئەمەش گوناهێکی گەورەو بەلأیە کە لەم زەمانە روو دەدات .

١ – تلبیس ص ٢٢٤ ٤ – متفق علیه ٢) سبل السلام / الجزء الرابع ٤) تفسیر الکبیر المجلد ٢٨ ص١٣٩

زانای گەورە (صاوی) لەسەر تەفسیری جەلالەین دەفەرموی بە گەورە دانانی ناوی خوا پێویستە هەروەها بە پاك زانین لە هەموو کەم و کورتی یەك بۆیە شەرع زانەکان دەڵێن کەسێك ناوی خوای گەورەی دیت لەسەر کاغەزێك نووسراو کەوتبوە شوێنێکی پیس بەلایا تێ پەڕی و بە جێ ی هێشت پێ کافر دەبێت چونکە بەسووك دانانی ناوەکانی خوا وەك بە سووك دانانی خوایە (پەنابەخوا) لەبەر ئەوەی ناو دەڵێلی ناولێنراوە بۆیە ڕووەدەکەمە ڕابەرو بەر پرسەکانی پەروەردەو فێر کردن و بریانی مامۆستا ی وانەکانی ئاینی چارەیەکی ئەم بابەتە گرنگە بکەن ئەوەش بە هاندانی قوتابیەکان بۆ پاراستن و بە پاك راگرتنی تەفسیری قورئان و کتێبە ئاینی یەکان لە کۆتایی سالیش وەرگرتنەوەیان لە قوتابیان و دانانی لە کۆگاکان بە شێوەیەك لە گەل پەرۆزی ئەم کتێبانە بگونجی هەروەها نەهێشتنی و لەناوبردنی چاپە کۆنەکان بە ڕێگەیەکی دروست و شەرعی نەك فڕیدان و بڵاوە پێکردنی .

بەشێك لە قەدەغە کردنی بیدعە و شتە تازە پەیدا بووەکان

خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ فماذا بعد الحق الا الضلال ﴾ [1] واتە : لە دوای هەق چی تر هەیە مەگەر گومرایی نەبێ هەروەها فەرموویەتی ﴿ ما فرطنا فی الکتاب من شئ ﴾ [2] واتە : ئێمە کۆتایی مان نەکردوە لەم کتێبەدا هەروەها فەرمویەتی ﴿ فان تنازعتم فی شئ فردوه الی الله و الرسول ﴾ [3] واتە : (جا ئەگەر لە شتێك تووشی جیایی بیرو باوەڕ بوون بیگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەر) واتە : قورئان و سوننەت هەروەها فەرمویەتی ﴿ وإن هذا صراطی مستقیماً فاتبعوه ولا تتبعوا السبل فتفرق بکم عن سبیله ﴾ [4] واتە : بەڕاستی ئەمە ڕێگای ڕاستی منە جا بەرەدا بڕۆن بەرێبازی تردا مەڕۆن ئەوەکو لە ڕێگای خوا جیاتان بکاتەوە . لە عائشە (رضی الله عنها) وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ﴿ من أحدث من أمرنا هذا ما لیس منه فهو رد ﴾ [5] واتە : هەر کەسێ شتێك لە فەرمانی ئێمە دابنێ ئێمە وامان نەکردبێ ، ئەوە دەدرێتە دواوە لە (عبد الله بن عمر) وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ﴿ من رغب عن سنتی فلیس منی ﴾ [6] واتە هەر کەسێ لە سوننەتی من لابدا ئەوە لە من نییە . (عرباض) وتی پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژەکی نوێژی بەیانی پێکردین دوایی ڕوی تێکردین و زۆر بە توندی ئامۆژگاری کردین هەتا چاو ئاویان لێ هات و دڵ ترسان پیاوێ وتی ئەی پێغەمبەری خوا دەڵێی ئامۆژگاری کردنی ماڵ ئاوایی یە بەڵێنی چیمان پێ دەدەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئامۆژگاریتان پێ دەکەم بە لە خوا ترسان و

١) یونس/ ٣٢ ٢) الانعام/ ٣٦ ٣) النساء ٥٩ ٤) الانعام ١٥٣ ٥) متفق علیه ٦) تلبی ابلیس

گوێ دان و فەرمانبەری کردن ئەگەر بۆ بەندەیەکی حەبەشیش بێ چونکە هەر کەسی لە دوای من بژی ناکۆکیەکی زۆر دەبینێ جا ئەست بە سوننەتی من و خەلیفەکانی ڕاشیدین بگرن و بەدان توند بیگرن و بشترسن لەو شتە تازە پەیدا بووەکان، چونکە هەرشتێ تازە پەیدا بوبێ بیدعەیە وەهەر هەموو بیدعەیەکیش گومراییە (٧) ابراهیم کوری یسر فەرمووی رەحمەتی خوای لێ بێ لە عاشە (رضی الله عنها) ووتی پێغەمبەر فەرمووی ﴿ من وقر صاحب بدعة فقد اعان على هدم الاسلام ﴾ واتە : هەر کەسێ ڕێزی بیدعە چی بگرێ ئەوە وەکو ئەوە وایە یارمەتی دابێ لەسەر وێران کردنی ئیسلام . بەڵێ بیدعە ورشە تازە پەیدا بووەکان لە دوایی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵەکانی پەیدا بوون (بیدعة) چی‌یە ؟ (بیدعة) بریتی‌یە لە کردنی کردەوەیەك کە لە سەردەمی پێغەمبەر و هاوەڵەکانی نەبووبێ دوایی خەڵك دایان هێنابێ .

وە ئەو بیدعانەی دەکرێ زۆر بەیان پێچەوانەو ڕووبەڕووی شەریعەت دەبنەوە ، بزانە کاتێ ئەبو بەکر و عومەر بە (زید بن ثابت) یان ووت قورئان کۆ بکەوە ، زەید پێ یانی ووت ئێوە چۆن کارێك ئەنجام دەدەن کە پێغەمبەری خوا نەی کردبێ لە (محمد بن ابی قاسم) لە (ابن البختری) یەوە پیاوێ هەواڵێ بە (عبد الله بن مسعود)دا کەوا کۆمەڵە کەسێك هەنە لە دوای نوێژی مەغریبێ لە مزگەوتێ دادەنیشن لە دوایدا پیاوێکیان دەڵێ ئەوەندە جار (الله اکبر) بکەن ئەوەندە جار (سبحان الله) بکەن ئەوەندە جار (الحمد لله) بکەن عبد الله ووتی ئەگەر ئەمجارە ئەوانەت دیت وایان دەکرد وەرە پێم بڵێ ، عبد الله چووە لایان دانیشت ، کاتێ گوێی لێ بوو عبدالله کوڕی مەسعود هەستا ، عبد الله پیاوێکی تیژ بوو ، ووتی ئەمن عبدالله ی کوڕی مەسعودم پێ دەڵێن سوێندم بەخوا بیدعەیەك و داهێنارە هەر مەپرسە چەند ستەمە چونکە ئێوە خۆتان بەزاناتر دەزانن لەهاوەڵەکانی موحەمەدی (ﷺ)جا (عمرو بن عتبە) ووتی (استغفرالله) عبدالله ی ووتی مادام وەیە پێویستە واز بێنن و ڕێگەی ڕاست بگرنەبەرو لەئەستۆی بگرن .

(٧) الاذکار للنوی ص ١٣٦

ئەگەر لەرێگەی ڕاست لادەن و بەلای ڕاستە یان چەپە دا بڕۆن ئەوە زۆر دوور گومرا دەبن . (١)(عمر بن عبد العزيز) وتی ئامۆژگاریتان دەکەم بەلە خوا ترسان ومیانە ڕەوی لەکاروبارەکانی خوای گەورەو پەیڕەو کردن لەسونەتی پێغەمبەر (ﷺ) و واز هێنان لەهەرچی ئەو شتانەی تازە پەیدا بوون پێشەوا (ابو حنیفة) (ﷺ) فەرموویەتی (لەسەرتا ئەبەقسەی هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بکەن و ڕێگەی سەلەف بگرنە بەر و وەلەهەرچی تازە پەیابووە بترسن چونکە هەر هەموویان بیدعەنە) . هەروەها پێشەوا (مالك) (ﷺ) فەرموویەتی (هەر کەسێك لەئیسلام بیدعەیەك دابنێ وەبڵێ بیدعەیەکی باشە (حسنة) میە ئەو کەسە پێی وایە (موحەمەد) خیانەتی لەئایندا کردوە چونکە خوای گەورە فەرمویەتی (اليوم اكملت لكم دينكم) واتە : ئەمڕۆ دینی ئێوەم تەواو کرد. ئابێ لەو ڕۆژی ئاینێك هەبووبێو ئەمڕۆش ئاینێکی تر هەبێ . وەپێشەوا (الشافعي) (ﷺ)دوای ئەوەی کتێبەکەی دانا فەرمووی دەبێ لەم کتابەی من هەڵە هەبێ چونکە خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ ولو كان من عند غير الله لوجدوا فيه اختلافا كثيرا ﴾ واتە : ئەگەر قورئان لەغەیری خواوە بوایە لەوا ئیختلافێ زۆریان ئەدی هەر چیتان دیت لەکتێبەکەم پێچەوانەی قورئان و سونەت بێ ئەوە ئەمن لەقسەکەی خۆم دەگەرێمەوە وەپێشەوا (احمد بن حنبل) (ﷺ) فەرموویەتی (بنچینەی سونەت لای ئێمە دەست گرتنە بەهەرچی هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری ڕۆیشتن و چاو لێکرنیانە واز هێنانە لەبیدعە کردن چونکە هەرچی بیدعە هەیە گومڕاییە . [١] (حذيفة بن يمان) وتی هەرچی بەندایەتیەك هەیە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) نەیان کردبێ ئێوەش مەیان کەن . وەبزانە سەرچاوەی ئەو بیدعانە کەدەکرێن چەند شتێکە :- یەکەم: فەرموودەی بێ هێز (الضعيف) دووەم :فەرموودەی هەڵبەستراو (الموضوع) سێیەم :- عادەت و وشتی خورافیات نابێتە بەڵگەی شەرعی دەبێ بزانی ئەو بیدعانە ترسناکی یان لەیەك ئاست

١) تلبيس ابليس

دانیه ، بەڵکو چەند پلەی هەیە . هەندێکی هاوبەش پەیدا کردن و کوفری ئاشکرایە هەندێکی ناگاتە هاوبەش پەیدا کردن بەڵام پێویستە بزاندرێ بچوکترین بیدعە کەپیاو لەئاینی دابینی دوای ڕوون بوونەوە حەرامە. حەرام بوونی بیدعە لەکردنی بیدعەکەنی‌یە ، وەکو هەندێ خەڵك وای تێ دەگەن وەبیدعە کردن تەنیا شتێکی ناپەسند (مکروه) نی‌یە . ئەگەر نا چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ ﴿ کل بدعة ضلاله وکل ضلاله فی النـار ﴾ یانی بابای خاوەن بیدعە گومڕایە وەگومڕاش جێگەی ناو ئاگرە ، بەڕاستی کارو کردەوەی بیدعە کردن زۆر ترسناکە کەچی زۆربەی خەڵك لێ بێ ئاگانەو نایزانن مەگەر کۆمەڵێك لەزانا هوشیارەکان نەبێ ، وەئەو بەڵگەیە بەسە لەسەر ترسناکی بیدعە کردن کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ﴿ ان الله احتجز التوبه عن کل صاحب بدعه حتى یدع بدعته ﴾ [4] واتە : خوای گەورە تۆبە لەخاوەن بیدعە قەدەغە دەکا هەتا واز لەبیدعەکردنەکەی دێنی (سهل بن عبدالله التستری) ووتویەتی پێویستە لەسەرتان بەقسەی هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و سونەتی پێغەمبەر بکەن ، بەڵام دەترسم زەمانەك دابێ کەپیاوێك باسی پێغەمبەرو چاولێکردن لەکردەوەکانی بکا لەهەموو ڕوویەکەوەزەمی بکەن و لێی بڕەوێنەوە و بەخەی لێ هەڵ تەکێنن و زەلیلی بکەن وسوکایەتی پێ بکەن (وەکو ئەو زەمانەی) هەروا (سهل) دەفەرموێ بیدعە کردن لەسەر دەستی‌ئەهلی سونەت ئاشکرا بوو ، چونکە ئەهی سونە ئاشکرایان کردو قسەیان لێ کردو قسە کانیان ئاشکرا کردو لەنێو خەڵکی بڵاویان کردەوە ئەوەی نەشی بیستبوو گوێی لێبوو ، ئەگەر وازیان لێ بێنابایە و قسەیان لێ نەکردبایە ڕەنگە کەس نەی دەزانی و هەر کەسە لەسەر ئەو شێوە دەمرد کەلە دڵی دابوو هیچیان لێ ئاشکرا نەدەبوو لەگەڵ خۆی دەیبردە ناو گۆڕەکەی . هەروا (سهل) دەفەرموێ هیچ کەستان باسی بیدعە کردن ناکا هەتا

(٣)انیس المؤمنین ص٧٥

(٤) رواه الطبرانی والضیاء المقدس فی الاحادیث المختاره وغیرها بسند صحیح وحسن

شەیتان دێ بۆی باسی بەندایەتی یەك دەكاو پێی دەكا دوایی دێ بۆی باسی بیدعەیەك دەكا جا ئەگەر قسەی لەبیدعەكە كرد وەخەڵكی بۆ بانگ هێشتن كرا ئەوە ئەو بەندایەتیەی بۆ خوای كردبوو لێی رەش دەكرێتەوە . (سهل لەدرێژەی قسەكانی دەفەرمووێ هیچ فەرموودەیەك دەربارەی بیدعە چیەكان لەو فەرمودەیە توندو تیژ تر نی یە . ﴿ حجب الله الجنة من صاحب البدعه ﴾ واتا خوا بەهەشتی قەدەغە كردووە لەبیدعە چیان ﴿ الفضیل بن عیاض ﴾ وتویەتی (هەر كەسێك پیاوی بیدعەچی خۆش بوێ خوای گەورە كردەوەكانی پوچەڵ دەكاتەوە ورۆناكی ئیسلامەتی لەدڵی دێنێتە دەرەوە . (سفیان الثوری) وتویەتی بیدعە كردن لای شەیتانی لەگوناح كردن خۆشەویسترە ، چونكە گوناح كردن تۆبەی لێ دەكرێ بەلآم بیدعە كردن تۆبەی لێ ناكرێ . (ابن عباس) فەرمووی ئێوە تەماشای ئەو پیاوە بكەن كەئەهلی سونەتەو خەڵكی بۆ لای سونەت بانگ دەكاو قەدەغەی لەبیدعە كردن دەكا (ابو عالیه) وتویەتی لەسەرتان پێویستە وەكو هاوەڵەكانی پێغەمبەر (ﷺ) وابن پێش ئەوەی پەرتەوازەتان تێ بكەوێ ، ئەرهاش لەسەر زانایان پێویستە بەخەڵكی رابگەیەنن بۆ خەڵكی روون بكەنەوە كەچی حەلالەو چی حەرامە چونكە خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ لتبيننه للناس ولاتكتمونه ﴾ [1] واتە : حەتمەن بۆ خەڵكی بەیان كەن و نەی شارنەوە هەروا فەرمویەتی ﴿ وان هذا صراطي مستقيما فاتبعوه ولاتتبعوا السبل فتفرق بكم عن سبيله ﴾ [2] لەپێشەوە كراوتە كوردی. (عبدالله بن مسعود) وتی پێغەمبەر (ﷺ) خەتەكی راستی بۆ راكێشاین دوایی فەرمووی ئەمە رێگەی خوایە دوای چەند خەتۆكەكی لەلای چەپ و راستەوە لێكردوە ، دوایی فەرمووی ئەو خەتۆكانە هەریەكێكیان شەیطانەكی لەسەرە خەڵكی بۆ لای بانگ دەكەن دوایی ئەم ئایەتەی سەرەوەی خوێندەوە ﴿ وان هذا ... ﴾ وەئیستا بۆ

---

(١) تفسير القرطبي المجلدي ص١٣١

(٢)الآيه ١٥٣ سورة الانعام

خوێنەری خۆشەویست.هەندێك نمونەی ئەو بیدعانە دەینینەوە کەوا دەکەونە ناو چوار چێوەی خەتۆکەکان کەبەم هێلکاری یەی لای خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە .

١) گۆر پەرستەکان بەخەڵکی نەزان دەڵێن وەرن هەرچیو مەبەستە لەم گۆڕە داوا بکەن وەکومنداڵ بوون وشیفای نەخۆش دان وهەرچی پێویستی‌یە کتان هەیە ، گومانیان وایە ئەو گۆڕانە توانایان هەیە لەسەر سود گەیاندن و زیان لادان ، ئەو نەزانا نەداوای شتی وا لەو گۆڕانە دەکەن کەدەبێ بەندە داوای شتی وا هەر لەخوا داوا بکا خۆتوند دەکەن بۆ چوونە سەر ئەو گۆڕانەو و داوای شتی وایان لێ دەکەن ، وەکو چۆن نەفامەکان داوایان لەبتەکان دەکرد ﴿ فانا لله وانا اليه راجعون ﴾

٢) خاوەن پەڕۆکی سەوز دەڵێتە نەفامەکان ئەو پەڕۆکە سەوزەی لە دەستتان ببەستن و بەخۆتانی وەکەن دەرمانی هەموو دەردێکە وبە هەموو بەلایەکیش ڕزگار دەکا خێزانی عبدالله ی کوڕی مسعود وتی عبد الله هاتەوە داوەکەی دەستی دیتم ، وتی خانم ئەوە چی‌یە وتم ئەوە نوشتەیە بۆم کراوە وتی عبد الله داوەکەی دەستی پچڕاندم دوایی وتی ژن و منداڵی عبد الله بێ نیازن لەهاوبەش پەیدا کردن بۆ خوا گوێم لەپێغەمبەری خوا بووە دەی فەرموو ﴿ ان فی الرقی والتمائم والتولە شرکا﴾ واتە : بێ گومان نوشتە و کلاون وکوژەکە و چەوری و شیرینی هاوبەش پەیدا کردنە

٣) (بابە خەلیفە) دەڵێ مەدەد(باپیر) هاوارە دەروێشەکان دوای دەکەون و دەست بەسەما کردنێ دەکەن و دەور بەری سەرمەست دەبن (باب خەلیفە) وانی‌یە خۆ (باپیر) ناوەك نیە لەناوەکانی خوا ، وەداوای بەهانا وەهاتن لەمردوی گۆر هاوبەش پەیدا کردن و کوفری ئاشکرایە ، بەڵگەش فەرموودەی خوای گەورەیە .

—

﴿ ولاتدع من دون الله مالاينفعك ولايضرك فـان فعلت فـانك اذاً مـن الظـالمين ﴾[1]

واته: وەبێجگەلەخوا هاوار بۆ شتێ کەنەسودت پێ دەگەیەنێ ونەزیان مەبە جا ئەگەر ئەو کارە بکەی لەو کاتەدالەستەمکارانی .

٤) (کاکە دەرویش) شیرو زەرگی لەخۆی دەداو ئاگروشوشەی دەخوا وەتێ دەگا ئـەوە کەرامـەتی وەلییەکانەکـەچی نـازانی شـیر لـەخۆ دان و ئـاگر خـواردن سیفەتیخەڵکی جەمەندەمێیە ، لە (ابن کثیر) یان پرسـیدەربارەی زوهـد وتـی زوهد دەست گرتنە بەسونەتوخۆ وەکو هاوەڵکانی پێغەمبەر (ﷺ) لێکردنە .

ئەگەر واز لەم کارە بهێنێت و خۆە خەریك بکات بە فێر بوونی پیشەیەك سوودی لێوەگرێت و سوود بە خەڵك بگەینێت زۆر باشترە وەك ئەوەی ببێتە کارەبا لیزانێك ، ئاسنگەری دارتاشی ... هتد ، یان ببێتە ئەندازیارێك وڵات ئاوەدان بکاتـەوە یـان دوکتۆرێـك چارەسـەری خـەڵکی بکـات چونکـە بەشـێك لـەم دەرویشانە گەنج و منداڵ و لوتاین ، دیارە کە باشترین کەسیش ئەوەیە کە سوودی بۆ خـەڵك هـەبێت (مەبەست لە دروست کردنی مرۆڤ نەزانی چاو لێکەری زو خۆبەگەورە زانین و یاخی بوون نی یە ئەوانە هەمووی رووشتی ئاڵات و درندەن مەبەست لـــە دروست کردنی مرۆڤ زانین دانـــــانی و مل کەچی یە ﷺ

٥) فتـوا دانـی بـەناو مـەلای نەزانـە ، فتـوا دەدا بـەبێ‌دەلیل و خوێندنـەوەی تەفسیرەکان و فەرمودەراستەکان و بێ ئاگا لەشـەریعەت (علـی بـن ابیطـالب) فـەرموی : زەمانـەك بەسـەر خـەڵکی دادێ‌خراپـترین خـەڵکی ئـەو زەمـانی مەلایـەکانن فتنـە لـەوان دەردەچـی و هـەر بـۆ وانیـش دەگەڕێتـەو یانی‌مـەلاکان زانانەو کەچی هەڵناستن بەو پێویستی یانەی‌دەیزانن . [2] (زیاد بـن جدیـر) وتـی عومـەر پـێ‌ی وتەدەزانـی ئیسـلام بـەچی وێـران دەبـی وتم نـەخێر ، عومـەر وتـی

بە پێ هەڵخلیسکانی مەلاو دەمە دەم کردنی دووڕوان بە قورئان و پیشەوای گومراکەن(٣)

بەشێك لە شوبهەی گۆڕ پەرستان و وەڵام دانەوەیان خوای گەورە فەرموویەتی

﴿ ویعبدون من دون الله مالا یضرهم ولا ینفعـهم ویقولـون هـؤلاء شـفعاؤنا عنـد الله ﴾ [1]

واتـە : وە بێجگە لـە خوا گەلێ شتی تر دەپەرستن کە نـەزیانیان پـێ دەگـەێنێ نەسوودێکیان پێ ئەدەن ئەڵێن ئەمانـەن لای خوا تکا کارمـانن ، هاوبـەش پەیدا کەرەکان ئەو بت و پەیکەرانەیان لەسـەر شێوەی پێغەمبـەرو پیاوە گـەورەکانیان دروست کردبوو ، وەگومانیشمان وابوو هەر کات ئەوان خەریکی بەندایەتی ئەو

١) یونس /١٠٦ ٢) تفسیر القرطبي ج١٢ص٢٨٠ ٣) رواه الدامي ٤) تفسیر الکبیر للأمام الرازي

پەیكەرانە بن ئەوە ئەو پیاوە گەورانە شەفاعەتیان بۆ دەكەن ، وە شێوەی ئەو بت پەرستیە لەو زەمانەش دا هەیە ، خەڵكێكی زۆر گۆری پیاوە چاكەكان بەگەورە دەزانن ، باوەریان پیان هەیە و وەتیێ دەكەن ئەگەر گۆرەكانیان بە گەورە بزانن ئەوا گۆرەكان لەلای خوای گەورە شەفاعەتیان بۆ دەكەن .[1] لەبەر گۆرەكانیان دەپارێنەوە ، وە ئەگەر یەكێك پێیان بڵێ وەمەكەن ئەوە هاوبەش پەیدا كردنە لێی تورە دەبن و دەڵێن چۆن تۆ بە ئێمە دەڵێ هاوبەش پەیدا كەر ئێمەش وەكو تۆ شایەتی دەدەین و دەڵێن (لا إلــه إلا الله محمد رسول الله) و وە هەر خوا رسق دەرەو هە ر دەچینەوە لای خوا ، مەبەستی ئێمە هەر ئەوەیە ئەو پێغەمبەرانە و پیاو چاكانە شەفاعەت كارن و لەلای خوا شەفاعەتمان بۆ دەكەن چونكە ئێمە گوناحبارین و پیسین و هیچ نرخ و رێزێكمان لای خوانیە هەتا داوا لە خوا بكەین هەتا لە گوناحەكانمان خۆش بیو پێویستی یەكانمان بۆ جێ بەجێ بكا یازیانمان لێ لا بدا بۆیە ئێمە شەفاعەت بەوانە دەكەین و دەیانكەینە (وەساتە) لە نێوان خۆمان و خوماندا چونكە ئێمە دەزانین پلەوپایەی ئەو زاتانە لای خوا چەند گەورەیە مەبەستیان پێ لەو زاتانە وەكو وەزیری لای پاشایانە . ئێمەش لە وەلامی ئەو نەزانانە دا دەڵێن یەكەم :- بەراستی بیرو باوەرتان هەرـهەمان بیرو باوەری هاوبەش پەیدا كەرەكانە كە خوای گەورە هەواڵی هاوبەشی پەیدا كەرەكانی بە ئێمە راگەیاندوە فەرموویەتی ﴿ ويعبدون من دون الله مالا يضرهم ولا ينفعهم ويقولون هؤلاء شفعاؤنا عنـد الله ﴾ كراوەتە كوردی وەباوەری ئەو هاوبەش پەیداكەرانەش هەر وابوو كە دەیانگووت خوا بەدیهێنەرمانەو رسق دەرمانە بەڵام چونكە بتیان دەپەرست تا لە خوایان نزیك بكاتەوە و شەفاعەتیان بۆ بكەن بەراستی ئەو نەفامانە خوای گەورەیان هەروەكو (مرۆڤ) ئانابوو ، خوایان بە مرۆڤ چواند بوو یانی (هاوبەش پەیدا كردن و پێك چواندنیان) پێكەوە كۆ كردبۆوە نەیان دەزانی خوا قەت بە مرۆڤ پێوانە

(1) یونس / ١٨

ناکرێ ، ئایا خوا وەزیرو گزیرو پیشتیوانی هەیە هەتا بەندە (تەوەسوڵی) یان پێ بکەن و لای خوا شەفاعەتیان بۆ بکەن ، بەڕاستی وەزیرو گزیر بۆ خوا ڕەوادان فەسادترین پێوانە و پیسترین شتە ، دەبی هیچ کەس هەبێ لەو کەسانە نەفام ترو کافر تر بێ ! [٣] خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ وإذا سالك عبادي عني فاني قريب اجيب دعوة الداع اذا دعان فليستجيبوا لي وليؤمنوا بي ﴾ واتە : وەکاتێ بەندەم لە بارەی منەوە لە تۆ پرسیار ئەکەن من نێزیکم پاڕانەوەی دوعا کەران لە کاتی بانگم بکەن وەڵام ئەدەمەوە جا ئەبێ ئەوانیش وەڵام بدەنەوەو بڕوام پێ بێنن جا خوا چ پێویستی بە (وەساتە) هەیە کە بفەرموێ ﴿ نحن أقرب اليه من حبل الوريد ﴾ واتە : وە ئێمە لە ڕەگی گەردەنی بەو نێزیك ترین .

واسیتە بۆ ڕاگەیاندنی ئاینی خوا تەنها پێغەمبەرە بەڕێزەکانن (عليهم الصلاة و السلام) بەڵام واسیتە بۆ لادانی زیان و سود بەخشین ئەوە بیرو باوەڕی هاوبەش پەیدا کەرەکانە چۆن دەبێ واسیتە هەبێ لە نێوان بەندە و خوا کە خوا بفەرموێ ﴿ ادعوني استجب لكم ﴾ واتا بانگم بکەن وەڵامتان دەدەمەوە خۆ خوای گەورە نەی فەرمووە بانگ لەوەلیەکانم پێغەمبەرکانم بکەن یان داوای بە هانا وەهاتن لە خۆشەویستان و پیاوە چاکەکانم بکەن بەڵکو فەرموویەتی بانگ لە من بکەن ڕەکو لە فەرموودەی خۆشەویست داهاتووە ﴿ من لم يسال الله يغضب عليه ﴾ واتە : هەر کەس لە خوا داوا نەکا خوا لێی توڕە دەبی . خۆ پێغەمبەر (ﷺ) نەیفەرمووە داوا لە پێغەمبەرەکان بکەن هەتا ئەوانیش بۆتان لە خوا داوا بکەن ، یا (تەوەسول) بە پێغەمبەران و پیاو چاکان بکەن . وە هاوبەش پەیدا کەران دەڵێن ئێمە شایستەی ئەوە نینە خەریکی بەندایەتی خوا بین مادام ئەوەیە ئێمە خەریکی بەندایەتی هەندێك لە بەندە نزیکەکانی خوا دەکەین وەکو فریشتەکان ، یا پەیکەری فریشتەکان وێنەیان بۆ دروست دەکەین خەریکی بەندایەتی

---

(٢)تفسير الكبير

(٣) كتاب تطهير الجنان لاحمد بن الشافعي .

کردنیان دەبین لە سەر ئەم (تەئویل) کاری‌یە . کەچی خوای گەورەش لەو لاوە بەڵگەی هێنانەوەتەوە لە سەر پڕو پوچی قسەکانیان لەم ئایەتە پیرۆزەدا ﴿ قل ادعوا الذين زعمتم من دونه فلا يملكون كشف الضر عنكم ولا تحويلا ﴾ [1] واتە : بەڵێ گومانتان دەکرد کە غەیری خوا پەرستراوی تریش هەیە نەکۆسپێکیان پێ لا دەچێ و نەگۆڕانیان لە دەس دێ هەروا لە ئایەتێکی تر بەڵگەی قەدەغە کردنی داوای بەهانا وەهاتن لە غەیری خوای هێناوەتەوە و فەرموویەتی ﴿ لا تدع من دون الله مالا ينفعك ولا يضرك فان فعلت فانك اذا من الضالمين ﴾ واتە : بانگ مەکە بێجگە لە خوا نەسودت پێ دەگەێنێ نەزیانت لێ دەدا جا ئەگەر ئەو کارەت کرد ئەوا تۆ لە ستەمکارانی وە بەڵگەی قەدەغە کردنی داوای یارمەتی کردن لە غەیری خوا هێناوەتەوە و فەرموویەتی ﴿ اياك نعبد واياك نستعين ﴾ یانی خوایە بەندایەتی تایبەتە بە تۆوە بێجگە لە تۆ هیچ کەس ناپەرستین وە داوای یارمەتی هەر لە تۆ دەکەین لە کارو باری دین و دونیادا داوای یارمەتی لە هیچ کەس ناکەین بێجگە لە تۆ هەروەکو لەو فەرموودە دا هاتووە ﴿ اذا سالت فاسال الله و اذا استعنت فاستعن بالله ﴾ واتە : ئەگەر داوات کرد هەر لە خوا داوا بکە وە ئەگەر داوای یارمەتیت کرد هەر لە خوا داوا بکە . ئەگەر ئەو بیدعە چی یانە لەو ئایەت و شەرحی ئەو فەرموودانە تێ بفکریبانە دەیانزانی داوای بەهانای وەهاتن و داوای یارمەتی کردن لە غەیری خوا هاوبەشی پەیدا کردنە بۆ خوا و کوفری ئاشکرایە ئەو کەسەی داوای بەهاناوە هاتن لە پێغەمبەر (ﷺ) دەکات و بانگ لە غەیری خوا دەکا وەکو ئەوە وایە بڵێ ئەی پێغەمبەری خوا لەو ناخۆشی‌یە رزگارم بکە ، یا عبد القادر یان یا دسوقی یان یا رفاعی یان یا بدوی ، وەهیچ شك و گومانی تێدا نیە ئەو کەسەی داوای بەهانا وە هاتن لە غەیری خوا دەکا دێتە ناو بازنەی ئەم ئایەتە جا توخوا مرۆڤی ژیر چۆن داوای بەهاناوەهاتن دەکا کە ئەو ئایەتە دەخوێنێتەوە یا گوێی لێ دەبێ جــــا ئـەو

(١) الاسراء / ٥٦

ئەسەی رکوع یا سوجدە ئەبا بۆ مرۆڤی زیندوو یا مردوو یانەزر ئەکا بۆ غەیری خوا وەکو ئەوە نەزری بۆ گۆڕی وەلی پیاو چاکان ئەکەن یان لە ئەورەی گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) یا وەلییەکانی ئەسوڕێنەوە یان داوای بە هاناوە هاتنیان لێ ئەکەن لە ناخۆشی و .

ئەڵێن یا رسول الله ئەو ناخۆشییەم لێ لادە یا ئەڵێ مەدەد عبد القادر یا ئەڵێ یا گەیلانی یان داوای شتێك لە غەیری خوا ئەکەن کە هیچ کەس توانای لە سەر کردنی نیە مەگەر خوا نەبێ بۆ نموونە داوای چا بوونەوەی نەخۆشی لێ ئەکەن ، یا کوڕیان بداتێ یا ئەو شتانەی وونیان کردوە بۆیان بدۆزێتەوە ، یان ئەو ناخۆشییەی بەسەریان هاتووە لە سەری یان لاباو وێنەی ئەو شتانە کە لە هێزو ئەسەلاتی مرۆڤ دانیە بیان کاتن ، چا بە کردنی هەر یەکێك لەو کارانە ئەو کەسە ئەبێتە هاوبەش پەیداکەری گەورە بۆ خوای تاق و تەنیا ، کە خوا ئەت لێی خۆش نابێ مەگەر بە تۆبە کردن نەبێ هەروەکو فەرموویەتی ﴿ ان الله لا يغفر ان يشرك به ويغفر ما دون ذلك لمن يشاء ﴾ . واتە : بەڕاستی خوا لەوە خۆش نابێ کە هاوبەشی بۆ دابنرێ وەگوناحانی تر خۆش نەبێ بۆ هەر کەسێ بیەوێ . نەچەسپاو ، تەوەسول کردنی هەندێ پێغەمبەران بە هەندێکیان هەروەکو ئەمش چەسپاوە هاوەڵەکان تەوەسولیان بە پێغەمبەر (ﷺ) کردبێ چونکە تەوەسول کردن دوو جۆری هەیە ، جۆری دروست و جۆری نادروست ، ئەو جۆرەی دروستە ئەویش ئەبێتە دوو جۆر ، جۆری یەکەم بریتییە لە تەوەسول کردن بەباوەڕ بە خواو باوەڕ بە پێغەمبەرو بە کردەوە باشەکان ئەمەش کێشەی لەسەر نیە لە نێوان زاناکان نە لە ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) وە ئەلەدوا مردنی ، جۆری دووەم : لە تەوەسول کردنی دروست تەوەسول کرنە بە دوعای پێغەمبەر(ﷺ) هەتا لە ژیاندا مابوو وەکو ئەو پیاوەی هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) داوای لێ کرد لە خوا داوای چاك بوونەوە بکا یا وەکو ئەو ئەعراییەی داوای لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد داوای باران بارین یان بۆ بکا ، ئەوە ئەو

تەوەسولەیە کەبە دوعای پێغەمبە (ﷺ) بوو بەڵام لەدوایمردنی ئەو تەوەسول کرنە نەماوبڕا. جا دروست نیە بابای موسلمان بچێتە سەر گۆڕی پێغەمبەر(ﷺ) و داوای پێویستی لێ بکا یاداوای لێخۆش بوونی گوناحەکانی لێبکا یا داوای زیان لادانی لێبکا بەڵگەش لەسەر هەندێ لەخەلافەتی عومەری کوری خەتاب باران نەدەباری عومەریش ویستی داوای باران بارین بکا چوودواوای لە عباسی کوری عبدالموتەلیب کرد دوعایان بۆ بکا بارانیان بۆ بباریێ جا فەرمووی (ئەی خوایە ئەگەر باران نەباری یبایە ئێمە تەوەسولمان بە پێغەمبەرەکانمان دەکرد جا بارانمان بۆ دەباری بەڵام ئەمرۆ تەوەسول بەمامی پێغەمبەر دەکەین ، پاشان ووتی ئەی عباس هەستە داوای باران بارینمان بۆ لە خوا بکە (١) . جا ئەگەر تەوسول لە دوایی مردنی پێغەمبەر (ﷺ) دروست بایە بە گۆرەکەی ئەوە هاوەڵەکانی لەچوونە سەر گۆری پێغەمبەر(ﷺ) لایان نەدەدا و نەدەچوونە لای عباس ، ئەوە شتێکی ڕوونەو لە کەس شاراوە نیە مەگەر وکراوە کەسێ رەگەز پەرستیو عینادی چاوی کوێر کردبێ چووبینە دوو ڕێگەی گومراو فەساد(٢)ووتراوە تەوەسول (پاڕانەوە) بیدعەیە کوفر نی یە بەڵکو کوفر داوای فریاکەوتنە(الاستغاثة) بە پێغەمبەر یان کەسیتر هەروەك چەند جارێ تر باس کراوە. هیچ فەرموودەی ڕاست (صحیح) یان چاك(حسن) نەهاتووە لەبابەت پاڕانەوە لە مردووان بەڵکو ئەوەی ووتراوە یان لاوازە (ضعیف) یان دانراوە . مردووەکان نەگوێ یان لەهیچە ئەوەلامیش دەدەنەوە ،خوای گەورە دەفەرمووی(ان الله یسمع من یشاء وما انت بمسع من في القبور) پاکی بۆ ئەوخوایەی کە دڵ و دەروونی ئەو گۆر پەرستە دەجالە ڕێ لێ وون بوانەی کوێر کردووە کە زیندوو و مردوو وەك یەك دادەنێن هەتا ووتیان روحەکان دوایی جیا بوونەوەیان لە لاشە دەمێننەوە هەڵس و کەوتێکی تەواو دەکەن ، ئەمانە چەند نەزانن کافرن ئەگەر ئەم مردووانە ئەوها زیندوون نابوایە لە گۆر بنرێن و ماڵەکانیان دابەش بکرایە وژنەکانیان مێردیان (شوویان) بکردایە (بێجگە لە پێغەمبەر (ﷺ) ئەو حەدیسەی (توسلوا بجاهي پاڕانەوە بە خاتر من بکەن) (ابن القیم) وتوویەتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر سەردانی گۆری بکردبایە بۆ ئەوەی زیارەتی دەکرد دوعایان بۆ بکاو ڕەحمەتیان بۆ بنێرێو داوای لێ خۆش بوونیان بۆ بکا ، بەڵام هاوبەش پەیدا کەران سەر پێچیان کردوە لەو شێوە چوونە سەر گۆرەی پێغەمبەر (ﷺ) دەیکرد ، هاوبەش پەیدا کەران لە چوونە سەر تەنیا ئەوەیان هێشتۆتەوە کە دووعا لە مردووەکە بکەن و

سوێند لەسەر خوا بخۆن بە گۆڕی مردووەکە داوای پێویستی یان لێ دەکەن و داوای یارمەتیان لێ دەکەن و ڕوویان لێ دەکەن بە پێچەوانەی هیدایەتی پێغەمبەر (ﷺ) چونکە هیدایەتی پێغەمبەر (ﷺ) لە چوونە سەر گۆڕ یەکتا ناسی (التوحید) چاکە کردن بۆ مردووەکان بەڵام چونکە سەر گۆڕی ئەو هاوبەش پەیدا کەرانە خراپەکاری یە هەم بۆ خۆتان هەم بۆ مردووەکان دوعا کردن لەم شوێنە سێ جۆرە ، یان ئەوەتا دوعا بۆ مردوەکە دەکەی یا ئەوەتا دوعای لێ دەکەی یا ئەوتا دوعای لای دەکەی ! هاوبەش پەیاد کەرەکان دەڵێن دوعا کردن لەلای مردووی گۆڕ لە دوعا کردنی مزگەوت گەلێ باشترە ، وە هەرکەسێ بیربکاتەوە لە هیدایەتی چوننە سەر گۆڕی پێغەمبەرو هاوەڵەکانی و لەگەڵ چوونە سەر گۆڕی هاوبەش پەیدا کەران ئەوا گەلێك لێك دوورە (١) .

بەشێك لە ڕاست کردنی گۆڕ

لە (ابی حیاج الاسد) ووتی عەلی ئەمنی نارد ووتی بۆ شتەت دەنێرم پێغەمبەر منی بۆ نارد بچم هەرچە گۆڕێکی بەرز هەیە ڕاستی بکەم لەگەڵ زەوی وە هەر پەیکەرێکیش هەیە وردو خاشی بکەم (٢) وە چەند بینایەی جوان هەیە لەسەر گۆڕان دروست کرایە کە مایەی فەسادیە ئیسلام بۆی دەگری لەوانە بیرو باوەری بابای نەفام بۆ خانوو سەقفی سەر گۆڕان وەکو بیروباوەر کافرەکان وایە بۆ بتەکانیان ، گومانە ئەو نەفامانەش ئەو هایە ئەو گۆڕانە دەتوانن سود بگەیەنن و زیان لابدەن ، گۆڕەکانیان کردۆتە جێگەی ڕازو مەبەست بۆ بە جێهێنانی پێویستی یەکانیان و کردویانەتە پەناگە بۆ سەرکەوتنی داواکانیان ! وە دوای شتی وا لە گۆڕەکان دەکەن کە بەند دەبێ شتی وا هەر لە خودا داوا بکا ، دەچنە سەر گۆڕەکان دەستیان پێ دادەهێنن و داوای بەهاناوەهاتن یان لێدەکەن بەم جۆرە وازیان لە هیچ شتێك نەهێناوە کەلە سەردەمی خۆی هاوبەش پەیدا کەرە نەفامەکان بۆ بتەکان دەیانکرد (فانا الله وانا الیە راجعون) خەڵك ئەو هەموو شتە خراپە و پیسانە دەکەن بەڵام هێشتا نابینی نە مەلایەك نەفەقێ یەك نە ئەمیرەك نە وەزیرەك عیرەتی پارێزگار

١) رواه البخاری
٢) کتب تطهیر الجنان
٢) فقه السنة ص٥٦٦
٤) قال المنذری الحدیث اخرجه مسلم والترمذی والنسائی

ئاینەکەی بیگری‌و بێتە دەنگ وە زۆر جار وەیە فتنەم بۆ دەگێڕنەوە کە هیچ گومانی تێدا نیە زۆر لەو گۆڕ پەرستانە ئەگەر لەلایەن نەیارەکە سوێند بدرێ بەخوا ، ئەوە سوێند بە درۆ دەخوا ئەگەر بەسەری شێخەکەی‌بپێڕێ یابەسەری فلانە وەلی کە باوەڕی پێ‌ی هەیە دەمی تێك دەئاڵێ و زمانی دەگیرێ و سوێند بەسەریان ناخواو دان بەهەقە کە دایەنێ ئەوە یەك لەو شتانەیەکە بەڵگەیە لەسەر هاوبەش پەیدا کردنە کەیان بۆ خوای پاك و خاوێن ، کە گەیشتۆتە سەروەی هاوبەش پەیدا کردنی ئەو کەسانەی ئەو کەسانەی کە دەڵێن خوا دووی دووەمانە یا سیَ‌ی سیَ‌یەمانە .

ئەی زانا موسڵمانەکان ئەی سەرۆکەکان چ گوناحێ لەئیسلام لەوکفرە گەورەترە ، وەچ بەلآیەك بۆ ئەو ئاینە زیانی زیاترە لەبەندایەتی کردنی غەیری خوا ، وەچ گوناحێك هەیە موسڵمان توشی بیَ وەکو ئەو موسیبەتە بێ ، وەپێویستە ئینکار بکرێ باشە ئەگەر ئینکاری ئەم هاوبەش پەیداکردنە ئاشکرایانە نەکرێ دەبی ئەدی ئینکاری چی بکرێ .

(الحافظ ابن القيم)له (زاد المعاد)له (فضل قدوم وفود العرب) دەڵێ : حاڵی دیتنی ئەو خانوو قەفەسانەی لەسەر گۆرەکان دروست کراون کەلەغەیری خوا بەندایەتیان بۆ دەکرێ‌و خاوەنەکانیان دەکەنە هاوبەشی خودا ڕەوانیە مانەوەیان لەئیسلامدا بەڵکو پێویستە وێران بکرێن ، وەدروست نیە پارەو پول و زەویان بۆ وەقف بکرێ پێشەوای موسلمانان بۆی هەیە وەقفەکان بیپی بۆ سەربازی ئیسلام و بکرێتە یارمەتی بۆ بەرژەوەندی موسلمانان هەروەها هەرچی کەل و پەلی لێ هەیە بۆیان وەقف کراوە بۆ ئەو خانوو قەفەسانە بۆی هەیە وەری بگرێ و خەرجیان بکات لەبەرژەوەندی موسڵمانان هەروەکو پێغەمبەر (ﷺ) پارەو پولی ئەو تاغوتانەی زەمانی خۆی وەرگرت و لەبەرژەوەندی موسلمانان خەرجی کرد چونکە ئەمڕۆ ئەو شتانەی بۆ خانوو قەفەسی سەر گۆرەکان دەکرێ ئەو کاتیش هەر ئەو شتانەیان دەکرد وەکو ئەو شتانەی نەزریان دەکرد

بۆ خانوەکە یان قەفەسەکەو دەهاتە دەست ، وەچۆن یەکە لەگەڵ هاوبەش پەیداکردنی ئەو قەومەی ئێستا هاوبەش بۆ خوا دا دەنێن دەڵێن دمزانین خاوەن گۆڕەکان عەردو عاسمانیان دروست نەکردوە بەڵکو هاوبەش پەیداکەرەکانی ئەهلی هاوبەش پەیداکەری پێشوە [1]. وەزاناکان فتوایان داوە بەوێران کردنی ئەو مزگەوت و گومبەتانەی کەلەسەر گۆڕەکان دروست کراون (ابن حجر) لە (الزواجر) دەڵێ (پێویستە دەشت و برد بکرێ لەوێران کردنی ئەو مزگەوت و گومبەتانەی کەلەسەر گۆڕەکان دروست کراون چونکە زیانیان لەمزگەوتی (ضرار) زیاترە بۆ سەرپێچی کردنی پێغەمبەر (ﷺ) دروست کرا بۆیە پێغەمبەر (ﷺ)قەدەغەی کردوەو فەرمانی بەوێران کردنی گۆڕی بەرز بۆوە لە زەوی کردوە ، پێویستە هەموو چراو فانۆسەکی تێدا لابرێ وەدروست نییە شتیان بۆ وەقف و نەزر بکرێ [2] ، (ابو هریرة)وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی ﴿ قاتل الله اليهود اتخذوا قبور انبيائهم مساجد ﴾[3] ، واتە : ئەی خوا جولەکەکان بکوژێ گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کردە مزگەوت .

بەشێك لەبیرو ڕادەربارەی ڕێبازی صۆفیەتی لە ئیمام (ابو بکر الطرطوشي) پرسیار کرا ڕەحمەتی خوای لێ بێ شەرع زانی گەورەمان چی دەڵێ دەربارەی ڕێبازی صۆفیەتی (خوا تەمەن درێژی بکا) پرسیارەکەش ئەوەیە کۆمەڵێك پیاو کۆدەبنەوە زۆر زیکری خوای گەورە و پێغەمبەر (ﷺ) دەکەن دوایی دەست لەشیر لەخۆدانێ دەکەن وەهەندێکیان هەڵدەستن سەمای دەکەن و سەرمەست دەبن ولەهۆش خۆدەچن دوایی شتی ئامادە دەکەن و دەخۆن ئایا چونە لای ئەو کەسانە دروستە یان نا فتوامان بۆ بدە خوا پاداشتت بداتەوە ڕەحمەتی خوات

---

(1) عون المعبود شرح سنن ابي داود ص(٣٦)ج٩ حديث ٣٢٠٢ وهذا الحديث مع شرحه مذكور في تحفة الاحوذي من شرح جامع الترمذي ج٤ ص١٥١ الحديث رقم ١٠٥٤ .

(2) فقة السنة

(3)رواه البخاري و مسلم .

لیٚ بیٚ . وتی یاشیٚخ ئەو قسەی باسی دەکەن بۆ گوناحباریان بەسە پێش ئەوەی پەرتەی لیٚ بکەن ئەو هەڵخلیسکانەو وێنەی ئەمانە شێخ وتی (مەزهەبی صوفیەتی پڕەوپوچ (بطالة) و نەفامیەتیە(جهالة)و گومراویەیە لە (الضلالة)ئیسلام تەنیا قورئان و سونەتی پێغەمبەرە (ﷺ) سەماکردن و مە ست بوون یەکەم کەس کەدای هێنا هاوەڵەکانی سامیری بوون ، کاتێ سامیری گوێلەکەیەکی بۆ دروست کردن و قوڕەی لێوە دەهات هەڵستان لەدەورووبەری گوێلەکەکە دەستیان بەسەما کردنٌ کرد ئەوە ئاینی کافرە گوێلەکە پەرستانە وەشیرو زەرگ لەخۆدان یەکەم کەس کە لەخۆیان دا زەندیقەکان بوون هەتا موسڵمانان بەخۆیانەوە خەریك بکەن و واز لەقورئان و سوننەت بێنن ، بەڵام تەماشا دەکەین کە پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ هاوەڵەکانی دادەنیشت دەتوت تەیر بەسەر سەریانەوە هێندە بەویقار دادەنیشتن جا پێویستە لەسەر سوڵتان و بریکارەکەی ئەو کەسانە قەدەغە بکەن لەهاتنە مزگەوت و جێگەی تر بۆ هیچ کەسێك ڕەوا نیە بڕوای بەخواو ڕۆژی دوایی هەبێ لەلای ئەو کەسانە دابنیشن یا یارمەتی یان بدەن لەسەر ئەو کارە پڕو پوچەیان ئەم وەلامەش قسەی مەزهەبی مالك و و ابی حنیفەو شافیعی و احمد و پێشەوایەکانی تری موسڵمانانە ﴿ وبا لله التوفیق ﴾[1] . خوای گەورە لەفەرموودەیەکی قودسی دەفەرموێ ﴿ عباد لی یلبسون للناس مسوك الضأن وقلوبهم أمّر من الصّبر والسنتهم احلی من العسل یختلون الناس بدینهم ابی یغترون ام علی یجترؤن فبی اقسمت لا لبسنهم فتنة تذر الحلیم فیهم حیران)[2] .واتە : من چەند بەندەیەکم هەیە لەپیستەی مەڕی دانەو دڵیشیان لەژەهری تاڵ ترەو وەزمانیشیان لەهەنگوینی شیرین ترە بەئاینەکەیان فێل لەخەڵکی دەکەن ئایا بەمن فریو دەخۆن یا جورئەت لەسەر من دەکەن سوێند بەخۆم دەخۆم فتنەیان وەکو کراسی لەبەر دەکەم پیاوی و نەرم نیان لیٚ سەر گەردان دەبی ئەو

(١) تفسیر القرطبی ــ سورة طه /٩٢

(٢) رواه ابن عاکر عن عائشة

فەرمودەیە ڕاست لەسەر ئەو کەسانە دەردەچی کەلەناو خەڵکی نەزان داوای
ڕەلی یەتی یا خەلیفایەتی دەکەن وەبانگەشەی خەڵك دەکەن بەگەڵ کۆمەڵەکەیان
بکەون ئەنجا هەڵدەستن زۆر بیدعەو خورافات یان بۆ جوان دەکەن ڕێگەی
ڕاستیان لێ وێڵ دەکەن بەزمانەکی لەهەنگین شیرینترو بەدڵەکەی لەژەهر تاڵ
ترنەوەی ئاشکرایە بەقسەی نەرم و نیان فێرفێڵ لەخەڵکی بەستەزمان دەکەن
هەتا بۆ لای خۆیان ڕایان کێشن و ببنە خزمەتکاریان و بەقسەی هەستن و
دانیشن. [٢] (قتادة) دەڵێ سیفەتەکانی وەلی خوا ئەو سیفەتانەیە کەخوای
گەورە لەقورئان باسی کردووە یانی لەترسی خوا پیستەیان گرژدەبێ و
بەزیکری خوا دڵیان ئۆخژەن دەبێ ، ئەیفەرمووە سیفەتی وەلیەکانم ئەوەیە
لەهۆش خۆ دەچن و ئاوەزیان تێك دەچێ ئەو سیفەتانە سیفەتی بیدعە
چیانەو لەشەیطانی وەیە لە (عبد الله بن عروة بن الزبیر) ڕیوایەت کراوە وتی
بەئەسمای کچی ئەبو بکری داپیرم ووت هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) حاڵەتیان
چۆن بوو ئەگەر قورئانیان بەسەردا بخوێندرابایەوە ، چیان لێ دەهات ، ئەسما
وتی بڵێم چیان لێدەهات وەکو خوای گەورە وەسفی کردونە دەگریان
وەپێستەیان لەترسی خوا کرژ دەبوو ، عبد الله وتی بەئەسمام وت داپیرە ئەنا
ئەمرۆ خەڵکانەك هەنە ئەگەر قورئانیان بەسەردا بخوێندرێتەوە لەهۆش خۆ
دەچن اسماء ووتی (اعوذ بالله من الشیطان الرجیم) لە (عبد الله بن عمر)
دەگێرنەوە بەلای پیاوەکی خەڵکی عێراق تێپەڕی دیتی واکابرا کەوتۆتەسەر
هەردی وتی ئەو پیاوە بۆ وای لێهاتوە ، وتیان ئەو پیاوە ئەگەر گوێی لەقورئان
خوێندن یازیکری خوا بێ وای لێ دێ (ابن عمر) وتی ئێمە زیاتر لەخوا دەترسین
کەچی ناکەوینە سەرزەوی وە (ابن عمر) وتی دیارە شەیطان هاتۆتە ناو لاشەی
ئەو پیاوە کردەوەی وەکو هاوەڵەکانی موحەمەدی نیە (ﷺ) لەلای (ابن سیرین)ی
باسی ئەو کەسانە کرا کەقورئانیان لا بخوێندرێ لەهۆش خۆ دەچن، (سیرین)

---
(٤) الاتحاف السنية بالاحاديث القدسية حديث رقم ١١٦ ص ١٤٥-١٤٦

وتی جیاوازی لەنێون ئێمە ئەواندا ئەوەیە ئەگەر یەکێکیان بچێ لەسەر پشتی بەیتی دانیشی پێی درێژبکا پاشان قورئان بخوێنێ لەسەرەتاوە هەتا دوایی ئەگەر پاشان خۆی فڕێدایە خوارێ ئەوجا ڕاست دەکا . [1] لە (أحیاء علوم الدین) (ابو حامد الغزالی) باسێکی هێناوە دەڵێ ئێمە خەڵکەکی زۆر دەبینین خۆشی‌یەکی بێ تامیان لێ بەدەردەکەوێ ئەویش کاتێ گوێیان لەچەند دێرە هۆنراوەیەك دەبێ کەباسی بەیەك گەشتینی یاردەکا یا باسی لێك دوور کەوتنەوە لەیەکتر دەکەن بەڵام کەگوێ یان لەقورئان دەبێ هەست بەهیچ خۆشیەك ناکەن ئەگەر پێ یانبڵێی چۆن ئێوە لەمانای قورئان خوێندن سەلامەت بوون و بەشیعریش کەیف خۆش دەبوون ئەوا لەچەند ڕوویەکەوە عوزرت بۆ دێننەوە . بەڵام من دەڵێم لەو مانایە بێبەش (محروم) دروست کراوم بەپێچەوانەی ئێوە من هەر چەند بیر لەنهێنیەکانی قورئان دەکەمەوە موچڕك بەلاشەم دادێ مووەکانم گرژ دەبن دڵم پڕ ترس و سام دەبێ ، بەڵام کەگوێم لەو دێرە هۆنراوانە دەبێ هەست بەهیچ خۆشیەك ناکەم و گۆشەگیر دەبم و هیچ شوێنەوارێکم لێ بەر ناکەوێ وەمن وادەزانم پڕۆگرامی ڕاست و دروست هەر ئەوە یەکەلەچەند لایەکەوە ڕوونی بکەینەوە :. یەکەم : ئەو دێرە شیعرانە چەند وشەیەکن کەباسی بەیار گەیشتن و دورکەوتنەوە لەیار دەکەن و باسی تووڕەبون و خۆشەویستی دەکەن کەلایەقی خەڵکەو ئەم شتانە دەرحەق خوا کوفرە ـ وە خوای گەورە فەرمویەتی ﴿وجلت قلوبهم ...﴾ ئەوە حاڵی خواناسانە لەمێژو سزای خوا دەترسن ئەوەکو کردەوەی ئەو بیدعەچی‌یانەی هەر حەی حۆی و قیژەوزاك و زروکیانە جا ئەو کەسانەی ئەو حالە دەرونی یەیان لێ بەدەر دەکەوێ پێیان وایە ئەوە جۆرە خۆشی‌یەك و ترسانە لەخوا ، ئێمەش پێیان دەڵێین خۆ ئێوە حاڵ و نەگەیشتۆتە حاڵی پێغەمبەرو هاوەڵەکانی لەخوا ناسین و وەلەخوا ترسان وە لەخوا بەگەورە زانین لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی ئامۆژگاری

(1) تفسير الخازن لسورة الزمر ص

كردن حاڵیان هەروەك خۆیان وابوو لەخوا ناسی دەگەیشتن و دەگریان لەترسی خوا هەروەكو خوا وەصفی حاڵی خەڵكی خواناسی كردوە لەكاتی بیستنی ناوی خواو قورئان خوێندن چۆن بوون جا هەر كەسێك وانەبێ ئەوە لەسەر ڕێنمایی وڕێگەی ئەوان نینە ، وەكو خوای گەورە فەرمویەتی ﴿ واذا سمعوا ماانزل الى الرسول ترى اعينهم تفيض من الدمع مما عرفوا من الحق يقولون ربنا آمنا فاكتبنا مع الشاهدين ﴾[2] واتە : وەهەر كاتێ ببیستێ ئایەتێ بۆ پێغەمبەر (نازل كراوە) دەبینی چاویان لەفرمێسك پڕ دەبێ چونكە هەقیان بۆ دەركەوتووە دەڵێن پەروەردگارمان بڕوامان هێنا ناو مان لەگەڵ شایە دان بنووسە .

بەڵام ئەو كار و كردوە گران و ناخۆشە كەس نەكردەی سۆفیە نەفامەكان دایان هێناوە و دەیكەن و وەتێ دەگەین ڕێگەی خاوێن كردنەوی دڵ و دەرونیانە ، ئەوە نازانێ و تێ نەگەیشتنە لە ئەحكامی شەریعەت ، چونكە پێغەمبەر (ﷺ) هیچ شتێكی بە جێ نەهێشتوو مەگەر ڕونی كردۆتەوە جانازانم ئەو كردوانەیان لە كوێ دیوەو لە كوێیان وەرگرتوە وهێناوە (ابن عباس) وتی پێغەمبەر (ﷺ) كاتەكێ وتاری بۆ دەداین پیاوێكی دیت لە بەر ڕۆژێ ڕاوەستا بوو جا پرسیاری كرد ئەوە كێ یە وتیان ئەوە (ابو اسرائيل) ە نەزری كردوە لە بەر ڕۆژێ ڕاوەستێ و دانەنیشێ و نەچێتە بەر سێبەرێ و قسان نەكاو بەڕۆژو بێ و فەرمووی فەرمانی پێ بكەن با قسان بكاو دانیشێ و بچێتە بەر سێبەرێ بەس ڕۆژووەكەی نەشكێنێ ، ئەوە بەڵگەیە لەسەر هەندێ هەرشتێ مرۆڤ نازاری پێ بگات لەو شتانەی بەڵگەی شەرعی قورئان و سونەتی لەسەر نەبێ وەكو بەپێ خواسی ڕۆیشتن و لە پێش ڕۆژ دانیشتن و (چل ڕۆژ چونە خلوە) ئەوانە هیچ گوێ ڕایەڵی خوا نینە و دروست نی یە ، بەڵكو گوێ ڕایەڵی بۆ خوا ئەوەیە هەرچی خوا و پێغەمبەر فەرمانیان داوە بە كردنیان [1]

(٣)التفسير الكبير ــ سورة الزمر /٢٣

(٢) المائدة /٨٣

پیاوێ هاته لای (الحسن البصری) ووتی جیرانەکم هەیە (الفالوذج) ی ناخوا (الحسن) ووتی لەبەر چی پیاوەکە وتی دەڵێ پێم ناکرێ شوکرانەی خوای لەسەر بکەم حەسەن وتی ئەدی ئاوی سارد دەخواتەوە پیاوەکە ووتی بەڵێ حەسەن ووتی بەڕاستی جیرانەکەت نەفامە چونکە نیعمەتی ئاوی سارد لە (الفالوذج) ی زیاترە دەڵێن هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی ﴿ یا ایها الذین آمنوا لاتحرموا طیبات ما احل الله لکم ولا تعتدوا إن الله لایحب المعتدین / (٣) ﴾ واتە : ئەی کەسانێ بڕواتان هێناوە شتانی پاك کەخوا بۆی حەلال کردن لە خۆتانی حەرام مەکەن و لەڕادە تێمەپەڕن بەڕاستی خوا زیادە ڕەوی خۆش ناوێ .

ئەوە کۆمەڵێك لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) وەکو ابو بکر و علی و ابن مسعود و عبدالله بن عمر و ابو ذر الغفاری و سالم خزمەت کاری حذیفة و مقداد و سلمان الفارسی و معقل بن مقرن ڕەزای خوا لەسەر هەموویان بێ لەماڵی (مظعون) لەسر ئەوە ڕێکەوتن گۆشت و چەوری نەخۆن نەچن بۆ لای خێزانەکانیان و بۆنی خۆش لە خۆنەدەن و جلکی دڕ لە بەرکەن و دونیا ڕەفز بکەنەوەو بەزەوی دابگەڕێن و ببنە راهیب و هەرامەی خۆیان بڕن ، خوای گەورە ئەو ئایەتەی سەرەوەی ناردەخوارێ ، دوایی پێغەمبەر (ﷺ) هات و سوپاس و سەنای خوای کرد و فەرمووی ئەوە بۆ چی کەسانێك هەنە قسەی واو وایان کردوە ، بەڵام ئەمن نوێژان دەکەم و دەخۆم و دەخەوم دەخۆم و بەڕۆژو نابم و دەچمە لای خێزانەکانم و جاهەرکەسێ لەسونەتی من لابدا ئەوە لەمن نیە (٤).

وەخوای گەورە فەرمویەتی (ولله الاسماء الحسنی فادعوه بها وذروا الذین یلحدون فی اسمائه سیجزون ماکانوا یعملون) (٥) واتە : هەر بۆ خوایە جوانترینی ناوەکان

---

(١)عون المعبود شرح سنن ابی داود مجلد ٩ ص ١١٥

(٢) الفالوذج :جۆرە مەلوایەکە لە ئاردو هەنگوین دروست دەکرێ

(٣) المائدة / ٨٧

(٤)خرجه البخاری عن انس (٥) الاعراف /١٨٠

جابەوانە بانگی بکەن وەئەوانەی کەدەست ئەدەن لە ناوی خوا خۆلادەدەن واز بان لێبێنن لە دوای ئەوان بەسزای کردەوە خۆیان ئەگەن ئەو ئایەتە دوو مەسەلەی تێدایە یە کەمیان کە خوا دەفەرموێ (یلحدون الاسماء) یانی مەیل بوون و تەرك کردنی مەبەست وەکو دەڵێن (الحد الرجل فی الدین) یانی ئەو پیاوە مەیلی دینی کرد ، وە (اللحد) یانی کاتێ مەیلی کرد هەر وەکو کردەوەی ئەو نەفامانەی دوعای دادەینن و دەلێن ناوی خوای تێدایە بێجگە لە ناوەکانی خوا زکری دەکەن بێجگە لە وەی باسی کردەوەکانی بکەن لەو شتانەی کە لایەقی خوا نیيە .

(ابن العربی) گوتویەتی وریای ئەم دوعایانە بن کەستان دوعا نەکا مەگەر بەو دوعایانەی کە لە قورئان و سەونەتی ڕاست داهاتونە هەر دوعایەکی تر هەیە وازی لێ بێنن هیچ یەکێکتان نەڵێ دوعایەکی واو وام هەڵبژاردوە بەڕاستی چونکە هەر خوا پێغەمبەری هەلبژاردوە و بەو شتانە بۆ خەڵکی ناردوە .

وە خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ وإذا مسه الشر فذو دعاء العريض ﴾ واتە : هەر کاتێ خراپەی پێ بگا زۆر هاوار دەکا . وتراوە یانی ئەوان (هاوبەشی پەیداکەرەکان) بانگیان لە خوا دەکرد ڕزگاریان بکا لە لە ناو چون کاتێ ڕزگاری دەکرد یەکێکیان دەیوت ئەگەر فلانە کەس نەبوایە رزگارمان نەدەبوو دزەکە دەهاتە سەرمان و وێنەی ئەو شتانە ، جا ئەو کەسانەی نیعمەتی خوا دەدەنە پاڵ فلان و پاراستنی خوا دەدەنە پاڵ سەگ دەلێم زۆر لە خەڵکە عەوام و بەناو موسلمانەکانی ئەمڕۆ ئەو قسانە دەکەن ولا حول ولا قوة الا بالله العظيم (١)
.

﴿من ابی هريرة قال رسول الله صلى عليه وسلم يكون فی آخر الزمان دجالون كذابون يأتونكم من الاحاديث بما لم تسمعوا انتم ولا آباؤكم فإياكم وإياهم لايضلونكم ولايفتنونكم ﴾ (٢)

واتە : لە ئەبی هورێرە ووتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی لە ئاخر زەمانی دەجالی درۆزن دێتە لاتان بەفەرموودەی وا لاتان نە خۆتان و نە باوکیشتان گوێی لێ نەبووە جاوریابن لەوان گومراتان نەکەن و توشی فیتنەتان نەکەن .

بەشێك لە دەفە لێدان

(صفوان بن امیة) ووتی ئێمە لە گەڵ پێغەمبەری خوا بووین هات ووتی ئەی پێغەمبەری خوا خوای گەورە ڕسقەکی خراپی بۆ داناوم چونکە ڕسقم بە دەف لێدان پەیدا دەکەم ڕێم بدێ گورانی بلێم بەلام قسەی خراپ ناکەم پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی ڕێت نادەمێ چونکە گۆرانی وتن نە کەرامەتە و نە نعیمەتە بەلام تۆ کابرایەکی درۆزنی دوژمنی خوای چونکە خوا ڕسقەکی حەلالی دایە بەلام ئەتۆ بۆ خۆت ئەو ڕسقە حەرامەت هەلبژاردوە کە خوا حەرامی کردوە لە شوێنی ئەو ڕسقەی کە خوا حەلالی کردوە ئەگەر من پێشم خستبایە چیم پێدەکردی هستە لەلام تۆبە بۆ خوا بکە بەلام تازە چی بلێم پاش هاتنت دەنا تێرو پڕم دارکاری دەکردی و سەرم دەتراشی دەم کردیە پەند لەناو کەس و کارت و دورم دەخستیەوە و ماڵەکەم حەلال دەکردی ببێتە تالانی مەدینە جا عمرو هەلسا هەر خوا دەیزانی چەند بەشەرمەزاری و زەلیلی ڕۆیی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی ئەوانە یاخی بوو (العصات) ن هەر کەسێ لەوانە بمرێ بەبێ تۆبە کردن ڕۆژی دوایی خوا حەشری دەکات بەڕووتی بەبێ جلك هەر چەند جارێ هەلسێتەوە دەکەوێتە سەر زەوی (٣) . دەقی ئیمامی شافعی لە پەرتوکی (آداب القضاء) لە سەر ئەوەیە

---

(١) تفسیر القرطبی یوسف / ١٠٦

(٢) عون المعبود المجلد ٤ ص ٧٨

(٣) تلبیس ابلیس ص ٢٣٤

ئەگەر پیاو بەرئەوام گوێ بداتە گۆرانی شایەتی دانی لێ وەرناگیرێ و دادگەری بەتاڵ دەبێتەوە (احمد بن حنبل) ووتی ئومێدم وایە ئەف لێدانی بوکان رشتی وا هیچی تێدا نەبێ (عامر بن سعد البجلي) وتی لە (ثابت بن اسعد) ی دەگەڕام کە بەشداری غەزای بەدری کردبوو لە ئاهەنگی بوك گواستنەوەیەك دیتمەوە کەدوو کچێ گۆرانیان دەگوت وەدەفیان لێ دەدا ، گوتم ئەدی ئەتو لەدەغەی ئەو گۆرانی وتن و دەف لێدانەی ناکەی ؟ (ثابت) ووتی نەخێر پێغەمبەری خوا ڕوخسەتی ئەوەی داوین [1]. (المصنف) ڕەحمەتی خوای لێ بێ رتویەتی بزانە گوێ دانە گۆرانی دووشتان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە یەکێکیان دڵ بێ ئاگادەکا لەزیکری خواو بیرکردنەوە لەگەورایەتی خوای پاك خاوێن هەڵستان بەخزمەت کردنی دووەم: مەیلی لەزەتی دونیا دەکەی کەبانگی دەکا بۆ بەجێهێنانی هەموو حەزو ئارەزو بازی بەرهەستەکانی کەگەورەترینیان چونە لای ئافرەتی (نکاح) ە وەتەواویشی لەزەتی لەو شتانەیە کە بەدەستی دەکەوی وەرێگەش نیە بۆ گەیشتنە ئەو دەست کەوتانەی لەرێگەی حەلالەوە ، جالەبەر هەندێ گۆرانی و شتی وا پیاو هان دەدا زینا بکا جا لەنێوان گۆرانی و زینا هاوئاهەنگیەك لەنێوانیاندا هەیە وەکو چۆن گۆرانی لەزەتی رۆح و گیانە ئەوهاش زیانا گەورەترین لەزەتی نەفسی ئینسانە ، لەبەر هەندێ لەفەرمودە داهاتووە گۆرانی ووتن نوشتە کردنی زینایە .[2] لە (ربیع بنت معوذ) ڕەزای خوای لێبێ وتی پێغەمبەر (ﷺ) هاتە لام (لەبەیانی بوکنیم و لەسەر جێگەکەم دانیشت وەکو ئەو دانیشتنەی تۆ هەندێ کچۆلەمان لابوو دەفیان لێ دەداو بەسەر شەهیدەکانی بەدریان دا هەڵ دەدا هەتا کچۆلەکەیان ووتی پێغەمبەرێکمان لایە هەیبی دەزانی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی نا ئەو قسەی مەکە پێشتر چیت ئەوت هەر وابڵێ .[3] لەعائیشەی ڕەزای خوای لێ بێ ووتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی ﴿اعلنوا هذا النكاح واجعلوه فـي المساجد واضربوا عليه بالدفوف﴾ واتە : ژن مارە کردن ئاشکرا بکەن وەلە مزگەوتی بگێڕن وەدەفەی لەسەر لێبدەن) ئەوە هەر بۆ

فەرمان دانە بەشتی چاك وەكو لە ووشەی ﴿ وجعلوه فــي لمسـاجد﴾ هاتووە یان بۆ ئاشكرا كردنە بۆ بەرەكەت لەمزگەوت كەدەفەی لەسـەر لێدەن بەلام لەدەوری مزگەوت وەشەرع زانان دەڵێن مراد لەدەفەلێدان زۆر پۆیەی پێوە نەبێ (حافظ ووتویەتی ﴿واضربـوا علیـه بـالدفوف﴾ دەبێتە بەڵگە لەسەر دەفە لێدان كەتەنها تایبەت نیە بەئافرەتان ، بەلام دەڵێین ئەم قسەیە بێ هێزە چونكە فەرمودەی بەهێزتر هەیە كەدەفە لێدان هەر بۆ ئافرەتان رێی پێ دراوە وپیاوان ناگرێتەوە لەبەر هەمە لایەنەی قەدەغەكردنی پیاوان خۆبەئافرەتان نەچوێنن دەڵێم گۆرانی رێ پێدراوە (المباح)لەئاهەنگی بوكان تایبەتە بەئافرەتان و پیاواننناگرێتەوە .[4] ئـەو دەفەلێدانــەی هـــەندێك لەشـێخەكانی یەمـــەن دەیكـــەن ناشـــیرینترین كردەوەكانیانە هەر خوا بەخۆی وەلی ئایینەكەی خۆیتی و پێغەمبەرەكەی سەر دەخا [5]. ئەو زكرە بەدەنگانـەی دەكرێن و دەفی لێدەدەن ئەوە راگەیاندنی پێ تەواو دەبێ . گۆرانی رێ پێ دراو بەدەفە لەبووكان دروستە لەبەر فەرمودەكەی (ربیعی كضی معوذ) كەبەلگەیە لەسەری (الضحـاك) ووتـی گۆرانـی دڵ تێك دەداو مایەی خەشمی خوایە (ابو حنیفة) توندترین پێشەوایە لەبارەی گۆرانی وتنەوە لەهـەموو مەزهەبـەكان توندتــرە وەهاوەڵـەكانی وتویانـە حەرامـە گـوێ گرتـن لەهەموو شتەكی پڕو پوچ وەكو زورناو دەفە لێدان وپەنجە لێكدان فاسقایەتیەو

(١) تلبيس ابليس ص ٢٢٤
(٢) المصدر السابق ص ٢٢٢
(٣) رواه البخاري وابو داود و الترمذي
(٤) كتاب تحفة الاحوزي المجلد الرابع ص ٣١٠
(٥) كتاب تحفة الاحوزي المجلد العاشر ص ١٣٩
(٦) المصدر السابق مجلد ٤ ص ٢٠٥

امایەتی دانیان لێ وەر ناگیرێ بەلام شافیعی لەپەراوی (القضاء) دەلێ گۆرانی ولن ناپەسند (مکروه)ە چونکە بەشتی پروپوچ دەچی بەلام (امـام احمـد) عبدالله وکوری دەلێ پرسیارم لەبابم کرد دەربارەی گۆرانی وتن بابم وتی گۆرانی دوو رویی لەدڵ دەروێنێ پێی سەر سەرسام نیمە لەدوایی باسی قسەی (مـالك) کرد وتی (مـالك) وتویەتی فاسقەکانی لای خۆمان گۆرانی دەلێن .[1]بەلام ئـەوەی ئەمرۆ صۆفیەکان دایان هێناوە کەبەردەوام گوێ دەدەنە گۆرانی وتن بەدو رەلەوتارو مۆسیقاو کەمانچە ئەوە هەر هەموی حەرامە . [2]کەواتە : دروستە الفرەت لەئاهەنگی بووك گواستنەوە و ژن مارەکردن و جەژنەکان دەفەی لێدەن بەبەلگەی ئەو فەرمودانەی لەپێشەوە باسمان کرد لەو بەشە بەلام بۆ پیاوان لەمزگەوتان یاساغە هەندێ نەفام هەنە دەفە لێدان لەمزگەوتان بەمایە دەزانن ئەگەر دەفەکەش شکا یا درا دەلێن دەفەکە شەهید بوو دەرجا تەماشایان کەئەو پێستە پیسەی دێتە رێزی شەهیدە بەرێزەکان .

بەشێك لەتازیە دانان

ئیمامی شافعی و هاوەلەکانی رەحمەتی خوایان لێبێ دەلێن دانیشتنی تازیەی ناپەسند (مکـروه) ە بەو جۆرەی کەس و کاری مردووەکە لە مالی دانیشن وەمەبەستیان پێ ئەوە بێ خەلك بێنە لایان ، بەلکو پێویستە کەس و کاری مردوەکە بلاوەی لێ بکەن وەهەر کەسە بچێتە دوای کاری خۆی وەهیچ جیاوازی بەکیش نیە لە تازیە دانیشتن لەنێوان ژن و پیاو . وە (المحاملی) یش لەشافیعی وەرگرتوەو وتویەتی ناپەسندە لەتازیە دانیشتن وە ئەو ناپەسندیەش (کراهیة التنزیه) ئەگەر شتەکی تازە پەیدا بووی لەگەل دا نەبێ بەلام ئەگەر بیدعەیەکی تری حەرامی لەگەڵ دابوو وەکو ئەو عادەتانەی ئەمرۆ باوە ئەوە حەرامە ، چونکە شتی تازە پەیدا بوو لەفەرمودەی راست داهاتووە ﴿ کل محدثه بدعه وکل بدعه ضلاله وکـل ضلالـه فـی النـار﴾[3]واتـە : هەرچی شتی تازە پەیدا بوو هەیە

بیدعەیەو هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییەوە وەهەموو گومڕایەکیش لەناو ئاگر دایە . وە (حەنەفیە) پێشوەکان بیرو ڕایان وایە تازەیەدانان تا سێ ڕۆژان هیچ تێدا نیە ئەگەر لەمزگەوت نەبێو توشی گوناح کردن نەبن ، بەلام ئەوە(ی) خەڵکی دەیکەن وەکو لەتازیەکۆبونەوە . وخێمە هەڵدان و مافور ڕاخستن و پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن بۆ ناو دەنگ و شانازی بەخۆ وەکردن و کەیف بەخۆوە هاتن ئەوانە هەمووی کارو کردەوەی تازە پەیدا بوو بیدعەنە پێویستە بەزووترین کات موسڵمانان لێی دورکەونەوە چونکە حەرامن نەخوازەلا ئەو شتانەی تێدا ڕوو دەدەن کەپێچەوانەی ڕێنمایی قورئان و هەڵوەشانەوەی فێر بونی سونەتن لەسەر عادەتی نەفامی دەکرێ بۆ نمونە وەکو گۆرانی بەقورئان وتن و لەئەستۆ نەگرتنی ئادابی قورئان خوێندن و گوێ نەدانی و خۆخەریك کردن بەجگارە خواردن و شتی تره[1] بەڵێ حەرامە تازیە دانان لەمزگەوت و جگارەی تێدا بخورێ لەکاتی قورئان خوێندن ، هەروا حەرامە بەلاشە یابەجلك پیس لەمزگەوت مانەوە . ئەی برایان ئەمرۆ خەلکانەك هەنە مەندیلی سپی یاکو شیەی زەردیان لەسەرە یان پێشدێنی سەوزیان لەپشتەو تەزبیحەکی (۱۰۱) سەدو یەك دانەیان لەدەستەو خۆیان بەپلی دا دەوەشێنن دەڵێ(کۆنە ئاغا و کونخانە) شوێنی دانیشتنیان دیارە دەچنە ناو مزگەوت بەبێ کردنی سونەتی مزگەوت (تحية المسجد) دادەنیشن لەگەڵ ئەوەشدا نوێژی سلاوی مزگەوت لای هەندێ پێشەوایەکان کردنی پێویستە ، ئەمەلا نە حاجی ئەسەید فەرمان نادەن بەکردنی نوێژی (تحية المسجد)جا هەر جارەی کۆمەڵە کەسێك یایەکێك دێ (مەلا مەندیل سپی) دەڵێ (الفاتحة) بەلام مەلا جارێك نالێ کاکە (تحية المسجد) بکەن

(۱) عون المعبود مجلد ۱۳ حديث (٤٩٠٦)

(۲)تفسير القرطبي مجلد(١٤) ص٣٤

(۳)كتاب الاذكار للنذوى ص١٣٦

هەپێویستە یاسونەتە لەگەڵ ئەوەشدا هەدیەکردنی (فاتحة) لەتازیان بیدعەیە چونکە فاتیحە لەزەمانی پێغەمبەر (ﷺ) و سەحابەکان و وتابیعنەکان نەخوێندرایە کەچی (تحية المسجد) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی بەکردنی داوە (ڕەنگە هەندێ شرە مەلا و کۆلکە مەلا ناڕەحەت بن بەڵام با ئاوێ سارد بخۆنەوە ((تحية المسجد)) لای هەندێ زاناکان کردنی پێویستە هەروەکو لەپەرتوکی (الحمد المين)داهاتوە وەلای هەندێ زانای ترسونەتەکی دڵنیا کەرەوەیە (المؤكدة)(ابی قتادة) وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی ﴿إذا دخل احدكم المسجد فلا يجلس حتى يصلي ركعتين ﴾ .[1] واتە : (ئەگەر یەکێکتان چوونە ناو مزگەوت بادانەنیشی هەتا دووڕکات نوێژ ئەکا .پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی کردووە لەمزگەوت دانیشی مەگەر دوای کردنی دوو ڕکات نوێژ ئەویش سونەتی (تحية المسجد) ە بەگوێرەی فەرمودەکە نوێژی (تحية المسجد) پێویستە[2] ،جانەی برای موسڵمان بیربکەوە چەند فەرمانمان پێ ئەکرێ بیدعە بکەین بەڵام قەت جارێك فەرمانمان پێ ناکرێ پێویستی یەك به جێ بێنن یاسونەتەکی بکەین . (عەلی کوڕی ئەبو طالب) : فەرمویەتی : زەمانەك بەسەر خەڵکی دادێ خراپترین کەسی ئەوزەمانی مەلایە بێ ئاگایەکانن فیتنە لەوان دەردەچێ‌و دوایش هەر بۆ وان دەگەڕێتەوە .[3] ئەی برای موسلمان ئەی حاجی کەشیدە زەرد لەسەر رایەخی مزگەوتێ دادەنیشێ ئەگەر کۆمەڵە کەسیك بینە تازیەی دەلێی برۆ چغارەیان بدەنێ وەبەدیەن مەلای بێ ئاگا (ابو الدنيا)/قورئان دەخوێنی‌و فیتو هۆی چغارە خواردنیتی کەچی لە (تحفة المرضية) داهاتووە چغارە خواردن لەکۆری قورئان خوێندن و زانست حەرامە ، وەمەلا قورئان خوێن هیچ پاداشتی نیە لەسەر قورئان خوێندنەکەی بەڵکو هەر گوناحبارە خۆ زۆری لێ ئەکرایە خوا ریسوای دەکاو یارمەتی نادا ، وەمەلاو دانیشتوەکان و خاوەن تازیە هەر هەموویان گوناحبارن بەڵام خاوەن تازیەکە لەهەموان گوناحبارترە وەرۆژی

(١) متفق عليه

قیامەتێ پەشیمان دەبێتەوە حەسرەت هەلدەكێشی چونكە گەمەییان بەكەلامی خوا كردوە وەقەدەغەی ئەم گوناحە گەورەیان نەكردووە .[4] ئەی پشدێن كەسكی بەناو (سەید) بۆ بەو كەسانەی بەجلكی پیس دێنە مزگەوت دادەنیشن یان خۆیان بەناو پاك ناكەنەوە نالێی بەو جلكە پیسەیان و بەو لاشە پیسەی لەمزگەوت دادەنیشتن حەرامە هەروەكو لە پەرتوكی (بغیة المسترشد) داهاتوە ص٧٢ ، ئەی مەلاكان بۆیە خەلكی نالێن قسە كردن لەمزگەوت چاكەكانت دەخوا چۆن مەرگیا دەخوا (صاحب الكشاف) وەری گرتوە كەلەفەرموده داهاتووە مزگەوت بەخۆی و ئەو خەلكەی تێی دایە بەرز دەبێتەوە ئاسمان – لەلای خوا شكایەت دەكا لەسەر ئەو قسە دونیایی یانەی تێی دادەكرێ .[5] ئەو بەلگانە بۆمان روون دەكەنەوە كەخەلكی دەچنە مزگەوتێ و لەتازیەی دادەنیشن ئەوە لەبەر فەرمانی خواو گوێ رایەلی خوا نیە كەدەچن وەنەلەبەر فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) وەنەلەبەر شەریعەتە بەلكونەوە لەبەر بیدعە كردنەكی خراپ و لەبەر سومعەو ریابازیە . لە (الفضیل بن عیاض) دەگێرنەوە ووتی واز لەهەر كارەكی بینن لەبەر خەلكی ریایە وەكردەوەش لەبەر خەلكی هاوبەش پەیداكردنە [1]، وەكو نوێژی (تحیة المسجد) كردەوەیەكە واز لێ هێنانی لەبەر خەلكی تازیەی ریایەو دانیشتنی لەمزگەوت لەبەر خەلكی تازیەی ریایە ، ریاش هاوبەش پەیدا كردنی بچوكە ، چونكە بەدلسۆزی بۆ خوا نیە هەندێ كەس هەنە دەلێن نیمە دەچین لەلای خەلكی تازیەی دادەنیشین لەمزگەوتێ بۆ (مراراة) كەچی نازانی پێناسەی (مراراة) یش بكەن ، بەلكو دانیشتن لەلای خەلكی تازیەی (مداهنة)یە (قرطبی)وتویەتی ئەو قسەی رۆژی غەیبەت داوە ئەوا

(٢)سبل السلام شرح البلوغ المرام الجلد ١ ، ص١٥٨

(٣)تفسیر القرطبی المجلد ١٣ ص٢٨٠

(٤)الكتاب تحفة المرضیة

(٥)تفسیر القرطبی المجلد ١٢ ص٢٧٨

بەئاشکرا فاسقەکان کاری خراپ دەکەن وەلەگەڵ جائیز بوونی (موداراة) یان هەتا خۆی لەشەڕی وان بپارێزێ ، بەڵام ناگاتە (مداهنـــة)لـەئاینی خـوا وەجیـاوازی لەنێوان ووشەی (مــداراة)و (المداهنـة) داهەیە ووشـەی (مـداراة) یـانی بەخشینی دونیا بۆ چاکردنی دونیاو دین وەیان هەردوکیان پێکەوە ئـەوە ڕێ پـێ دراوە (مباحـة)وەجارو مشە شتەکی باشیشە . وە ووشـەی (المداهنـــة)یـانی واز لـەدین هێنـان بـۆ چـاکردنی دونیـا .[1]جـا کـەواتـە : ڕوون بـۆوە دانیشـتن لەتازیـەی مزگەوتێ (مداهنـة) یە نـەك (مـداراة) جا تازیـە کردنیش خۆ لـەخۆیدا یـەك جار چونی دروستە هەروەکو لەفەرموودەی تازیـەی داهاتووە .[2]دەڵێـن دانیشـتنی تازیەی لەمزگەوتێ کارێکی پێویستە لەبەر ئەوەی جێگەی لەمزگەوتێ گـەورەتر نییـە یـا دەڵێن تازیـە دانـان لەمزگـەوتێ عادەتـەکی کۆنـی بـاب و باپیرانمانـە ئەمنیش دەڵێم (ئاخر) بەخۆتان و باب و باپیراتان لەگومڕایەکی ئاشکرادانە ئەو فتوا دانا ئەهەر هەمووی بیدعەیەو گومڕایـی یە هۆیەکەشـی بـۆ نـەزانی ووبـێ ئاگایی دەگەڕێتەوە ، (مالك بـن هبـیرة) ووتـی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ﴿مـامن میت یموت فیصلی علیه ثـلاث صفـوف مـن المسلمین الاوجـب الله الجنـة﴾ واتـە : هـەر کەسێ بمری و موسلمانان بە سێ ڕێز نوێژی لەسەر بکەن مەگەر پێویستە خوا بیباتە بەهەشتێ . (مالك) ووتی ئەگەر خەڵکی سەر (جنـازة)کەم بوان دەیکردنە سـێ ڕێـز ، ئـەوە ئامـاژەیـە بـۆ نوێـژی جـەنازە کەبەتەنـها ناپەسـندە . ئـەو فەرمودەیەبەڵگەیـە لەسەر هەندێ کەسـێ بمـری و سـێ ڕێـزە موسـڵمان نوێـژی لەسەر بکەن ئەوە خـوا لێی خۆش دەبی وەکەمترین ڕێز دوو پیـاوە وەیـەك بـۆ زۆرییە . ئەی برایان بزانن ئەو نیعمەتە گەورەو ڕێکە ڕاستەتان بەهەموو جۆرە

(1)الاذکار النووی ص٧

(2)عون المعبود شرح سنن ابی داود مجلد ١٣ص١٤٨

(3)التاج ص٢٨٠

بیدعەیەکی زەم کراو گوریتەوە لەوانە بۆ نمونە وەکو مەلا بێ ئاگ
مزگەوتەکانیان کردۆتە شوێنی تازیەو بۆنەکان (بانی مزگەوت بەکرێ نەدەن
کەچی قەدەغەیە مزگەوت بۆ شتی وا دروست بکرێ ، دەبێ ئەو فەرمودە
(معاویة)یان نەدیتبێ کەپێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو ﴿ إن هذه المساجد لايصلح
فيها شئ من كلام الدنيا انما هو للتسبيح والتكبير وقرآة القرآن ﴾ واتە : ئە
مزگەوتانە ناگونجێ هیچ قسەیەکی دونیایی یان تیدا بکرێ چونکە مزگەو
جیگەی سبحان الله والله اكبر كردن و قورئان خویندنە . (حذیفة) ووتی پیغەمبە
(ﷺ) فەرمووی ﴿ان الله اوحى إلى يا اخا المنذرين يا اخا المرسلين انذر قومك ا
يدخلوا بيتا في بيوتي الا بقلوب سليمة والسنة الصادقة وايد النقية وخروج طاهرة وا
يدخلوا بيتا من بيوتي مادام لاحد عند حظهم فاني العنه مادام قائما بين يدى حتى ير
تلك الظلامة إلى اهلها فاكون سمعه الذى يسمع به وبصره الذى يبصره ويكون من
اوليائي ويكون جاري مع النبيين والصديقين والشهداء والصالحين ﴾ [٤]. واتە : خوا
گەورە وەحی بۆ ناردم فەرمووی ئەی برای ترسینەران وەبرای پیغەمبەرا
قەومەکەت بترسینە نەچنە یەکیك لەمالەکانم مەگەر بەدلیکی ساغەوە
بەسونەتیکی راستەوە ، بەراستیکی خاوینەوە ، بەدامەنەکی پاکەوە ، بانەچن
یەکیك لەمالەکانی من مادام یەکیکیان مافیکی بەسەر وەیە ن ئەمن نەفرینی ا
دەکەم مادام لەبەر دەستم راوەستایە هەتا مافەکەی سەری دەداتەوە خاوەنەکە
، ئەو کاتە دەبمە ئەو گوێ یەی کە گوێی پێ لەشت دەبێ دەبمە ئەو چاوە
کەشتی پێ دەبینێ ئەو کەسە دەبیتە وەلی من دەبیتە هاوسێی من لەگەا
پیغەمبەران و راست گۆیان و شەهیدان و پیا و چاکان دەبێ . تازیە لەمزگەو
دانان عادەتی خەڵکی عەوامە نەفامەکانە ئەوانیش چاویان لەکۆلکە مەلا بە
ئاگایەکان کردوەو کردویانەتە ریگەیەکی راست و دەلین بەشیکە لەئاین کەچ
قریشی بەسەردینە وەنیە بەلکو لەفریودانی شەیتانی نەفرەت لیکراوە جـــا

(٤)تفسير القرطبي سورة البقرة الآية ١٢٥ ، ص١١٥

پێویستە هەر کەسێ ئارەزی ساغی هەبێ دینی راستی هەبێ ئینکاری ئەو بیدعانە بکاو خۆی لێ دوور بخاتەوە هەر چۆنێ بۆی ئەکرێ ، ئەی مەلای مزگەوتان لەمزگەوتێ لەگەلیان لەتازیەی دامەنیشە ، چونکە گوناحبار ئەبی ، ئەبێ سێ و دوو خواردن و خواردنەوەیان لەگەڵ مەخۆ بیر لەفەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) بکەوە ﴿ سيكون في آخر الزمان رجال ياتون المساجد فيقعدون فيها حلقا حلقا ذكرهم الدنيا وحبها فلا تجالسهم فليس الله حاجه ﴾[1] واتە : لەئاخر زەمان پیاوانێك پەیدا ئەبن دینە مزگەوت هەلقە هەلقە لەناوی دادەنیشن زکری دونیا ئەکەن و دونیایان خۆش ئەوێ لەگەڵ ئەو کەسانە دامەنیشە خوا هیچ پێویستی بەو کەسانە نیە .

﴿ ئاگاداریەك ﴾

ئیستا زۆربەی مەلای مزگەوتەکان مەعاشی مەلایەتی وەرئەگرن ، جار وەیە مەلا ئەچێتە سەفەرێ یا ئەچێتە تازیەی یا ئەچێتە بازرگانی یا هەر کاریکی تر مزگەوتی بەبێ مەلا بەجێ دیلی ، ئایا ئەو مەعاشە حەرامە یان ، حەلالە ؟! وتویانە هەر کەسی مەلای مزگەوتێ بی لەسەری پێویستە نوێژی لەمزگەوتێ بکا ئەگەر بەتەنیا بی و کەسیشی لەگەڵ نەبی ، یان جار وەیە مەلا ئەچێتە تازیەی لەمزگەوتیکی چەند رۆژان لەلای خەلکی تازیەی ئەمینێتەوە خۆی و مزگەوتەکەش وەکو خۆی پەك ئەخا ئەگەر پێی بلێی مامۆستاپەکی مزگەوتەکەت کەوتوە ، ئەلێ بابە ئەمن ئچویمە تازیەی قورئانی ئەخوینم بۆ مردوو ، ئەوە شایەنی باسە مەلا خۆی بە شافیعی مەزهەب ئەزانی و لە مەزهەبی ئیمامی شافعی پاداشتی قورئان خویندن بەمردوی ناگا هەروەکو ئیمامی نەوەوی وتویەتی ئەو کەسانەی ئەلین پاداشتی قورئـــــان خویندنێ

(١) التفسير القرطبي ص٣٢٧ مجلد١٢

بەمردوی دەگا هەل و مەرجیان داناوە دەلین نابی لەسەر قورئانخویندنەکەی پارەی وەربگری ، ئەگەر مەلا بەکری گیراو پارەی وەرگرت لەسەر قورئان خویندنەکەی لەسەر پارە دەری‌و پارە وەرگری حەرامە وەمەلایەکەش یەك قل خیری ناگاتێ لەسەر قورئان خویندنەکەی وەکو لەفەرمودە داهاتوە (احمد والطبراني والبيهقي) لە(عبد الرحمن بن شبل) یان گیراوەتەوە ﴿ اقرؤا القرآن واعملوا به ولاتجفوا عنة ولا تغضلوا فيــه ولاتستكثروا بــه ﴾[2].واتە : (کارو کردەوە بەقورئان بکەن و جەفای مەدەن و لێی بێئاگا مەبن وەپارەی پێپەیدامەکەن) (ولید بن قیس)گوێی لە (ابا سعيد الخـدري)بوو دیوت گویم لەپیغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو ﴿ يكون خلق القرآن لايعدوا تراقهم ويقرأ القرآن ثلاثة مؤمن ومنافق وفاجر وقال بشير سالت الوليد ماهؤلاء الثلاثة قال المؤمن مؤمن به والمنافق كــافر بــه والفاجر يــاكل بــه ﴾[3]. واتە : خەلکانەك پەیدا دەبن قورئانی دەخوینن لەقورگیان تێناپەری سێ کەس قورئانی دەخوینن بروا دارو دوو روو پیاو خراپ (بشیر) وتی لە (ولید) م پرسی ئەو سی کەسە کینە ؟ وتی بروادار باوەری پییە ، دوو روو باوەری پێ نیە نانی پێ دەخوا ، لیرەدا باسی فەرموودەیەك دەکەین ابن حریر بەسەنەدەکی (المتصل)لە (شفي بن مـانع)لـە بوهریرە پیغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی ﴿ خوای گەورە ڕۆژی قیامەتی دیتە خوارێ هەتا بریار لەبەینی خەلکی بدا هەمور نومەتیك بەچۆك داهاتووە جا یەکەم کەس بانگ دەکری پیاوەکە قورئان خوینە ، پیاوەکە لەرێی خوا کوژراوە پیاوەکە دەولەمەندە جا خوای گەورە بەقورئان خینەکە دەلێ ئایا فیری قورئان خویندنم نەکردی کەبۆ پیغەمبەرەکەم ناردبوو ؟ دەلێ بەلێ ئەی خوایە دەلی چیت دەکرد بەقورئانەکە دەلی خوایە بەشەو بەرۆژ لەبەرە تور هەلدەستام قورئانم دەخویند جا خوای گەورە دەفەرمویٚ درۆی دەکەی فریشتەکان دەلین درۆی دەکەی خوا

---

(۲)فقة السنة

(۳)تفسير ابن الكثير مجلد ۳سورة مريم ٦/

دەفەرمووی نەخێر ، قورئان خوێندنەکەت بۆ ئەوە بوو پێت بڵێن فلانەکەس قورئان خوێن بوو هەتا دوای فەر مودەکە .. .. دوای پێغەمبەر (ﷺ) شەپەکی ئەرانم داو جا وتی (ئەی ئەبا هریرە ئەو سێ کەسە یەکەم خەڵکی خوانە جەهەندەمیان پێ سۆر دەکرێتەوە ڕۆژی دوایی . (النووی) رەحمەتی خوای لێ بێ وتی ئەفامەکان قورئان لەسەر جەنازەی دەخوێنن بە (التمطيط)[1] وپێتی لەشوێنی خۆی دەریدەکەن ئەوەش حەرامە بەهاو دەنگی هەموو موسڵمانان [2] .

لەتەفسیری (الصاوی)لەسەر (الجلالين)داهاتووە لەسورەتی (الاعراف) ئایەتی ﴿ المص كتاب انزل اليك .. . الى آخر الآية ﴾ قورئان بۆ ئەوە هاتۆتە خوارێ کافران بترسێن و بڕواداران ئامۆژگار بکا حەلال نیە لەشتی تری بەکار بێنی ، بۆ نمونە وەکو ئەو کەسانە لەریگاکان قورئان دەخوێنن هەتا پارەیان بدەنێ ، یان بەدەنگ دەخوێنن وەکو گۆرانی هەتا پارەیان بدەنی یا بەدەنگی خۆش لەزەتیپی وەرگری وەکو تام و لەزەت لەگۆرانی وەرد ـگری ئەوە گومرایی یەکیئاشکرایە .

بەلێ هەندێ مەلای بێ ئاگا هەیە فەتوای دەدەن هۆدەکی لەسەر زەوی مزگەوتێ دروست بکەن هەتا خەلکی تازەی تیدا دانیشن ، زۆربەی خەلکی ئەکردەوەیەکی باشی تیدەگەن و وا دەزانن خیرەکەی گەورەیەو بەلام وانیە بەلکو وا دادەنرێ ئەو پارچە زەوی‌یە لەمزگەوت داگیرکراوە وەهەر کەسێ بۆتە هۆی دروست کردنی ئەوە عەزابی خوای بەپارەی خۆی کریوە وەکو لەفەرمودە داهاتووە ﴿ من غصب قدر شبرمن ارض طوقه الله فى سبع اراضى يوم القيامة ﴾ واتە هەر کەسیك بستە خاکیك داگیر بکا رۆژی قیامەتی خوا هەر حەوت زەویەکانی لەملی دەکا) مەگەر دروست کردنی ئەو هۆدە دروستە ئەگەر خاوەن مزگەوت دروستی کردبێ پێش وەقف کردنی ئەو زەویە بۆ مزگەوتێ . یەکیك لەو بیدعە خراپ و تەسەروفە ناشیرنە ناشـــــــرعیانە لەهەندیك تازیان دەبینی کۆمەلە

(١) التمطيط) یانی دریژ کردنەوە ولەراندنەوە

(٢) فقة السنة مجلد ١ ص ٥٢٩

خەلكيكى تازيەكەى لەدەرەوەى مزگەوت رادەوەستن پيشوازى لەميوانان دەكەن پيشوازيەكى سەير لەكاتى پيشوازى كردنەكە ركوعى دەبەن دەچيە ئەو لاتر كۆمەليكى تر لەحەوشى مزگەوت راوەستاينە كومەليكى تر لەدەرگاى مزگەوت دانە ، كۆمەليكى تر لەناو ژورى مزگەوت دانە ، ميوانەكان بەكەيفى خۆيان جغارە دەخۆن لەكاتى قورئان خويندنى ، لەناو مزگەوتى قسان دەكەن چۆن لەبازارى قسان دەكەن دوايى هەلدەستن دەرۆن و گوناهەكانيان لەسەر پشتيان بار دەكەن ، پاشان كۆمەليكى تر دين ئەبەم جۆرە ئەو مەراسيمە دووبارە دەبيتەوە وشەرميش لەخوا ناكەن وەقەت گويشمان لەمەلايەكى نابى پى يان بلى بابە ئەوە عادەتەكى نەفامى يە دروست نيە بە تايبەتى لە مزگەوتى كە ئەوميان لە ناشيرنترين كارى حەراميانە هەر وەكو (شافعى) رەحمەتى خواى لى بى لە عەلى دەگيريتەوە (رەزاى خواى لى بى) (زەمانەك بەسەر خەلك دادى هەر بەناوموسلمانن ، قورئان هەر وينەكەى لايان دەمينيتەوە مزگەوتى زۆر دروست دەكەن بەلام لە زيكرى خوا ويرانە خراپترين خەلكى ئەو زەمانى مەلايەكانن فيتنە لە وان دەردەچى و هەر بۆ وان دەگيرنەوە) . هەر بۆ نموونە تەنيا يەك نمونەتان بۆ دەگيرمەوە لەسەر تەسەروفاتى و فتواى يەك لەو بەناو مەلايە بى ئاگايانەيە ئەويش ئەوەيە :- لە يەكيك لە مزگەوتى شارەكەمان تازيەك هەبوو بانگدەر بانگى نويژى عسرى دا مەلاكە هاتە لاى خەلكى تازيەكە يەكيك هات پرسيارى لە مەلا كرد ئەرى مامۆستا چۆن نويژى بە كۆمەل بكەين جيگامان نيە مەلا ووتى كورم چ قەيدى نيە تازيە زەروريە ، مەلابە هەموو عەقلى خۆى نموونەيەكى هيناوە ووتى ئەو كەسەى نانى بخوا دوايى لە گەروى گيربى دروستە فرەكى ئارەق بخوا هەتا نەمرى ئەوە گوناح نيە جا حالى ئيمەش لە مزگەوتى ئەو هايە . توخوا مەلا ئەوە قسەيە ، تەماشاكەن نويژى بە جەماعەت ناكرى لەبەر ئەوەى مزگەوت تازيەى لى يە ئايا ئەوە لە گوناهە گەورەكان نيە ؟! لە پەراوى (الكبائر) لە گوناهى (٦٥) دا هاتووە تەركى نويژى بە كۆمەل لە

له پەڕاوی (الكبائر) لە گوناهی (٦٥) دا هاتووە تەركی نوێژی بە كۆمەڵ لە گوناهە گەورەكانە خواو پێغەمبەری خوا فەرمانیان داوە نوێژی بە كۆمەڵ بكرێ لە شەڕو ناخۆشی و لەكاتی ترس كەچی مەلا مەندیل سپی لەلای خەڵكی تازیەی دانیشتوە ڕانە مریشكی دەخوا و قرتێنەی دێنەوەو گوێ بە نوێژی بە كۆمەڵ نادا لەبەر تازیەی . لە هەندێك زاناكانی شافعی وەرگیراوەو ووتویانە هیچ بیدعەیەك كەلە ئیسلام ئاشكرا بووبی لە بیدعەی جغارە خواردنێ خراپتر نی‌یە ، ئەمنیش ئەو قسە دەخەمە پاڵ قسەكانتان و دەڵێم تازیەش لە مزگەوتێ دانان لە جغارە خواردنێ خراپترە .

بەشێك لە ڕوونكردنەوەی حوكمی جغارە خواردنێ (ئەو جغارە خواردنەی ئەمڕۆ لەو زەمانە بڵاوبویتەوە)

لە ئەنجامی لێكۆڵینەوەی زانستە پزیشكی‌یەكان دا دەركەوتووە كاریگەری جغارە خواردن زیانی زۆرە لەسەر لاشەی مرۆڤ و هەرچی دەبێتە هۆی نەخۆشی ترسناكەكان لەوانە نەخۆشیەكانی دڵ و شێرپەنجە و نەخۆشیەكانی تر هەروەكو لای هەمووان ئاشكرایە جغارە خواردن زیانی ئابوری و كۆمەڵایەتیشی هەیە ، بەڵام ئێمە ئەو لایەنە بۆ پسپۆڕانی بەجێ دێلین ئێمە هەر لایەنی ئاینی یەكەی وەردەگرین بەشێوەیەكی كورت وەكو لە پەراوی (التحفة المرضية)دا لە لاپەڕە (١١٢) دا هاتووە و دەڵێ بزانە و خوا كارت بۆ ڕێك بخاو لە بیدعە زیان بەدین و دونیای شاراوە بت پارێزی شێخ (شهاب الدين القليوبي) خوا بە زانستەكەی سودمان پێ بگەیێنی فەرمووی گوێم لە حەكیمە داناو زاناكان بووە كە حیكمەتیان بەقسەو بەكردەوە هەبوە و جێ‌ی باوەڕ بوون وتویانە جغارە خواردن توشی مردنی نیوەی لاشەت دەكاو بەرچاوت تاریك دەكا و حەزی چونە لای ئافرەتیشت كەم دەكا ، منیش دەڵێم (نووسەر) جغارە خواردن دڵ ڕەق دەكاو لە زیكری خوا بێ ئاگات دەكات ، وە لە سوننەتی پاكی

پێغەمبەر (ﷺ) دا هاتووە قەدەغەی لە هەموو شتەکی پیسی بۆن ناخۆش کردوەو فەرمانی داوە بەبەکار هێنانی بۆنی خۆش و پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی هەموو بیدعەیەك گومراییەیە وە هەموو گومراییەیەك لە ناو ئاگردایە ، هەندێ زانایانی شافیعی مەزهەب دەگێڕنەوە و ووتویانە هیچ بیدعەیەك لە ئیسلام بەدەر نەکەوتووە هێندەی جفارە خوراردن شەیتان کەیفی پێ بێ . بەڵێ بەکار هێنانی جفارە حەرامە وە فرۆشتنی باتلە یانی (کڕین و فرۆشتنی دانامەزرێ) چونکە یەك لە مەرجەکانی فرۆشتنی شت دەبێ سودبەخش بێ و بەشەرعی دابندرێ بۆیە زاناکان هەموویان لەسەر هەندێ کۆکن بە فیڕۆدانی ماڵ با کەمیش بێ لەو شتەی زیانی هەیە و قازانجی دونیاو دوا ڕۆژی نیە هەر حەرامە وە هەموو کەسیش دەزانێ جفارە لە غەیری زەرەر هیچ سوودی نیيە جا ماڵ خەرج کردن لە شتێ زیانی هەیەو قازانجی نیە حەرامە چۆن یەکیشە ئەوەی جفارەی دەخوا دەوڵەمەندبێ یا هەژار جا ئەو کەسانە سوونەتیان وون کردوەو کەوتوونەتە دوای بیدعە بەڵام جفارە خواردن لە کۆڕی قورئان خوێندن و زانست دا ئەوە زۆرتر حەرامە ، وە ئەو کەسەی قورئانەکە دەخوێنێ هیچ پاداشتی نیە بەڵکو هەر زۆر گوناهباریشە هەروەکو لە باسی تازیەی باسمان کرد وە دەڵێم جفارە خواردن بیدعەیەو نەخواردنی سونەتە وە پەیڕەوکردنی سوونەتیش چاکترە لە تووش بوونی بیدعە جا لە سەر مرۆڤی ژیر پێویستە ڕێگەی هیدایەت بگرێتە بەر زیانی پێ ناگەینی با کەمیش بن وە دوور بکەویتەوە لە ڕێگەی گومڕایی و فریو نە خوا بەزۆربەی جفارە خواردن کە بە دەستی خۆیان لە ناو دەبەن وە منیش دەڵێم (ئەو ئاگرەی جفارە هەر زۆر دەبێ بە درێژایی ژیانی هەتا دەمری ئەو کاتە ئەو ئاگرانەی جفارەکانی دەبێتە ئاگری جەهەنەم و دەخرێتە ناوی) وەرگێر .

بەشێك لە بانگ دان

لە شێخ محمد عبدەی فتوا دەری وڵاتی مصریان پرسی دەربارەی صەلەوات لێدانی پێغەمبەری (ﷺ) لە دوای بانگێ ، ئەویش وەڵامی داوە ووتی لە (كتاب الخانية) دا هاتووە بانگ دان تەنها ئەو (١٥) پازدە وشەیەكە نوسراوە وە دوا وتەی بانگ لای ئێمە (لا أله الا الله)یە وە ئەوەی لە پێش بانگ یا لە دوای بانگ دەیڵێن هەر هەموی تازە پەیدا بووە و بیدعە چیەكان دایان هێناوە بۆ ئاواز دانان (التلحينى) هیچی ترنیە ، وە ئەو ئاواز دانانەش كەس ناڵێ دروستە ، وە گوێ بە قسەی ئەو كەسانەش نادرێ كە دەڵێن ئەو شتانە بیدعەیەكی باشە (حسنة) چونكە هەر بیدعەیەك لە بەندایەتی كردن بۆ خوا و لە سەر ئەم شێوەیە خراپە و بیدعە دابەش ناكرێ ، وە هەر كەسێ رای بگەیەنێ و بڵێ ئەوە ئاواز دانانی تێدا نیە ئەو كەسە درۆزنە [1] . ئەو فەرموودەی (ابن خريج) لە (عطاء) ئەویش لە (ابن عباس) بە پێغەمبەری ووت بانگدەرەك هەیە گۆرانی بە بانگی دەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ﴿ ان الاذان سهل سمح فان كان اذانك سهل سمحا والا تؤذن ﴾ [2] واتە : بانگ دان سوك و ئاسانە ئەگەر بانگەكەت سوك و ئاسانە ئەوە بانگدە ئەگەرنا بانگ مەدە .

گۆرانی وتن بە بانگێ و ئاواز دانان بەزیاد كردنی پیتێك یا جولەیەك یا درێژی كردنەوەی پیتێك ئەوە ناپەسندە (مكروه) بەڵام ئەگەر بووە هۆی گۆڕینی مانا شارینەوەیەكی ئاگادار كردنەوە ئەوە حەرامە و دەبێ زۆر وریاش بن لەو هەڵانەی كە دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونەوەی بانگدان ، وە هەر كەس بە ئەنقەست وە بكا بەڵكو كافر دەبێ وەكو درێژ كردنەوەی پیتی (باء اكبر) وە (هەمزەی اشهد) وە (الف الله) و نوتق نەكردنی (هاء الصلاة) وە بێجگە لەوانەش . [1]

(١)فقه السنة مجلد الاول ص١٣٢

(٢) تفسيرالقرطبی ص٢٣٠ العائدة / ٥٨

(يحيى البكاء) ووتى (ابن عمر) م ديت دەيوتە پياوەكى ئەمن لەبەر خواى ڕقم لێت دەبێتەوە ، دوايى بە هاوەڵەكانى ووت دەزانن بۆ بەو پياوەم ووت ڕقم لێت دەبێتەوە ، چونكە گۆرانى بەبانگى دەڵێ و پارەى لەسەر وەردەگرى . بێجگە لە هەردوو بانگدانەكان ئەو (سبحان الله) كردن و سرود ووتن بە دەنگ و دوعا كردن و ئەو شتانەى لە بڵند گۆكان دەوترێن هەر هيچيان سوننەت نينە وە هيچ زانايەكيش نالێ وتنيان شتەكى باشە بەڵكو هەموويان بە بيدعە ناپەسندەكانيان دەزانن ، چونكە لەسەر دەمى پێغەمبەر (ﷺ) و لە سەردەمى سەحابەكان ئەو (كە يار كردنە) نەبووە ، هيچ بنچينەيەكيش نيە كە لە سەردەمى وان كرابێ وە هيچ كەسيش فەرمانى بەكردنى نەداوە هەتا بكرێ ئەگەر مەرجى كردنى پێوە هەبێ ئەوە پێچەوانە كردنى سوننەتە [2] .وە ئاواز بانگدان (مالك بن انس) پىێ زۆر ناپەسندە لە گەڵ زۆر زاناى ديكە چونكە بانگ دان لە شوێنى گەورايەتى خۆى دوور دەكەوێتەوە دەبێتە سرودوگۆرانى ووتن چونكە دەبينى بانگ دەر زكر كردن و سبحان الله ووتن و ئامۆژگاركردن تێكەڵ بەبانگى دەكاو بانگدانەكە دەخاتە ناوەندى يان و تێكەڵ بەيەك دەبن وە زاناكان دەڵێن هەرچى دەخرێتە پاڵ بانگدان ناپەسند (مكروه)[3] ، وە بزانە لە سەردەمى پێغەمبەر (ﷺ) جيهازى دەنگ گەورەكردن (مكبرة الصوت) نەبوو وە لە سەردەمى سەحابەكانيش هەر نەبووە وە لە زەمانى هەر چوار پێشەوايەكانيش نەبووە ئەنجا لە گەڵ هەندێش قەدەغەيان كردوە دەنگ لە مزگەوتێ بەرز بكرێتەوە ، چونكە نوێژ كەرو پياوى خەوتوو شەو نوێژكەر سەريان لێ دەشێوێ (عمر بن الخطاب) بە (ابى محذور)ى ووت كاتێ داواى بانگ دانى لێ كرا بوو لە بانگدانێ زياد دەنگى خۆت بەرز مەكەوە چونكە دەترسم موسڵدانيت بتەقى[4] .

(١) حاشية البجيرمي على الخطيب المجلد ٢ ص٤٣

(٢) تلبيس ابليس ، ص١

(٣) فقه السنة ص١٢٤ (٤) تفسير القرطبي سورة لقمان / ١٩

بەلأم ئێستا هەر هەموو مزگەوتێك بڵند گۆی تێدایە بانگ دەر یەك بە دەنگی خۆی پێش بەیانیان دەنەرێنی و سبحان الله دەکا یا دوعایەکی یا قورئان دەخوێنی بە قەسیدەی دەڵێ دەڵێ گەوارەی بوارانە هەمو خەڵکی زێ خەو دەکاو کار لەو کەسانە دەکا شەو نوێژی دەکەن ئەمانە هەمووی شتی خراپ و بیدعەنە . یا لە ڕۆژانی هەینی پێش وتاردان کاتێ خەڵك کۆ دەبنەوە هەندێك لە نوێژدانە هەیە لە ڕوکوعی دایە لە سوجدەی دایە هەیە لە بیر کردنەوەی دایە ، هەروەکو لە فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) داهاتووە ، بیر کردنەوەی کات ژمێرێك خێری لە بەندایەتی کردنی (٦٠) شەست ساڵی زیاترە [٥] جا لەو کاتەی بانگدەر یا قورئان خوێن لە پێش مایکرۆفۆنی دادەنیشی و دەست بە قورئان خوێندنێ دەکا نزیکەی نیو سەعات ئەو قورئان خوێندنە سەر لە نوێژکەرو ئەوانەی بە دڵ لە خوا دەترسن و بیر کردنەوە تێك دەدا ، هیچ کەسیش ئینکاری ئەو قورئان خوێندنە ناکاو ناڵێ کاکە بە دەنگ قورئان مەخوێنە چونکە دەنگ بەرز کردنەوە سەر لە نوێژکەری تێك دەدا ئەوەش حەرامە . شێخمان لە (شرح العباب) دەڵێ قورئان خوێندن بە دەنگ لە مزگەوتێ پێویستە حەرام بکرێ ، امامی (النووی) بە ناپەسند (مکروه)ی دەزانی ئەگەر قورئان خوێندنەکە ئازار دانی خەڵکی کەم تێدابێ و لە مزگەوت نەبێ بنوارە (فتح المعین) وە هەندێ زانا لە سەر هەندێ سورن و دەڵێن ئەگەر یەکێك نوێژ بکا حەرامە قورئان خوێندن بە دەنگ یا هەر شتێکی تر بخوێندرێ جا نوێژ کەر لێی تێك بچێ یان نا چونکە مزگەوت لە سەر نوێژ کەری تاپۆ کرایە نەك لە سەر ئەو کەسانەی ئامۆژگاری خەڵك دەکەن یا قورئان دەخوێنن [١] . وە ئەگەر زانایەك بڵێتە خەڵکی ئەگەر قورئان خوێندن بە دەنگ نوێژ کەری تێك بدا ئەوە حەرامە ڕەنگە خەڵکی نەفام و گێژو وێژ و مەلای بێ ئاوەڕۆك و بێ ئاگا و بێ زانست تاوانبارت بکەن و بڵێن ئەتوش بوویە (وەهابی) خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ واذکر ربك من نفسك تضرعا و خیفة و دون

(٥) تفسیر الكبیر سورة البقرة / ص ١٨٨

الجهر من القول ﴾ الآية واتە : وە یادی پەروەردگارت بکە لە دڵت وا بەگریان و زاری و بەترس و بەبێ دەنگی ئەو ئایەتەش گشتی‌یە زکر کردن و قورئان خوێندن و دوعا کردن و ئەو شتانەی هەمووی دەگرێتەوە [2] لە (البیاض) ووتی پێغەمبەر (ﷺ)هاتە ناو خەڵکی نوێژیان دەکرد ، خەڵکەکە دەنگیان بەرز کردەوە لە قورئان خوێندنەکەیان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ﴿ ان المصلی یناج ربە فلینظر بما یناجیه به ولا یجهر بعضکم علی بعض بالقرآن لانه فیه أذی ومنعا من الاقبال علی الصلاة و تفریغ السر لها و تامل ما یناجی به ربه من القرآن ﴾ واتە : نوێژ کەر گفت و گۆ لە گەڵ خوا دەکا با تەماشا بکا چۆن گفت و گۆی لە گەڵ خوا دەکا با هەندێکتان دەنگی بەرز نەکاتەوە وە لە قورئان خوێندنەکەیان چونکە ئازاردانی خەڵکی تێدایە دەبێتە قەدەغە کردنی ئەو کەسانەی دەیانەوێ نوێژ بکەن لێیان گەڕێن با نوێژەکانیان بە نهێنی بکەن و بیر بکەنەوە چونکە گفت و گۆی لە گەڵ خوای خۆیان دەکەن بە قورئان خوێندنەکەیان [3] .(الامام مالك) ووتی هەر کەسێ بیدعەیەك لە ئیسلام دابنێ و بڵێ ئەوە بیدعەیەکی چاکە (حسنة) یە دیارە ئەو کەسە گومانی وایە موحەمەد خیانەتی لە ئیسلامدا کردوە چونکە خوا دەفەرموێ ﴿ الیوم اکملت لکم دینکم ﴾ واتە : ئەمڕۆ دینەکەتانم تەواو کرد [4] . هەرچی لەو ڕۆژەی ئاین نەبووبی ئەمڕۆش نابێتە ئاین .

تێبینی: -

(الترجیع) لە بانگدانێ چەسپاوە ، ئەی بانگ دەر پێویستە لە سەرت دەست بە سوننەت وەبگری و واز لە بیدعە کردن بینە لە بانگدانێ (الترجیع) سوننەتە . (موسلم) لە (ابو محذورة) ڕیوایەتی کردوە پێغەمبەر (ﷺ) (ابو محذورة) ی وا فێری بانگ دان کردوە بڵێ الله اکبر الله اکبر ، أشهد أن لا الـه إلا الله ، أشهد أن محمد رسول الله ، أشهد أن محمد رسول الله دوای دەگەڕێتەوە سەر اشهد أن لا إلـه إلا الله ، أشهد أن لا إله إلا الله ، أشهد أن محمد رسول الله ، حی علی الصلاة دوو ڕەکەت حی علی الفلاح دووڕەکەت (اسحاق) ئەمەشی لێ زیاد کردوە الله اکبر ، الله اکبر لا إله إلا

الله ئەو فەرموودەیە بەڵگەیەکی ڕوونە لە مەزهەبی مالك و شافعی و احمد و جەماوەری زانایان کە (الترجیع) لە بانگ دانیٚ چەسپاوە شەرع داینـاوە مانای (الترجیع) یانی گەڕانەوە بۆ شایەتی دانی لا إله إلا الله ، أشهد ان محمد رسول الله دوو ڕەکەت بە دەنگی بەرز پاش ئەوەی دوو جار بە دەنگی نزم دەیلێتەوە [5] .

ابن حجر لە (العباب) دەڵیٚ ئەگەر لە یەکەم جار بە نهێنی وای نەوت ئەوە ئاشکرایە کە دوو جار وە بڵیٚ .

(مەسەلەیەك) ووتنی (الترجیع) پێویستە ئەگەر گوێشی لیٚ نەبیٚ بە پێچەوانەی فەتواکانی (الرملی) و وێنەی (سم) لەسەر (التحفة) [1] . ئەی بانگ دەر ووتنی (الترجیع) تەرك دەکەی چونکە سونەتێکی نهێنییە لە نێوان خۆت و خودا بەڵام تەرکی (الصلاة خیر من النوم) ناکەی چونکە سونەتێکی ئاشکرایە لە نێوان و خۆت و خەڵکی دا ، ئەوە جیٚ داخ و سەر سوڕمان نیە بانگدەری هەژار تەرکی ووتنی (الترجیع)ی کردەوە بەڵکو جیٚی سەرسوڕمانە و مەرەقە ئەوەیە خۆبیٚ دەنگ کردنی مەلایەکانە فەرمان بەبانگ دەرەکان نادەن و بڵێن ، جا نازانم هۆیەکەی چییە ، لەلەبەر نەزانی مەلایەکانە یا باوەڕیان بەفەرموودەی ئیمامی (موسلیم) و قسەی مالك و شافعی احمد و جەماوەری زانایان نیە یا ئەوەتە لە زانست بیٚ ئاگانە یا لەبەر تەمبەڵییانەو ناتوانن تەماشای کتێبە شەرعیەکان بکەن خۆ ئەگەر ووتنی (الترجیع) بیدعە بوایە خۆ ئەوەی بیٚشك وگومان مەلایەکان دەیانگۆتە بانگ دەرەکان بڵێن.

---

(1)اعانة الطالبين ص89 المجلد 2

(2) تفسير البيضاوي

(3) شرح الزرقاني على موطأ مالك ص198

(4) انيس المؤمنين ص75

(5) شرح النووي على صحيح مسلم مجلد 2 ص81

بەشێك دەربارەی مزگەوتەکان

خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ في بيوت اذن الله ان ترفع ويذكر فيها اسمه يسبح لـه فيها بالغدو والاصال رجال لا تلهيهم تجارة ولا بيع من ذكر الله و اقام الصلاة وإيتاء الزكـاة ﴾ [٢] واته : له نێو خانوانێك خوا ڕێی داوه بەرز بکرێنەوه و ناوی خوای له نێو بەرن و لەبەرەبەیانداو ئێوارانـدا نـاوی خـوا بەپاکی ببەن پیـاوانێك کـه هیـچ بازرگانی و مامەڵەیەك ئەوانی له یادی خواو له نوێژ کـردن و زەکـات دان بـێ ئاگایان ناکا . حەسەن بصری و زانای تر ووتویانه (ترفـع) مانـای بەگـەوره زانینـی و پله بەرزی و پـاك ڕاگرتـن دێ لـه پیسـو پۆخڵـی وەکـو لـه فـەرموودە داهاتووه ﴿ ان المجلس ينزوى مـن النجاسـة كمـا ينزوى الجلـد مـن النـار ﴾ واتـه : دەبێ مزگەوت لـه پیسی پاك بکرێتـەوه وەکـو پێسـته بـەئاگر پـاك دەبێتـەوه . پێغەمبەر (ﷺ) به (معاويـة بـن الحكـم السـلمي) فەرموو نـابێ قسـەی دونیـایی لـه مزگەوتان بکرێ ، چونکه مزگەوت شوێنی سبحان الله، الله اكبر قورئان خوێندنه ، پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی ئەگەر یەکێکتان هاته مزگەوت بادانەنیشـی هـەتا دوو ڕکات نوێژێ دەکا . له فەرموودەی ڕاستی (موسـلیم) دا هاتووه لـه ئـەبوهریرەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ﴿ من غدا الى المسجد او راح اعـد الله لـه نـزلا فـي الجنـة كلمـا غـدا ام راح ﴾ واتـه : هەرکەسـێ بەیانی یا ئێواره بچێتـه مزگـەوت خـوای گەوره له بەهەشت ماڵێکی بۆ ئامانه دەکا هەر چەند جار بڕۆ بچی . هەر ئـەبو هریره ووتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ﴿ صلاة الرجل في جماعة تزيد على صلاته في بيته و صلاته في سوقه بضعاوعشرين درجة و ذلك ان احدهم اذا توضا فاحسن الوضـوء ثـم اتى المسجد لا ينهزه الى الصلاة لا يريد الا الصلاة فلم يخط خطوة الا رفع لـه بـها درجـة وحط عنه بها خطيئة حتى يدخل المسجد فاذا دخل المسـجد كـان في الصلاة مـا كانت الصلاة هـي تحبسـه والملائـكة يصلون علـى احـدكم

(١)كتاب العد العين ، ص٣٢ (٢) سورة النور / ٣٦

ما دام في مجلسه الذي صلى فيه يقولون اللهم اغفر له اللهم تب عليه مالم يؤذ فيــه مــالم يحدث فيه .﴾ واته : نوێژی ئەوپیاوەی بە کۆمەڵ نوێژ دەکا مزگەوتی لە نوێژ کردنی ماڵیٚ یا بازاریٚ خێری زیاترە بە (٢٧) پلە ئەمە ئەگەر یەکێکتان دەست نوێژێکی جوانی شوشت دوایی هاتە مزگەوت تەنیا نوێژ هێنابیو مەبەستی نوێژ کردن بی هیچ هەنگاوێك ناویٚ مەگەر خوا پلەیەکی پیٚ بەرز دەکاتەوەو گوناهەکی پیٚ ڕەش دەکاتەوە هەتا دێتە ناو مزگەوتیٚ ، کاتیٚ هاتە ناو مزگەوت ، ئەوە وەکو ئەوە وایە لە نوێژ کردن دابی مادام نوێژ لە مزگەوت بلێتەوە ڕەفریشتەکان صەلەواتی لەسەر لێدەدەن مادام لەو کوڕەی دابی کە نوێژی لیٚ کردوە صەلەواتی فریشتەکانیش ئەوەیە دەڵێن ئەی خوایە تۆبەیان لیٚ قەبووڵ بکە مادام ئازار دانی خەڵکی تێدا نەبیٚ و قسەی تێدا نەکریٚ یا بیٚ دەست نوێژ بەسەردانەیە . (حکیم بن رزیق) وەتی بە (سعید بن المسیب) یان ووت ئایا هاتنە سەر جەنازەت پیٚ خۆشترە یا لە مزگەوت دانیشی ، (سعید) وەتی هەر کەسیٚ نوێژی لەسەر جەنازەی بکا (قیراط) مکی بۆ هەیە ، هەر کەس ئامادەی شاردنەوەی جەنازە بیٚ دوو (قیراط) ی بۆهەیە بەڵام لە مزگەوت دانیشتنم پیٚ خۆشترە لەبەر ئەوەی فریشتەکان دەڵێن خوایە لەو بەندەی خۆش بە ڕەحمی پیٚ بکە خوایە تۆبەی لیٚ قبول بکە .

(عمر بن خطاب) گوێی لە دەنگی پیاوەکیٚبوو لە مزگەوتیٚ ، بەپیاوەکی ووت ها کابرا چ دەنگە دەنگتە نازانی لە کوێی . (خلف بن ایوب) لە مزگەوتیٚ دانیشتبوو کوڕەکەی هاتە لای پرسیاری شتەکی لیٚ کرد ، (خلف) هەستا لە مزگەوتیٚ هاتە دەریٚ ئەنجا وەڵامی داوە ، وتیان ئەوە بۆ وات کرد فەرمووی لە فلانە ساڵەوە قسەی دونیایم لە مزگەوت نەکردوە ئێستاش پێم ناخۆش بوو قسەی لیٚ بکەم . ئەبوهریرە وەتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ﴿ من سمع رجلاً ينشد ضالة في المسجد فليقل لا ردها الله عليك فان المسجد لم تبنى لهذا ﴾ واته : هەر کەسیٚ گوێی لە پیاوێك بوو لە مزگەوتیٚ بانگ ڕادێری بۆ شتیٚ وون بوو بابڵیٚ

خوا شتەکەت بۆ نەدۆزێتەوە چونکە مزگەوت بۆ هەندێ دروست نەکراوە . پێشەوا (مالك) و کۆمەڵێ زانای تر تەنانەت پێیان ناخۆشە بۆ زانست و شتی تر دەنگ لە مزگەوت بەرز بکەنەوە . (عمر بن خطاب) لە ووتارێکی فەرمووی ئەی خەڵکینە ئێوە سیرو پیاز دەخۆن منیش لام پیسن چونکە پێغەمبەرم دیت ئەگەر پیاوێك بۆنی بکردبایە لە مزگەوت دەری دەکرد و دەیناردەوە (البقیع) ووتی ئەو کەسەی پیازی دەخوا با جوان بیکوڵێنی هەتا بۆنی دەڕوا [1] . (مالك بن دینار) ووتی پێم گەیشتوە خوای گەورە دەفەرموێ (من دەمەوێ عەزابی بەندەکانم بدەم دوایی تەماشای ئاوەدانی مزگەوتەکان و قورئان خوێنەکانی منداڵەکانی ئیسلام دەکەم تووڕەی یەکەم دادەمرکێتەوە، لە پێغەمبەر (ﷺ) دەگێرنەوە فەرموویەتی : لە ئاخر زەمان کەسانەك دێنە مزگەوت و هەلقە هەلقە دادەنیشن زکر کردنیان باسی دونیایەو خۆشەویستی دونیایە لە گەڵ ئەو کەسانە دامەنیشن چونکە خوا هیچ پێویستی بەو کەسانە نیە ! [2] (السائب بن یزید) ووتی لە مزگەوتێ ڕاوەستا بووم پیاوێك پلە بەردێکی تێ گرتم کە ئاوڕم دایەوە دیتم (عمر بن خطاب) بوو فەرمووی بڕۆ ئەو دوو کەسەم بۆ بێنە چووم هەردووکیانم هێنا لای فەرمووی ئێوە خەڵکی کوێن ووتیان خەڵکی (الطائف) ین (عمر) وتی ئەگەر خەڵکی شاری دەبوون .

دەمزانی چۆنم لێ دەدان ئەوە ئێوە لە مزگەوتی پێغەمبەری (ﷺ) دەنگ و بەرز دەکەنەوە . [1] هەندێ خەڵکی نەفام و مەلای بێ ئاگا لەو زەمانەی هەنە مزگەوتیان کردۆتە شوێنی تازیە دانان و جغارەی بۆن ناخۆشی لێ دەخۆن و قسەی دونیای تێدا دەکەن چۆن لە بازاڕو دەلال خانەی قسان دەکەن و هیچ شەرمەکیش لە خواو پێغەمبەر وشەریعەتی ئیسلام و ئەو مەندیلە سپیەی سەریان ناکەن کە دەڵێی گومەتە لە سەریان ناوە .

---

(١)اخرجه مسلم فی صحیحه

(٢) تفسیر القرطبی المجلد ١٢ ص٢٧٧

تێبینی : -

له پەرتووکی (فتح المعین) لاپەڕە (٢١) دەڵێ نوێژ کەرو ئەوانەی تر له مزگەوت دانە حەرامە دەنگیان بەرزکەنەوە له مزگەوتێ لەبەر ئەو کەسانەی نوێژی دەکەن یا سوونەتە هەروەکو له (المجموع) دا هاتووە وەهەندێ لە زاناکان دەڵێن قەدەغەیە بە دەنگەی بەرز قورئان بخوێندرێ باشتی تر بخوێندرێ کە نوێژ کەر نوێژی پێ لێ تێك نەچێ چونکە مزگەوت لە سەر نوێژ کەران تاپۆ کراوە نەك لەسەر ئەو کەسانەی ئاژمزگاری خەڵك دەکەن یا قورئان دەخوێنن پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ﴿ صلاة فی مسجدي افضل من الف صلاة فیما سواه الا المسجد الحرام وصلاة في المسجد الحرام افضل من مائة الف صلاة فیما سواه ﴾ [٢] واتە : نوێژ کردن لە مزگەوتی من خێری زیاترە لە هەزار نوێژی مزگەوتی تر مەگەر لە (المسجد الحرام) نەبێ نوێژی مزگەوتی (المسجد الحرام) خێری زیاترە لە ١٠٠/٠٠٠ سەد هەزار نوێژی مزگەوتی تر (ابی سعید الخدری) وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ﴿ لا تشد الرحال الی ثلاثة مساجد المسجد الحرام و المسجد الاقصی ﴾ [٣] واتە : خۆ توند کردن بۆ چوونە ئەو سێ مزگەوتە نەبێ دروست نی یە مزگەوتی (المسجد الحرام) مزگەوتی من و مزگەوتی ئەقصا . ئەم فەرموودەیە بەڵگەی تێ گەیشتنی کورت مەڵهێنانە کە حەرامە خۆ توند کردن و سەفەر کردن بەمەبەستی غەیری ئەو سێ شوێنە وەکو زیارەتی پیاو چاکان چ مردوو بن چ زیندووبەنیازی نزیك بوونەوە لە خواوە بەمەبەستی شوێنی گەورە شوێنی گەورە بە نیازی (تەبەڕوك) کردن و نوێژی لێ بکەی وە شێخ (ابو محمد الجوینی) و کۆمەڵی زانای تر بۆ ئەوە چوونە ئەوە بەڵگەیە لەسەر هەندێ کە (اصحاب السنن) ریوایەتیان کردوە (ابی بصرة الغفاری) ئینکاری چوونی ابو هریرەی کرد کە چووە کێوی‌وهوار بە ابو هریرە ی ووت کە پێش ئەوەی دەرچی بۆکێوی حوار بتگەیشبامە تۆ ئەم دەهیشت بچی بەلگەش ئەو فەرموودەی بۆ هێنایەوە ئەبو هریرەش قسەکەی پی‌خۆش بوو ووتی راست دەکەی (٤) له

فەرموودەی (ابی سعید) هاتوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ﴿ اذا جاء احدكم الى المسجد فلينظر فان راى فى نعليه قذر أو اذى فليمسحه وليصل فيهما ﴾ وهذا صحيح صححه الائمة واتە : ئەگەر یەکێکتان هاتنە مزگەوت باتەماشای نەعلەکانی بکا ئەگەر دیتی پیسی پێوەیە با بیسرێتەوە و نوێژی پێوە بکا (هیچ جیاوازی نێوان نەعلی ئێستاو ئەو کاتی نیيە) (ابن اوس) لە باوکیەوە ورتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ﴿ خالفوا اليهود فانّهم لا يصلون فى نعالهم ولا خفاهم ﴾ [1] واتە : پێچەوانەی جولەکەکان بکەن چونکە ئەوان نوێژی بەنەعل و خوفەوە ناکەن

بەشێك لە نوێژ کردن

پێش ئەوەی دەست بەم باسە بکەین پێم خۆشە باسی فەرموودەیەك بکەین دەربارەی دەس نوێژ شوشتنێ لەبەر گرنگی . (عمـــر)ورتی پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی ﴿ ما منكم من أحد يتوضا فيحسن الوضوء ثم يقول ((اى وهو قائم متقبل القبلة)) أشهد أن لا إله الا الله وحده لا شريك له وأشهد ان محمد عبده و رسوله الا فتحت له ابواب الجنة الثمانية يدخل من ايها شاء ﴾ [2] واتە : هەر کەسێك لە ئێوە نیە دەست نوێژەکی جوان بشوا دوایی بە پێوە ڕوو لە قیبلە بڵی (أشهد أن لا إله الا الله وحده لا شريك له وأشهد ان محمد عبده و رسوله) مەگەر ئەوە خوا هەر هەشت دەرگای بەهەشتی لێ دەکاتەوە بە کەیفی خۆی لە کامەیان دەچێتە ژوورەوە .
خوای گەورە دەربارەی هاوەڵەکانی جەهەنەم فەرموویەتی ﴿ ما سلككم فى سقر قالوا لم نك من المصلين ولم نك نطعم المسكين وكنا نخوض مع الخائضين وكنا نكذب بيوم الدين حتى اتانا اليقين فما تنفعهم شفاعة الشافعين ﴾ واتە : چ شتێك ئێوەی بەرەو دۆزەخ ڕاکێشا دەڵێن لە نەنوێژ کەران بووین وە خۆراکمان بەهەژاران نەدەدا وە هەمیشە لە گەڵ قسە پوچان دابوین وە ڕۆژی دوایی مان بەدرۆ ئەزانی تا مەرگمان گەیی . وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ﴿ بين العبد وبين الكفر ترك الصلاة ﴾ واتە : جیاوازی لە نێوان بەندەی موسڵمان و پیاوی کافر تەرك

کردنی نوێژە ، هەروەها فەرموویەتی (العهد الذي بيننا وبينهم الصلاة فمن تركها فقد كفر) (٢) واتە ئەو پەیمان و بەڵێنەی لە نێوان ئێمەو کاورەکا دایە نوێژکردنە هەر کەسێ نوێژ تەرك بکا ئەوە هەر کافرە نوێژ نەکەری بە ئەنقەسەت بە پێی مەزهەبی جمهور گوناهبارە دەبێت وە گێڕانەوەی لەسەر واجب دەبێت ، ابن تمیمە دەڵێن نوێژ نەکەری بە ئەنقەست گێرانەوەی نوێژەکانی بۆ نیە بەڵکو سوننەت زیاد بکات ، ابی حنیفە ومالك وشافعی دەڵێن نوێژەکان دەگێڕێتەوە پاش دەرچوونی کات ، هەتا مالیك و ئوبو حنیفە دەڵێن یەکێك بە ئەنقەس نوێژی نەکرد دەیگێڕێتەوە پێش ئەو نوێژەی کە کاتی هاتووە ئەگەر ئەو نوێژەی بە ئەنقەسەت نەیکردووە پێنج نوێژ یان کەمتر بێ ئەوا دەیگێڕیتەوە وە پێش ئەو نوێژەی کاتی هاتووە بەڵام ئەگەر زیاتر بوو لە پێنج نوێژ ئەوا دەیگاێڕێتەوە دوایی ئەو نوێژەی کاتی هاتووە (*) لە (انس) ی ووتی پێغەمبەر ﷺ (اخف الناس صلاة في تمام) واتە نوێژی لە هەموو کەس سووك تر بەتەواوی دەکرد (القاضي) وتویەتی نوێژ کردن ئەوەیە کەمی قورئان تێدا بخوێنێ و دوعای کورت لە ڕکاتەکان بکەیەوە تەواوەتی نوێژ کردنیش ئەوەیە هەموو ڕوکنەکان سوننەتەکان مانەوە لە سوجدەو ڕکاتەکان بە ئەندازەی ووتنی ٣ جار سحان الله کردن بێت (٤) لە (المرقات) القاری) ووتویەتی ماناى نوێژى سووك کردنئەوەیە یانی پێغەمبەر لە غەیری شوێنەکانی خۆی نوێژی درێژ نەکردۆتەوە وەکو پێشەوا گەورەکان لە زەمانی ئێمە دەیانکرد پیتەکانیان درێژ دەکردەوە بە ئەندازەی سروشتی خۆی بە ئەندازەی (٣) الف بوو لە (عبد الله) ووتی پێغەمبەر ﷺ فەرمووی (اذا ركع احدكم فقال في ركوعه سبحان الله ربي العظيم ثلاث مرات فقد تم ركوعه وذلك ادناه واذا سجد فقال في سجوده سبحان ربي الاعلى ثلاث مرات فقد تم سجوده وذلك ادناه) واتە ئەگەر یەکێکتان ڕکوعی برد لە ڕکوعەکی (٣) جاران بڵێ (سبحان الله العظيم) ئەوە ڕکوعەکەی تەواوە ئەوەش لایەنی کەمەکەیتی وە ئەگەر سوجدەی برد بالە سوجدە بردنەکەی (٣) جاران بڵێ (سبحان ربي الاعلى) ئەوە سوجدە بردنەکەی تەواوە ولایەنە کەمەکەیتی (احمد) ووتویەتی (سبحان الله) ووتن لە ڕکوع سوجدەی و ووتنی (سمع الله لمن حمده ربنا لك الحمد) و زکرەکانی نێوان سوجدەکان و ووتنی هەموو

---

١) عون المعبود شرح سنن ابي داود مجلد ٨ ص٢٥٤

٢) رواه الخمسة الا البخاري وزاد الترمذي (اللهم اجعلني من التوابين واجعلني من المتطهرين)

٣) تحفة الاحوذي شرح جامع الترمذي المجلد ٢ الحديث ٢٢٧

٤) رواه الترمذي وابو داود (التاج ص ١٩٠)

(*) فقه السنة ج ١

(الله اكبر)ەكان لە نوێژ پێویستن (واجب)ن جا هەر كەسێ شتێكی لە وانە تەرك كرد بەئەنقەستی ئەوە نوێژ كردنەكەی بەتاڵە . ئەگەر لە بیری چوو نوێژەكەی بەتاڵ نابێتەوە بەڵام سوجدەی سەهوی دەوێ (سوجدەی سەهوو ئەوەیە بەر لە سەلامدانەوە دوو سوجدان ببار ئەنجا سەلام بداتەوە) ئەوە قسەی ڕاستی ئیمامی (احمد)ە وە لە ڕیوایەتی تری (احمد) وەكو جەماوەری زانایان دەڵێ ئەو شتانە سوننەتن وە ئەو كەسانە دەڵێن ئەو شتانە لە نوێژ پێویستن بەڵگەیان ئەو فەرموودەی (عقبة بن عامر) ی‌یە كە فەرموویەتی ﴿صلّوا كما رأيتموني‌اصلـي﴾ واتە : نوێژ بكەن وەكو چۆن نوێژێ دەكەم . وە خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ وسـجوده ... ﴾ وە تەنیا لە نوێژ كردن پێویستە جا هەوڵدە نوێژەكەت وابێ [1] (غەزالی) ڕەحمەتی خوای لێ بێ وتویەتی نوێژكەر گفتو گۆ لە گەڵ خوا دەكا وەكو لە فەرموودە دا هاتووە قسە كردنیش لە گەڵ بێ ئاگایی پێی ناگوترێ گفت و گۆ كردن وە هیچ گومانیشی تێدا نی‌یە مەبەست لە قورئان خوێندن و زكرەكان و حەمدو سەنا و پاڕانەوە قسە كردن لەگەڵ خوایە جا ئەگەر دڵ و دەروون داپۆشراو بوو بەپەردەی بێ ئاگایی و بێ ئاگا بوو لە گەورایەتی خوا هەر زمانی بۆ خۆی دەجولا بەحوكمی عادەت ئەوە زۆر دوورە خوا ئەو نوێژەی وەربگری [2] . خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ و اذكر ربك في نفسك تضرعا و خيفة و دون الجهر من القول ﴾ لە پێشەوە كراوەتە كوردی مەبەست لە زكر كردن ئەوە هەر لە دەروونی خۆیتی زانا بێ بەمانای ئەو زیكرانەی كە بەزمانی دەیڵێ و دڵی ئامادە دەكا بۆ سیفاتە تەواوەكانی خوای گەورە چونكە ئەو زیكر كردن بە زمان ڕووت بێ لە زكر كردنی بە دڵ ئەوە هیچ سودێكی نی‌یە [3] . بەڵام لە بارەی تەرك كردنی نوێژی بە كۆمەڵ ئەوە لە گوناهە گەورەكانی شەست و

(1)عون المعبود شرح سنن ابی داود حديث ٨٥٧

(٢) تفسير الكبير المجلد ١٢ سورة المؤمنون

(٣) تفسير الكبير سورة الاعراف / ٢٠٥

پێنجی پەرتووکی (الكبائر) لاپەرە ٢٥٥ دا هاتووە بریتیـیە لەوەی تەركی نوێـژ بە كۆمەڵ بكەی بۆ خۆت بەتەنیا لە ماڵەوە نوێژان بكەی بەبێ عوزر (ابـن المنـذر) وتوویەتی بانگ و قامەت بۆ هەموو نوێژەكی بە كۆمـەڵ پێویستە ج نیشتەجێ بی ج لەسەفەردابی چونكە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی بە بانگدان داوە ، فەرمانی ریش دیارە پێویستە [4] ، خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ یـوم یكشـف عـن سـاق و یدعون إلى السجود فلا یستطیعون خاشعة ابصارهم ترهقـهم ذلـة وقـد كـانوا یدعـون الى السجود وهـم سـالمون ﴾ واتـە : ڕۆژێ لاق هەڵئەنەكرێ و بـۆ سـوژدە بـردن بـانگ ئەكرێن جا ناتوانن چاویان داهێشتۆتە خوارێ و پەستی ئەوانی داگیر گرتووە ، بەر لەمەش بۆ سوژدە بردن بانگكرابوون كەوا ساغ و سەلامەت بوون (كعـب الاحبـار) وتـی ئەو ئایەتـە لـە شـانی ئەو كەسانە هاتـە خـوارێ كە لـە نوێـژی بـە كۆمەڵ دوا ئەكەوتن لەو فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو ئایەتـە هەڕەشەی تونـد هەیە بۆ ئەو كەسانەی كە نوێـژی بە كۆمـەڵ فەرزە لەسەر هـەموو كەسێكی چـی نوێژەكە تایبەتی بی پـێ‌ی وەكو نوێـژی هەینی بەڵگەش ئەو فەرموودە پێغەمبـەر (ﷺ) ﴿ لا صلاة لجـار المسـجد الا فـي المسـجد ﴾[5] واتـە : ئـەو كەسـەی جـیرانی مزگەوتە نوێژی بۆ نیـە مەگـەر نوێـژی مزگـەوت نـەبێ .

ئەو پینج نوێژانە یەكیك بیان پـاریزی (بـەریكی و بـە بـەردەوامی) ڕۆژی قیامـەت رزگـار دەبیت بۆی دەبنە نور (روناكی) و برهان (بەلگە) وە ئەوەی نەیان پاریزی ڕۆژی قیامەت نە رۆنـاكی و نـە بەلگـەو نـە رزگـاری دەبیـت لـەو ڕۆژەی لەگـەل دەبیـت . ئیـبن و عبـاس ، رەزای‌خوایان لی بیت فەرمووی كەسیك گوێ‌ی لە بانگدانی نوێـژ بوو وەلامی داوەو نەهاتە مزگەوت ، نوێژەكە دەكات ، نوێژەكەی دروست نی یە و لە خواو پیغەمبەر عاسـی (یـاخی) بووە خوای گەورە دەفەرمووی ((انما یعمر مساجد من آمن بالله والیـوم الآخـر))(١)(الشـافعی) وتویـەتی ئـەو كەسانەی توانایـان هەیـە بینـە نویـژی بەكۆمـەل روخسـتەتیان نـادەمی بـەبی عوزرنیە نە نویژی (٦) (عرباض بن ساریة) وتی پیغەمبەر (ﷺ) (٣) كەرەت دوعای بۆ ریزی یەكەم دەكرد وە یەك جار دوعای بۆ ریزی دووەم كرد (١) دوعای بۆ ئەوانی تر نەكرد بەلكو وادەی ئاگری پـی دەدان ئەگەر بەردەوام بن لە دوا كـەوتنی نویـژی بـە كۆمـەل ، ئـەبو داود ریوایەتی كردوە (بەردەوام كۆمەلیك لە ریزی یەكەم لە نویـژ كردنی بـە كۆمـەل دوا دەكەون هەتا خوا دوایان دەخا لە ئاگر .

٤) تفسیر القرطبي ٥) فرجة ابوداود وصححه وغیر ٦) تفسیر القرطبي سورة البقرة

(٢) هەروەکو گەورایەتی ڕێزی یەکەم چەسپاوە ، گەورایەتی لای ڕاستەش بە هەمان شێوە چەسپاوە وە ئەبو داود ڕیوایەتی کردوە خواو فریشتەکان صەڵەوات لە سەر ڕێزی لای ڕاستەوە لێ ئەدەن هەر خوا زاناترە . وە فەرموودەیەک هەیە باسی ئەکەین دەربارەی سووک کردنی نوێژی بە کۆمەڵ و ڕێک و پێک کردنی چونکە بە گشتی سودی بۆ بڕوا داران هەیە بە تایبەتی بۆ مەلایان (ابن مسعود) ووتی پیاوێک هات ووتی ئەی پێغەمبەری خوا سوێند بەخوا ئەمن لەبەر ئەوە لە نوێژی بەیانی دوا ئەکەوم فلانە کەسێ چونکە نوێژەکەی زۆر دوورو درێژە و زۆرمان ڕائەگرێ (عبدالله) ووتی پێغەمبەرم ئەوەندە بە توورەیی نەدیبوو وەکو توڕەبوونی ئەو ڕۆژەی ، دوایی فەرمووی بەڕاستی سەیرە پێوە خەڵکی لە نوێژ کردنی بە کۆمەڵ دەرەوێننەوە ، هەر یەکێتان پێش نوێژی بۆ خەڵکی کرد با نوێژەکەی بە سووکی بکا چونکە پیاوی بێ هێزو پیرو خاوەن کار نوێژی لە دوایی دەکەن بەڵام ئەگەر بۆ خۆتان نوێژتان کرد چەندی پێتان خۆشە نوێژەکەتان درێژ بکەنەوە (٢) لە عثمان بن أبي عاص) ووتی پێغەمبەری خوا بمکە پێش نوێژی قەومەکەم ووتی تۆش پێش نوێژیان بۆ بکە بەڵام چاو لە بێ هێزترین کەسیان بکە بانگدەرێکی ڕابگرە بەڵام پارەی لەسەر وەر نەگرێ (٤) وە نوێژی سوننەت لە ماڵێ خێرە زیارتە تا لە مزگەوت . (زید بن ثابت) ووتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (صلاة المرء في بيته افضل من صلاته في مسجد هذا الا المكتوبات) (٥) واتە : پیاو لە ماڵەکەی خۆی نوێژ بکا خێری زیاترە لە نوێژی مزگەوتەکەم مەگەر نوێژە فەرزەکان نەبێ (سوودێکە) دەرچوونی پیتی (الضاد) لە شوێنی دەرچوونی خۆی گرانە لە سەر خەڵکی (عەوام) توانایان نیە دەری بێنن لە (شرح الشاطبية) کە ناونراوە بە (كنز المعاني شرح حرز الاماني) هی شيخ ابي عبدالله محمد بن احمد ناودار بە (شعلة الموصلي الحنبلي) ادا هاتووە دەڵێ (پیتی الضاد) و (الضاء) و (الذال) لە بیستنی لەیەک دەچن وە پیتی (الضاد) لە (الضاء) بەئاسانی لێک نابنەوە مەگەر بە جیاوازی دەربڕینێک نەبێ وە زیانە درێژ کردنەوەی پیتی (الضاد) نەبێ ئەگەر لێ یان بێ ئاگابوون هەردوک وەکو یەکیان لێ دێ (فخر الدين الرازي) ووتەیەتی پیتی (الضاد) بە (الضاء) چواندن نوێژی بەتاڵ ناکاتەوە چونکە بەڵگە هەیە بەیەک چوندنەکی زۆر لە نێوان هەردوو پیت دا هەیە وەلە یەک جیا کردنەوەیان گرانە . جا بۆیە پێویستە تەکلیف کردن بە جیا کردنەوەیان نەمێنێ لە (فتوى) قاضی خان دا هاتووە ئەگەر (الضالين) بە (الضاء) یابە (الذال) خوێندراوە لو نوێژی تەمێژیەکە تێک ناچێ بەڵام ئەگەر (الضالين) بە (الدال) یان بە (لام) خوێندراوە (کە هەندێ مەلا وا ئەخوێننەو) ئەوە نوێژەکە تێکەچێ.

(جوله کردن له نوێژ)

ئەوەی خەڵک بە کەمی دائەنێ لو نوێژ زیانی نیە وەکو وەڵام دانەوەی سەلام بە ئیشارەت،لە پێ کردنەوەی کەوش و بەرز کردنەوەی مەندیل یان دانانی و لەبەرکردنی جلێکی سوک یان لەبەر ك ردنەوەی یان هەڵگرتنی مندڵی بچوک و دانانی یان پاڵ نانی تێ پەڕبوو لابردنی بلەسەر لەش و ئم جۆرە شتانە بەڵام ئەوەی کە خەڵك بە زۆری دائەنێ ئەوەی نوێژ بە تاڵ ئەکاتەوە چەند

١) رواه النسائي والحاكم وصححه ٢) رواه ابن ماجة وصححه ٣) رواه الخمسة ٤) رواه الخمسة الا البخاري

هەنگاوێکی لە دوای یەك بەجۆرێك کەسێك لە دوورەوە بیبینێ بێگومان کە ئەوەی لە نوێژ دانیە ، زۆربەی زاناکان لەسەر ئەوەن کە ئەو شێوەی نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە ئەگەر لەدوای یەك بێت بەڵام ئەگەر پچراو بێت وەك ئەوەی هەنگاوێك باوێت و دەمێك ئارام بگرێت ئینجا هەنگاوێك یان دوو هەنگاوی باوێ دیسان ئارام بگرێتەوە زیانی نیە ئەگەر بێتە سەد هەنگاویشبێ هەم جۆرە ، ئیمامی نەوەوی ووتی جوو لەسەکەکان وەکو پەنجە جولاندن یان خوراندنەش ئەوەی راست و دیارە نوێژ پێ ی بەتاڵ نابێ هەر چەندە لە دوایی یەکیش بێ بەڵام مەکروهە ، ئیمامی شافعی رحمەتی خوای لێبێ دەفەرمووێ ئەگەر ئایەتەکانی قورئان بژمێرێت بە دەست نوێژەکەی بە تاڵ نابێت بەڵام وباشتر نەیکات *بوون هەردوك وەکو یەکییان لێدێ (فخرالدین الرازی) ووتویەتی پیتی (الضاد) بە الظاء) چواندن نوێژی بە تاڵ ناکاتەوە چونکە بەڵگە هەیە بەیەك چوندنەکی زۆر لە نێوان هەردوو پیت دا هەیە وە لە یەك جیا کردنەوەیان گرانە . جا بۆیە پێویستە تەکلیف کردن و جیا کردنەوەیان نەمێنێ لە (فتوی) ی قاچی خان دا هاتووە ئەگەر (الضالین) بە الظاء) یابە (الذال) خوێندراوە لە نوێژی نوێژەکە تێك ناچێ بەڵام ئەگەر (الضالین) بە (الدال) یان بە (لام) خوێندراوە (کە هەندێ مەلا دەخوێننەوە) ئەوە نوێژەکە تێك دەچێ . سودێك پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی بەنەعلەوە کردوە دوایێ هەر لە نوێژی لە پێ ی کردەوە وە خەلکەکەش لە پێیان کردەوە دوایە ئەوەی سەلامی داوە ووتی ئێوە بۆ نەعلەکانتان لە پێ کردەوە ووتیان ئەتۆمان دیت لە پێت کردەوە ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی جبرائیل هات هەواڵی دامێ نەعلەکانت پیسن لە پێیان کەوە ، بۆیە منیش لە پێم کردەوە ، وە پێغەمبەر (ﷺ) پێ ی ناخۆش نەبوو نوێژی بەنەعلەوە بکا ، بەڵکو ئینکاری سەحابەکانی کردوە کە نەعلییان لە پێکردەوەو پێ ی فەرموون من بۆیە نەعلەکانم لەبەر کردەوە چونکە پیس بوون (١) (جا هیچ جیاوازیەکیش لە نێوان نەعلی ئێستاو ئەو کاتی نیە با هەر هەندێ کۆلکە مەلا وەبلێن)

(مەسەلەیەك) هەندێك لە ئیمامەکان (الله اکبر) ی نوێژ دابەستان و سەلام دانەوەی نوێژ درێژ دەکەنەوە بەڵام (تەکبیر) جەزمەو سەلام دانەوەش جەزمە واتە نابێت درێژ بکرێنەوە . لە ئەبو هوریرە خوای لێرازی بێت وەرگیراوە کە پێغەمبەر ((ﷺ)) فەرمووی (سەلام دانەوە سوننەتە (حەزف) بێت واتە سووك ووتن و درێژ نەکردنەوەی داوا کراوی شەرعە ، ئەو فەرموودەی ابراهیم النخعی پشتگیری ئەمەیە کە هاتووە تەکبیر جەزمەو سەلام دانەوە جەزمە واتە نابێت درێژ بکرێتەوە (ترمذی) هی تریش وا دەڵێن ئەوەش پەسندە لە لای ئەهلی عیلم واتە زانایان (١)

١) رواه النسائي والحاكم صححه

٢) رواه ابن ماجة وصححه بلفظ كان يستغفر للصف المقدم ثلاثا والثاني مرة

٣) رواه الخمسة ٤) رواه الخمسة الا البخاري ٥) رواه ابو داود

بەشێك لە نوێژ كردنی تەراویح

بزانە نوێژی تەراویح كردن سونەتە ، زاناكان لەسەر ئەوە ڕێكەوتن كە بریتی‌یە لە بیست ڕكات وە لە دوای هەردوو ڕكات سەلام دەدرێتەوە ، وەسیفەتی نوێژەكانیش هەروەكو نوێژەكانی ترە و دوایی باسی هەموو زكرەكانی پێشی دەكەین وەكو دوعای (الافتتاح) و تەواو كردنی هەموو زكرەكان و بەجێ هێنان تەحیات و دوعاكانی دواوەی بێجگە لەوانە هەر چەندە لاتان ئاشكرایە بەلأم ئەوەی ئاگادارم كردنەوە لەسەری چونكە زۆر خەڵك هەنە نوێژی تەراویحی زۆر بەسووكی دەكەن و زكرەكان ناكەن وە زۆر زاناكان ئەوەیان هەڵبژاردووە قورئان لە نوێژی تەراویح بخوێندرێ و وتویانە خەڵك قورئان خوێندنی تێدا بەجێ بێنن و كاری پێ بكەن و قورئانی تێدا ختم بكەن بەدرێژایی مانگی ڕەمەزانێ وەهەر شەوەی یەك جزمی قورئانی تێدا بخوێنن ، وە سونەتە قورئانی‌بەتەرتیل لێ بخوێنن لە نێوان نوێژەكان زۆر وریا بن لە درێژە پێدانی قورئان خوێندنی لە جزمەك زیاتر [2] . بەلأم ئەو نوێژە تەراویحەی ئێستا كەبە پەلە (مسابقة) دەكرێ یەكێكە لەو بیدعە فاشی‌یانەی كەلەبەر نەزانی و تەمبەڵی مەلایەكانەوە دەكرێ . وە لە (التحفة) دا هاتووە بڕیاری لەسەر ئەوەیە لەو حالەتانە نوێژی بەتەنیا لە نوێژی بەكۆمەڵ چاكترە نەخوازە لا ئەگەر نوێژ كەر زانی یا گومانی وابوو مەلا هەندێ ڕوكنەكان بە تەواوی ناكا لەو كاتە ئەسلەن هەر دروست نی‌یە ئەم مەلایە نوێژی لە دوا بكرێ [3] . ئەو (حدیث)ەی دەفەرموێ ﴿ الامام ضامن فان احسن فله ولهم وان اساء فعلیه ولا علیهم ﴾ [4] واتە : مەلا زامنی نوێژە ئەگەر نوێژەكەی

(١)التفسیر الكبیر المجلد ٢٢ ص[18]

(٢) الاذكار النووی ص[166]

(٣) بغیة المسترشد ص[67]

(٤) فقه السنة ص[241]

بەباشی کرد ئەوە خێری دەگاتە خۆی دەگاتە نوێژکەرەکان بەڵام ئەگەر نوێژەکەی بەخراپی کرد ئەوە خێری ناگاتە خۆی بەڵام دەگاتە نوێژکەرەکان .
وە لە فەرموودەی ڕاست دا هاتووە ﴿من سنة في الاسلام سنة حسنة كان له اجرها واجر من عمل بها بعده من غير ان ينقص من اجورهم شئ ومن سن في الاسلام سنة سيئة كان عليه وزرها ووزر من عمل بها بعده من غير ان ينقص من أوزارهم شئ ﴾ [1] واتە : هەر کەسێ ڕێبازەکی باش لە ئیسلام دابنێ پاداشتی بۆ هەیە و وە ئەو کەسەی دوای ویش لەسەری بڕوا پاداشتی بۆ کابرا هەیە بێ ئەوەی پاداشتی وان کەم بێتەوە ، وە هەر کەسێ ڕێبازەکی خراپ دابنێ لە ئیسلام ئەوە گوناهی بۆ خۆی هەیە وە ئەو کەسانەی دوای ویش لەسەری دەڕۆن گوناهیان پێ دەگا بەبێ ئەوەی گوناهی وان کەم بێتەوە . (عبد الله) ووتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ﴿ اذا ركع احدكم فقال في ركوعه سبحان ربي العظيم ثلاث مرات فقد تم ركوعه وذلك ادناه و اذا سجد فقال في سجوده سبحان ربي الاعلى ثلاث مرات فقد تم سجوده وذلك ادناه ﴾ [2] . لە سەر مەلایە سوننەتەکانی نوێژی تەراویح تەواو بکا کە شەرع باسیان کردوە ، بەهەقی خۆی بیان کا زیاد نەبێ لە فیتنە چیان بێ وە نەکەمیش لە خائینان بێ . وە هەر کەسێ بیر بکاتەوە دەزانێ ئێستا هەندە مەلای مزگەوتان هەیە دزی لە نوێژی دەکەن و خائینن چونکە ئەگەر مەلاکەمی کرد لەوەی داوای لێ کرایە نوێژەکەرەکانیش سەبارەت بەوی کەمی دەکەن چونکە نوێژی لە دوا دەکەن جا مەلا دەبێتە زامنی کەم و کوڕی نوێژەکەی و نوێژکەرەکان هەروەکو لە فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) داهاتووە (مەلا زامنی نوێژە) یانی کەفیلی نوێژی نوێژکەرەکانی دوارەی خۆیتی بە تەواوی . نوێژکردنی تەواو ئەوەیە هەموو ڕوکنەکان و سوننەتەکان بکەی و لە سوجدە و ڕوکوع بەئەندازەی سێ جار ووتی سبحان الله بمێنێتەوە [3] . هەندێ خیانەت هەیە لە نوێژی دەکرێ بۆ نموونە مەلاکە بەر بەپەلە کردنی نوێژەکەی تەرکی ئەو زکرانە دەکا کە لە نوێژی تەراویح داهاتووە . هەندێ خیانەت هەیە لە نوێژی

تەراویح دەکریٚ ئەویش لەبەر پەلەپەل کردنی مەلا لە نویٚژیٚ ئەو زیکرانە ناکا کە لە نویٚژیٚ دا هاتووە کە ئەم خیانەتانەی لای خوارەوەیە :-

خیانەتی یەکەم : مەلاو نویٚژکەرەکان لەگەلٚ یەك پیٚکەوە فاتحە دەخویٚننیٚ و دەچنە رکوع و سوجدە بەم جۆرە گەورایەتیٚ نویٚژی بەکۆمەلٚ دەفەوتیٚ هەروەکو لە (بغیة المسترشدین) لە لاپەرە (٨٠) دا هاتووە .

خیانەتی دووەم : تەواوەتی نویٚژ ئەوەیە نویٚژەکە بە هەموو رکنەکان و سونەتەکانەوە بکریٚ و لەسوجدەو رکوع بەئەندازەی ووتنی ٣جار سبحان الله بمیٚنیتەوە ، ئەگەر شتیٚکی لیٚ کەم کراوە دەبیٚتە خیانەت کردن .

خیانەتی سیٚیەم : ئەگەر مەلا کەم و کورِی هەبوو لەو شتانەی لە نویٚژ کردن داوای لیٚ کراوە ئەوە نویٚژکەرەکانیشی لەبەر مەلا نویٚژەکەیان بەکەم و کورِی دەکەن چونکە نویٚژ لەدوای ئەو دەکەن بۆیە مەلا دەبیٚتەزامنی کەم و کورِی نویٚژکەرەکان وەکو لە فەرز داهاتووە (مەلا زامنە یانی کەفیلی تەواوەتی نویٚژ کەرەکانە) جا مەلا لەسەریەتی نویٚژەکەی بەریٚك و پیٚکی بکا چونکە تەواوی نویٚژەکەی تەواوی نویٚژەکەی نویٚژکەرانە وە مەلا هیٚندەی وانیش خیٚری دەگاتیٚ بەلاٚم ئەگەر کەم و کورِی هەبوو لە نویٚژەکە ئەوە هەر دەگەریٚتەوە بۆ مەلاو نویٚژی نویٚژکەرەکان تەواوە .

خیانەتی چوارەم : هەندیٚ مەلا لەگەلٚ نویٚژ کەران پیٚکەوە فاتحەی دەخویٚنن و نویٚژکەرەکان پیٚ راناگەن بلیٚن ئامین لەبەر پەلەپەل کردنی مەلای چونکە فاتحەی پیٚکەوە دەخویٚنن . وەکو لە فەرموودەی بخاری و مسلم دا هاتووە ئەگەر ئیمام ئامینی کرد ئیٚوەش لەدوای ئامین بکەن هەر کەسیٚ ئامین کردنەکەی ریٚکی

(١)تفسیر القرطبی سورة القیامة / ١٣

(٢) رواه الترمذی و ابو داود

(٣) تحفة الاحوذی شرح جامع الترمذی م/٢ ص٣٧

ئـامینی مــەلای کــرد ئــەوە فریشـــتە ئــامینی لەســـەر دەە ـا و ھ واا و
گوناھەپێشووەکانیان خۆش دەبێ .
خیانەتی پێنجەم : یەك لە بیدعە ھەرە خراپەکان ئەوەیە ھەندێ مەلا تەراویحی سورەتی (قـل ھـو الله احـد) بەدوو جـاران دەخوێنـن لەھـەردوو ڕکاتـان ئایـا لـە سەحابەکان گوێی لێ بووە ئایا شتی واتـان لـە ھیچ کتێبەکی شـەرعی دیتـوە ؟! لە ھیچ ئایەت و فەرموودەك شتی وا ھەیە ! ئەدی پێغەمبەر (ﷺ) نـەی فـەرمووە (صلوا . . .) کراوەتە کوردی لە پێشەوە ڕواڵەتی فەرموودەکە بۆ پێویسـت بوونـە قەت پێغەمبەر (ﷺ) نیوەی سورەتی (قـــل ھــو الله احـــد) ی لـە ڕکـاتی یەکـەم نەخوێندوە وەنیوەکەی تریش لە ڕکاتی دووەم بخوێنـی ! (القـاضی) وتویـەتی شتەکی باش نیە لە مانگی ڕەمەزانێ قورئان ختم نەکرێ چونکە خەڵك گوێیان لە ھەموو قورئـان نـابێ وەلـە ختـم کردنیش زیاتر نـەبی چونکـە ئەگـەر زیـاتربوو لەسەر نوێژکەرەکانی پشـت مـەلای گـران و نـاخۆش دەبـی (ابـو ذر) وتـی لەگـەڵ پێغەمبـەر (ﷺ) ڕاوەستاین ھـەتا ترسـایـن پارشـێو خواردنمـان بچـی قورئـان خوێنی وا ھەبوودوسەد ئایەتی دەخوێند . (عمار بن یاسر) وتـی پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووی ﴿ ان الرجل لیصرف ای من صلاتە وما لە وما کتب لە الاعشـرھا تسـعھا ثمنـھا سبعھا خمسھا ربعھا ثلاثھا نصفھا ﴾ واتە : پیاو ھەیـە لـە نوێژەکـەی دەبێتـەوە ھیچـی بـۆ نانوسـرێ مەگـەر دەیـەکی نۆیـەکی ھەشـتێکی ، حـەوتێکی ، شەشـێکی ، پێنجـەکی ، چواریـەکی ، سـێیەکی نیـوەی نـەبێ جـا پیـاو ھەیـە نوێـژ دەکـا پاداشتی ھیچی بۆ نانوسرێ بەو ئەندازەی بەئاگا بووە لـە نوێژەکـەی و ترسـاوە و بەدڵسۆزی بۆ خوای گەورە کردویەتی . ھەندێ کەس ھەیە نوێـژێ دەکا بـەڵام دەڵـێی لەسـەر پۆلیە ڕاوەستاوە ، دەڵـێی کۆتـرە تەقلـەی لێ دەدات ، جا ئەگـەر کەسێك لەبەر دەستی خوا ڕاوەستی و پـێی ناخۆش بـی خزمـەتی خـوا بکـاو بەپەلـەبی دیـارە خـوای گـەورەش خزمـەتی ئـەو بـەندەی پـێ خـۆش نیـە (واللە المستعان) جابر دەڵێ ھەرکەسێ ڕکاتەك نوێژی کرد بەس فاتحەی تێدا نەخوێند

ئەوە وەکو ئەوە وایە نوێژی نەکردبی مەگەر لە دوای مەلاوە نەبی[1] بەڕواڵەت وا دیارە نوێژکەر لە دوای مەلا خوێندنی فاتحەی لەسەر نییە . وە خوای گەورەش فەرموویەتی ﴿ واذا قرئ القرآن فاستمعوا لـه و انصتوا ﴾ واتە : وە کاتێ قورئان دەخوێندرێ گوێی بدەنێ و بێ دەنگ بن هەروا لەبەر فەرموودەی (مسلم) گێڕاویتیەوە (اذا کبر الامام فکبروا واذا قرأ فانصتوا فلا فاتحة علی المأموم) واتە : کاتێ مەلا الله اکبری کرد ئێوەش الله اکبر بکەن و نوێژ دابەستن ، کاتی مەلا قورئانی خوێند ئێوە گوێ بگرن فاتحە خوێندن لەسەر نوێژکەری دواوەی مەلای نیە ، جەماوەری زانایان لەسەر ئەوەن هەروەها (احمد و مالك و ابو حنیفة) ش لەسەر ئەوەن بەڵام (ابو حنیفة) دەڵێ خوێندنی فاتحەی نوێژکەران لە دوای مەلای لە نوێژە بە دەنگەکان ناپەسندە ، وە الشافعي وەڵامی ئەو قسەی زوهری داوەتەوە کە دەڵێ وازیان لە قورئان خوێندن هێنا نابێتە بەڵگە لەسەر نەخوێندنی قورئان لە نوێژێ لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) (مالي انازع القرآن) واتە : قورئان بە دەنگ لە دەوام مەخوێنن لێم تێکەڵاو دەبێ بەڵکو هەردووکیان قورئان خوێندن بەئاشکرا قەدەغە دەکەن ، وەشافعي فاتحە لە سەر نوێژکەری پێویستە بخوێنێ لە دوای مەلا بەرەهایی (المطلق) لەبەر فەرموودەکانی پێشەوا بەڵام بە نهێنی بخوێنێ ، وە لە نوێژە بە دەنگەکان پاش ئەوەی مەلا لە فاتحە بۆوە ئەو کاتە نوێژە کەر پێش ئەوەی سورەتەکەی تر بخوێنێ ئەگەر نا هەر گوێ لە قورئان خوێندنی مەلای ڕابگری ئەوە شتەکی چاکەیە بەڵام ئەوەی لای جەماوەر ئاسان ترە (والله اعلم)[1]

- نوکتەیەکی ناسك

کەم و کوری لە نوێژی تەراویح وەکو گۆشت فرۆشێکی وایە ، ڕانە گۆشتێکی لە سەر تەرازووی دانێ بیفرۆشێ پیاوێك پێی بڵێ گۆشتم دەوێ بەڵام ڕانە گۆشتەکە زۆرە ئەمن تەنیا یەك کیلۆ گۆشتم بەسە ، گۆشت فرۆشەکەش هەرچی

---

(1)رواه الترمذي

گۆشتی بە ڕانەکەی وەیە لێی کاتەوە کیلۆ هیسکێکی بۆ بیلیتەوەو بیداتە دەست پیاوەکە ئەویش بگەڕێتەوە ماڵی و بڵێتە ژن و منالەکانی ها ئەوە کیلۆ گۆشتێکی ڕانم بۆ هێناون ، بەڵام لە ڕاستی دا یەك کیلۆ هێسکە نەك گۆشتە .

بەشێك لەو بیدعانەی لە نوێژی هەینی دەکرێ (مالك) لە (یحیی بن سعید) ی وتی (عبدالله بن سعود) بە پیاوێکی ووت ئەتۆ لە زەمانەك دای شەرع زانی زۆرە قورئان خوێنی کەمە ، سنورەکانی قورئانی تێدا دەپارێزرێ بە زایع ئەری پیتەکانی کەمن (یان قورئانی بەتجویدەوە دەخوێنن) ئەوەی داوا شتی لێ بکرێ زۆری دەدا ، نوێژی درێژ دەکەن ، وتاری کورت ئەدەن ، کردەوەکانیان پێش حەزو ئارەزووەکانیان ئەخەن ، بەڵام زەمانەك بە سەر خەڵکی دادێ شەرع زانی کەم دەبێ ، قورئان خوێنی زۆر دەبێ تەنها پیتەکانی قورئان لەبەر ئەکەن (یانی بێ تجویدەوە دەخوێنن) بە زایەع ئەری سنورەکانی قورئان زۆرن ئەوەی داوای شتی لێ بکرێ کەمی ئەدا ، نوێژی کورت دەکەن خوتبەی درێژ دەدەن حەزو ئارەزووەکانیان پێش کردەوەکانیان دەخەن پارێزگاری لەسەر فرەوان کردنی تێگەیشتنی جۆرەکانی خوێندنەوەی قورئان دەکەن [2] (الیبوطـــی) وتویەتی یانی ئەوانەی پارێزگاری قورئان دەکەن زۆر ترن لەوکەسانەی پارێزگاری لە سەر فرەوان کردن لە تێگەیشتنی جۆرەکانی خوێندنەوەی قورئان دەکەن .

(البونی) وتویەتی یانی فێر بونی سنورەکانی قورئان پێویستە و لەبەر کردنی پیتەکانی یانی خوێندنی هەر حەوت جۆرەکانی قورئـــــان سـوننەتە .

وە وشـــــەی (یقصرون الخطبة) یانی کـــار بە سوننەت دەکەن .

(ابوعمر) وتویەتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دەداو کردەوەی دەکرد ، پێغەمبەر (ﷺ) وتاری کورتی دەدا بە وشەی کەم و خۆش و پڕمانا زۆر قســـە کردن زۆر

(1)کتاب التاج ص177

(2)شرح الزرقاني على الموطأ للأمام مالك ص352 مجلد 1

ئامۆژگاری پێ ناخۆش بوو هەر ئەوەندەی دەووت کە لەبەری کەن ئەمەش بە وتار دانی کەم نەبێ ناکرێ .

(الباجي) وتویەتی مانای ئاخر زەمان ئەوەیە وتار ئامۆژگاریە ونوێژ کردن کارێکە دەیەوێ بڵێ کردەوەیان زۆرە ئامۆژ گاریان کەمە وەرستەی (اعمالهم قبل اهواءهم) الباجي) وتویەتی ئەگەر کردەوەی باش حەزو ئارەزووەکانیان پێکەوە نیشان بدرێ دەست بە کردەوەی باش دەکەن بەسەر حەزو ئارەزووەکانیان پێش دەخەن (قوله كثير قراؤة يحفظ فيه القرآن و تضيع حدوده) عەیبی لە ئاخر زەمان گرتووە یانی قورئان خوێندنەکان ناگەن و کاری پێ ناکەن مەبەستیان تەنیا خوێندنەوەی قورئانە ، قورئان خوێنی زۆر بەڵگەیە لەسەر گۆڕینی زەمانی لە پێغەمبەر (ﷺ)دەگێڕنەوە فەرموویەتی (اكثر منافق امتي قراؤها) واتە : زۆربەی قورئان خوێنەکانی ئۆممەتی من دوو ڕووەکانن . (مالك) وتویەتی ئەو کەسە دەبێتە قورئان خوێن هیچ خێری پێوە نییە[1] . ئەی برایان خەڵك بۆ نوێژی هەینی کۆ دەبێتەوە لە حاڵەتی بەندایەتیجۆراو جۆر هەیە لە ڕوکوع دایە هەیە لە سوجدەدایە ، هەیە قورئان دەخوێنێ ، هەیە زکری خوا دەکا ، هەیە بیر لە گەورایەتی خوا دەکاتەوە ... لەو کاتە پێش وتاداران بە ماوەیەك قورئان خوێن یا بانگدەر دێ دەست بە قورئان خوێندنێ دەکا بە (مكبرة) ی دەنگی دەڵێ گەورەی بەهارانە توخوا ئەوە حەرام نیە ؟! وە هەندێ مزگەوت قورئان خوێنی نەبێ (مسجل) ی قورئان لێ دەدەن وەکو ئەوە وابێ قورئان خوێندن لەوکاتەی پێویستە ، ئێمە ئینکاری ئەو بیدعانە دەکەین بەم بەڵگانەی لای خوارەوە یەکەم : خوای گەورە دەفەرموێ ﴿وذكر ربك في نفسك تضرعا وخفية ودون الجهر من القول﴾ واتە : وەیادی پەردگارت بکە لە دڵت بەگریان و زاری و ترس وە بەبێ دەنگی ئەوە بەڵگەیە لە سەر هەندێ دەنگ بەرز کردنەوەی زکر قەدەغەیە کە لە پێشەوە باس کرا .

دووەم : (ابن عباس) لە مانای ئەو بڕە ئایەتە ﴿ ودون الجهر من القول ﴾ دەڵێ واتە لە قورئان خوێندن دەنگ بەرز مەکەنەوە ئەو ئایەتەش مانای گشتی یە زیکرو قورئان خوێندن و دوعا سبحان الله و لا الـه الا الله و بێجگە لەوانەش دەگرێتەوە [2] .

سێیەم : (البياض) وتویەتی پێغەمبەر (ﷺ) چووە ناو خەڵکی نوێژیان دەکرد ، خەڵکەکە دەنگیان بەرز کردەوە لە ناو نوێژەکەیان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ﴿ ان المصلي يناجي ربه فلينظر بما يناجيه به ولا يجهر بعضكم على بعض القرآن لان فيه اذى و منعا من الاقبال على الصلاة وتفريغ السر لها وتامل ما يناجي بـه القرآن ﴾ . واتە : نوێژکەر گفت و گۆی لە گەڵ پەروەردگار دەکا جا تەماشا بکا بەچی گفت و گۆی لە گەڵ دەکا ، با هەندێك بە قورئان خوێندن دەنگی بەسەر هەندێك بەرز نەکاتەوە چونکە ئازارو بەرگری کردنی تێدایە لە ڕووکردنە نوێژێ و کات بەدەست وە بوونی نهێنی بۆ نوێژی و فکر کردنەوە لەو شتەی گفت و گۆی پێ دەکا بە قورئان .

چوارەم : خاوەنی پەرتووکی (تلبيس ابليس) لە لاپەڕە ١٤٣ دەڵێ شەیتان فریوی کۆمەڵی قورئان خوێنی داوە کە لە مزگەوتەکان قورئان دەخوێنن لە کاتی پێش بانگدانێ چونکە کاتی کۆبونەوەی خەڵکە لە مزگەوتێ .

پێنجەم : بەڵگەی ئێمە مەبەست (نوسەرە) جا ئێمە ئاینەکەمان لە خەڵکی (الحرمين الشريفين) وەرگرتوە یانی مەکەو مەدینە ئەوان قورئان ناخوێنن بە دەنگی بەرز لە کاتی کۆبوونەوەی خەڵکی لە ڕۆژانی هەینی لە زەمانی پێغەمبەرەوەرا هەتا ئێستا بۆ دەزانین ئەوە کردنی بیدعەیەکی کەس نەکردەیە (المنكرة)

---

(١) شرح الزرقاني على الموطأ مالك ص ٣٥٤

(٢) تفسير البيضاوي و المدارك

(جابر) ووتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ﴿ غلظ القلوب و الجفاء فی المشرق و الایمان فی اهل الحجاز ﴾ [1] واتە : دڵ ڕەقی و جەفادان لە ڕۆژ هەڵاتەوەیە وەبیر و باوەڕیش لە خەڵکی حیجازەوەیە قورئان خوێن لە ڕۆژی هەینی بەدڵ لە خوا ترسان (الخشوع) ی سەدان کەس تێك دەدا لەبەر کردنی بیدعە ئەویش ئەوەیە قورئان خوێن یابانگدەر بە دەنگی بەرز قورئان دەخوێنێ چونکە ناکرێ بەدڵ لە خوا ترسان و بیر کردنەوە لە گەورایەتی خوا لە گەڵ گرمەی (المکبرة) چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ﴿ تفکر ساعة خیر من عبادة ستین سنة ﴾ [2] واتە : بیر کردنەوەی کات ژمێرێك لە بەندایەتی کردنی شەست ساڵی خێری زیاترە . ئەی مەلا قورئان خوێن ، ئەی بانگدەر ئەمن تکاتان لێ دەکەم ئەگەر بەڵگەتان دیتەوە لەسەر قورئان خوێندنەکەتان ، یالەسەر سەڵەوات لێدان بەدەنگی بەرز کاتێ کە خەڵك بۆ نوێژی هەینی کۆ دەبنەوە بۆمان بێنن ئەگەر ڕیوایەتێك یا فەرمودەیەکی بێ هێز یا قسەی پێشەوایەکی سەلەف بێت ، ئەدی ئەگەر بەڵگەی نەبوو ئەوا پێویستە لەسەر زاناو مەلاکان ڕێنمایی قورئان خوێن و بانگدەرەکان بکەنەوە تەرکی ئەو بیدعەیە بکەن چونکە نوێژ تێك دان لە نوێژکەری حەرامە ئەدی ئەگەر بەسەدان کەس سەریان لێ تێك چووە دیارە ئەوە گوناهی گەورەترە .

ئاگادار کردنەوە :-

سەلەفەکان قەدەغەیان دەکرد دەنگ بەرز بکرێتەوە لە مزگەوتەکان کاتی خەڵك کۆ دەبونەوە بۆ نوێژ کردن لە گەڵ ئەوەشدا لەو کاتی (مکبرة) نەبوو ، ئەگەر (عمر بن خطاب) چاوی دیار دەبوو دەبوایە چی لە قورئان خوێن و بانگدەرانەی ئەو زەمانەی بکردبایە کە یەك بەدەنگی خۆیان لە (مکبرة)ی هاوار دەکەن و سەر لەو هەموو خەڵکە دەشێوێنن دەی کەواتە ئەگەر قورئان خوێندن بەدەنگی بەرز لە پێش وتاری هەینی یا لە پێش بانگی بەیانی ئاینی بوایە چۆن پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێمان نەدەکرد بیکەین یان چۆن سەحابە بەرێزەکان نەیان دەکرد

، یا چۆن هەر چوار پێشەواکان باسی‌یان نەدەکرد . بیدعەیەکی تر کە لە ڕۆژی هەینی‌یان دەکرێ کە پێچەوانەی سونەتە ئەویش وتاری درێژو نوێژکردنی کورتە یانی پێچەوانەی ڕەفتاری پێغەمبەر (ﷺ) ، بۆ نمونە ڕۆژەکی چومە نوێژی جومعە گوێم لە مەلایەکە بوو نزیکەی نیو سەعات ووتاری دا دوایی نوێژەکەی نزیکەی بە (٥) دەققان کرد ئەو بیدعەیە چەند لایەنەکی خراپی (السلبيات) تێدا هەیە کە ئەمانەی خوارەوەیە :-

یەکەم : درێژ کردنەوەی ووتار دەبێتە هۆی ماندوو کردنی گوێ گران چونکە پیرو نەخۆش و بێ هێزی تێدایە .

دووەم : ووتاری درێژ باسێك دەگرێتەوە ناو خۆی ئەمەش لەسەر گوێ گران هەر گرانە هەمووی لەبەر کەن و کاری پێ بکەن ، بەلاّم وتاری کورت کە یەك باس بێ لەسەر گوێگران ئاسانە لەبەری بکەن و کارو کردەوەی پێ بکەن ، چونکە هەموو شتێك بە پلە پلە وەردەگیرێ نەك بەیەك جاری پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ﴿ رحمة الله على خلفائي فقيل من خلفاؤك يارسول الله قال الذين يحيون سنتي ويعلمونها عبادالله ﴾ واتە : ڕەحمەتی خوا لەسەر خەلیفەکانی من بێ وتیان خەلیفەکانی تۆ کامەیە ئەی پێغەمبەر فەرمووی ئەو کەسانەی سوننەتی من زیندوو دەکەنەوە و فێری بەندەکانی خوای دەکەن . (يحيى بن عقيل)وتی گوێم لە (عبدالله ابن ابي اوفى)بوو دەیگوت پێغەمبەر (ﷺ) زۆری زکر دەکرد نوێژی درێژی دەکرد وتاری کورتی دەدا لەگەڵ بێوە ژنان و هەژاران دەڕۆی پێویستیەکانی جێبەجێ دەکرد مەبەست ئەوەیە پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی درێژتر بوو لەخوتبەدانی (والله اعلم) .[1](ابو وائل) وتی (عمار)وتاری بۆ داین وتاری زۆر کورت و پڕ مانا بوو کاتی لەمین بەر هاتە خوارەوە وتمان ئەی (ابا اليقظان)زۆر بەکورت و پڕمانا وتارەکەت دا خۆزگە هەناسەیەکی تر قسەت کردبا وتی گوێم

(١)رواه مسلم

(٢) تفسير الكبير البقرة / ٣٣

لەپێغەمبەری خوا بوو دەیفەرموو ﴿ ان طوال الصلاة الرجل وقصر خطبتـه مئنـة مـن فقهه فاطيلوا الصلاة واقصروا الخطبـة وان مـن البيـان لسـحرا ﴾[٢] واتـه : وتـار كـورت کردنەوەو نوێژ درێـژ کردنـەوە پیـاو نیشـانەی لـەئاینی گـەیشتنە جـا نوێـژ درێـژ کەنەوەو وتار کورت کەنەوە باوتـار وەکو جادو کـار لەخـەڵکی بکـا . جابر دەڵـێ پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژانی هـەینی درێـژەی بەوتـار نـەدەدا ، وتـاری چـەند وشـەیەکی سوك و ئاسان بوو .[٣] بیدعەیەکی تری ڕۆژانـی هـەینی ئەوەیـە بانگدەر لـەنێوان بانگی یەکەم و دووەمی ڕۆژی هەینی دەڵێ ﴿ عن ابی هریرة قـال رسـول الله (ﷺ) الجمعة جمع المساكين وعيد المؤمنـين.. .. الخ ﴾ وە دەڵـێ ﴿ ان الله وملائكته يصلـون على النبي ياايها الذين آمنوا صلوا عليه وسلموا تسليما اللهم صل على سيدنا محمـد .. .. الخ ﴾ دەنگی دەلەرێنێتـەوەو دووبـارەو دوای بەکۆڕسـی پێکـەوە دەڵێـن ئـامین بیکە رەمیکە ئامین الحمـد الله رب العـالمين . ئـەو قسـانە هێنـدە درێـژە پـێ دەدەن بەئـەندازەی وتـارەکی پێغەمبـەر (ﷺ) دەبـی . قسـەکان هـەر هـەمووی بیدعـەیە چونکە لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ)نەکراوە لەسـەردەمی خەلیفەکانیش نـەبووە ، وەنەلەسـەردەمی هـەر چـوار پێشـەوایەکنیش دەی کەواتـە قورئـان خوێـن و بانگدەرەکان نازانم ئەو قسانەتان لەچی سەرچاوەیەك دیتوە و کردوتانە بەشێك لەئاین بیدعەیەکی تری بانگدەری وەیە دەڵێ ﴿ صلو سنة الجمعة ﴾ واتـه : نوێـژی سونەتی هەینی بکەن (ابن تیمیة) وتویەتی (ﷺ) لەپێش جومعەی پاش بانگێ هیچ نوێژی نەکردوە وەکەسیش لێی نەگێراوەتەوە . لەسەردەمی پێغەمبـەر (ﷺ) دوو بانگ نەدەدرا دوای ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ)لە سەر مینبـەری دادەنیشـت بـلال بـانگی دەدا پاشـان (ﷺ) دوروتـاری دەدا لـەدوای بـلال قامـەتی دەکـردو پێغەمبـەر (ﷺ) نوێـــژی بەخـــەڵکی دەکـــرد ، کەواتـــە : نەپێغەمبـــەر (ﷺ) ونـــەهیچ موسلمانەکیش نوێژی نەکردوەلەدوای مـەلا بـانگ دانـێ هیـچ کەسـێکیش لێی نەگێراوەتـەوە تەنانـەت نوێـژی لەماڵـەوەش کردبـێ پێـش نوێـژی هـەینی ، نەکاتیش هەیە بۆ نوێژ کردن دیـــــاری کرا بی بەفـــەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ)

لەپێش هەینی بەڵکو لەوەوەکانی هەموو هاندانە بۆ نوێژ کردن کاتێ پیاو زوو بێتە مزگەوت لەڕۆژانی هەینی بەڵام بەبێ دیاری کردنی کات وەکو فەرمودەی ﴿ من بکر وابتکر ومشی ولم یرکب ودنی من الامام واستمع ولم یلغ کان له ﴾ واتە هەر چەند زوو بێ یە مزگەوت وەبەپێ بیان بڕوا وەبێ سواری نەبێ ئەوەندەی بۆت کرا نوێژان بکەی ، ئەوە لەسەحابان گێڕدراوەتەوە ، کاتێ دەهاتنە مزگەوت ڕۆژانی هەینی هەر کاتێ دەهاتنە مزگەوت نوێژیان دەکرد ئەوەندەی پێیان دەکرا ، جا پیاوی وابوو (١٠) ڕکات نوێژ نوێژی دەکرد ، هی وابوو ١٢ ڕکاتی دەکرد وابوو (٨) ڕکاتی دەکرد ، وابوو کەمتری دەکرد لەبەر ئەوە جەماوەری پێشەوایان لەسەر ئەوە کۆکن لەپێش هەینی نوێژی سونەتی نی یە لەکاتێکی دیاری کراو بەژمارە چونکە ئەوە بەفەرموردەی پێغەمبەر (ﷺ) یا بەکردەوەی ئەوە دەچەسپێ جا لەسونەتیشی هیچ شتێ وانەهاتوە نەبەفەرموودە نەبەکردەوە (١).دوایی دەربارەی دوو بانگدان لەڕۆژانی هەینی (سائب بن یزید) وتی لەڕۆژی هەینی کاتێ خۆی هەر یەک بانگ دەدرا ئەویش کاتێ پێشەوا لەسەر مینبەر دادەنیشت لەسەردەمی پێغەمبەرو ابو بکرو عمری بەڵام کاتێ عوثمان بووە خەلیفەو موسڵمان زۆر بوون بانگی دووەمی زیاد کرد لەسەر (الزوار) بانگ دەدرا ئەویش شوێنێکە لای بازاری مەدینە نزیک مزگەوتی[٢]. وەئێمە بەدەوری خۆمان دەچەسپێن تەنیا بانگی دووەم لەو زەمانەی زیادنیە کەوا (مکبرة)هەیەبێ وەڵامی ئەو پرسیارەی لەپەڕاوی (فتح المعین)دا هەیە لەلاپەڕە ٣١ دەڵێ دوو بانگدان لەڕۆژی هەینی یەکێکیان پاش ئەوەی دەچێتە سەر مینبەر وەئەوەی تری لەپێش چوونە سەر مینبەرە ئەوە (عوثمان)هێناوە کاتێ خەڵک زۆر بوون بەڵێ بۆ کاتی پێویست شتێکی چاکە بۆ ئەوەی خەڵک پێ ئامادە بێ ، ئەگەر نا یەک بانگدان چاکترە .

---

(١)سنن النسائی شرح جلال الدین السیوطی مجلد٢ حاشیة الامام سندی ١٠٥

(٢)رواه مسلم (٣)صحیح١٩٤ عون المعبود المجلد ٣/

بەشێ لەبەدڵ لەخوا ترسان ((الخشوع))

خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ قد افلح المؤمنون الذین هم فی صلاتهم خاشعون ﴾ واتە بەڕاستی بڕوا داران ڕزگارن کەسانێ کەلەنوێژ کردندا بەدڵ لەخوا دەترسن هەروەها فەرمویەتی ﴿ ان الذین آمنوا وعملو الصالحات واخبتوا الی ربهم ﴾ واتە (بەڕاستی ئەوانەی بڕوایان هێناوە کاری چاکیان کردووە لە خوا دەترسن)ە ووشەی (وأَخْبَتُوا)ئاماژەیە بۆ کارو کردەوەکانی دڵ کەبریتی‌یە بەدڵ لەخوای گەورە ترسان ، وەکارو کردەوە باشەکان هیچ سودێکی نی‌یە مەگەر لەگەڵ کردەوەکانی دڵ نەبێ کەلەخوا ترسانە ، بیرو ڕای جۆراو جۆر هەیە لەوشەی بەدڵ لەخوا ترسان (الخشوع) ئایا فەڕزی نوێژە یا گەورایەتی نوێژە و نوێژی پێ تەواو دەبی. ئەوە دووقسەی تێدایە بەڵام قسەی ڕاست قسەی یەکەمە کەلەفەڕزی نوێژ دێتە ژمار وەشوێنەکەشی دڵە وەیەکەم زانینە لای خەڵکی نامێنێ (عبادة بن صامت) ووتویەتی یەکەم زانست کەلای خەڵك نامێنێ بەدڵ لەخوا ترسانە نزیکە ئەو کاتە دابێ بچیە ناو مزگەوت (الجامع) یەکی تێدا نەبی بەدڵ لەخوا بترسێ ، بەڵێ بەدڵ لەخوا ترسان گیانی نوێژە لەسەرەوەی قورئان خوێندن و وشتی ترە هەروا هەرچی پەیوەندی بەزاتی بەندایەتی‌یەوە هەبی [3] وەکو خوای گەورە فەرموویەتی (ورتل القرآن ترتیلا) واتە : بەمۆڵەت و لەسەر خۆ قورئان بخوێنە یانی : لەسەر شتە سەر سوڕهێنەرەکانی ومانایەکانی ڕاوەستە هەروەها فەرمویەتی ﴿ قل ان صلاتی ونسکی ومحیای ومماتی لله رب العالمین ﴾ واتە : بڵێ بەڕاستی نوێژم و خوا پەرستیم و ژیانم ومەرگم بۆ خوایەی پەروەردگاری جیهانیانە ئەوە بەڵگەی تێدایە لەسەر هەندێ هەرچی

(١)فقه السنة

(٢)تفسير الخازن سورة الجمعة ٩/

(٣)نهاية المحتاج شرح المنهج ص١٨٢

بەندایەتی یەك هەیە جێبەجێ نەكرێ بەهەقی خۆی وەرناگیرێ چونكە هەرچی شتی بۆ خوایی دەبێ تێرو تەواو بی بەپاكی‌و دڵسۆزی بی جا ئەگەر بەمجۆرەو سیفەتە بێ ئەوە خوا وەری دەگرێ . ئەگەروتیان ئایا دەڵێن بەدڵ لەخوا ترسان واجبە لەنوێژی ؟! دەڵێن بەڵێ لای ئێمە واجبە چونكە چەند خاڵێك هەیە دەبیتە بەڵگە لەسەر هەندێ ایەكەم : فەرموودەی خوای گەورە ﴿ افلا يتدبرون القــرآن ام علــى قلــوب اقفالها ﴾ واتــە: جا ئایا بیر لەقورئان ناكەنــەوە، یــا دڵــو دەرونیــان بەستراوە یابەكلیل بەسراوە وەكلیل دراوە . كەواتە بیرلێكردنەوە بیری بۆ ناچێ بەبێ ڕاوەستان لەسەر مانا . دووەم : فەرمودەی خوای گەورە ﴿ ولاتكــن مــن الغــافلين ﴾ واتــە بەبێ ئاگایــان مەبە بەڕواڵەتی ئایەتەكەوا دەردەكەوێ قەدەغــە كردنەكــە بــۆ یاســاغ كــردن (التحريــم)ە وەئــەو فــەرمودەی پێغەمبــەر (ﷺ) فەرمویەتی ﴿ لم تنهه صلاته عن الفحشاء لم يزدد من الله الابعدا ﴾ واتــە هــەر كەســێ نوێژەكــەی لەشــتی خــراپ قەدەغــەی نــەكا دیــارە ئەوەتــەنیا لــەخوا دوور دەكەوێتەوە ،وەنوێژی بێ ئاگاش قەدەغەی شتی خراپ ناكا هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی ﴿ كم من قائم حظه من قيامه التعب والنصب ﴾ واتــە چــەند نوێــژ كەر هەیە بەشــی تەنها ماندوو بونە) ئەوە مەبەستی پێ لەو كەسانەیە واتــە : نوێژكەر لەنوێژەكەی تەنها ئەوەندەی بۆ هەیە كەئاگای لەنوێژەكەیــە) (الغــزالی) ڕەحمەتی خوای لێ بێ وتویەتی نوێــژ كەر گفت و گۆ لەگەڵ خوا دەكا ، وەكو لەفەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) داهاتوە ، قسەكردن لەگەڵ بێ ئاگایی بوون بەهیچ شێوەیەك پێی ناوترێ گفتو گۆ كردن (المناجاه)وەگومانی تێدا نیــیە مەبەست لەقورئان خوێنــدن و زكر كردن و الحمــد لله وتــن و سەناو دوعــاو پاڕانــەوەو لالانــەوە و قســەكردن و هــەمووی لەگــەڵ خوایــە دەی ئەگــەر دڵ بەپــەردەی بێ‌ئاگایی گیرابوو ئەو كاتە لەو گەورایەتی خوا بێ ئاگا دەبــی پاشــان بامــەر بۆخۆی زمانی بجولێنــی بەحوكمی عادەت ئەوەش زۆر دوورە خوا گیرای بكا . الغزالی لە (ابی طالب المكــی) وەری گرتــوە (بشــرالحافی) وتویــەتی (هــەر كــەس

بەدڵ لەخوا نەترسا ئەوە نوێژ کردنەکە بەفەساد چووە) لە (الحسن) ڕەحمەتی خوای لێ بێ وتویەتی :هەر نوێژێك دڵئاگای لێنەبوو ئەوە نزیکە سزای خوای بێتە سەری . پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی ﴿ ان العبد يصلى الصلاة لايكتب له سدسها ولاعشرها انما يكتب للعبد من صلاته ما عقل منها ﴾واتە : بەندە نوێژی دەکا نەشەش یەك نەدەیەکی بۆ نانوسرێ . ئەوەندەی بۆ دەنوسرێ کەلەنوێژی ئاگادار بووە . وەلەلایەنی زمانە وانی یەوە چەند قسەی تێدا هەیە ، یەکێکیان بەدڵ لەخوا ترسان لای ئێمە مەرج نیە بەشەکانی بەڵکو مەرجە بۆ وەرگرتنی نوێژ ، وەمەبەست لەبەشەکان یانی قەزا واجب نیە وەمەبەست لەوەرگرتنی حوکمی پاداشتە وەزاناکان تەنها لەحوکمی پاداشتەوەمەستمان لەم شوێنەنمونە هێناوەیەکی بەر چاوە بۆ تێگەیشتنی بۆ نمونە ئەگەر یەکێك جلکێکت لێبخوازی دوای بەشێوەیەکی جوان بۆت بێنێتەوە دیارە ئەو کەسە لەپەیمانەکەی دەچێتە دەرێ وەشایەنی مەدح کردنە وەئەگەر بەشێوەیەکی ناشیرین جلکەکەی بۆ هێنایەوە لەپەیمانەکەی دەچێتە دەرێ بەلام دیارە شایەنی زەم کردنە نەك مەدح کردن ، هەرواشە ئەگەر کەسێ خوای بەگەورە زانی لەکاتی جێبەجێ کردنی بەندایەتی ئەوە فەرزەکەی ڕاگرتوە ئەو کەسە شایەنی پاداشتە وەهەر کەسێ سوکایەتی بەنوێژ کرد فەرزەکەی ڕاگرتوە بەروالەت بەلام دیارە شایانی زەم کردنە نەك پاداشت دانەوە . سێیەم : ئێمە قەدەغەی ئەو (الاجماع)ە دەکەین بەلام زاناکانی زانستی کەلام لەسەر ئەوە ڕێك کەوتون دەڵێن دەبێ نوێژ بەدڵ لەخوا ترسانی تێدا هەبێ وبەڵگەشیان لەسەری ئەوەیە سوجدە بۆ خوا بردن گەورەترین تاعەتە ، بەلام سوجدە بردن بۆ بتان کوفرە ئەوە لەزانستی خۆیان هەردوو سوجدە بردنەکە وەکو یەکن جا پێویستە ئەو کەسەی فەرمانی پێت داوە لەپێناوی سوجدەت بردوە دەبینی سوجدە بردن هەر سوجدە بردنە بەلام بۆ خوابردن گوێ ڕایەڵی یە وە بۆ غەیری خوا گوناح و کوفرە ، گوتویانە ئەوەش مەبەست و ویستەکەیە . مراد لە (مەبەست) کردنی

ئەو کردەوانەیە بۆ ئەو کەسەی بانگی کردووی وەمل کەچ بی بۆیان ، وەئەو کەسەی بانگیشت دەکا ناشێ مل کەچی کردنی بۆ پەیدا بێ مەگەر بەدڵ ترسان نەبێ لەبەر هەندێك لەسەر ئەوە رێك کەوتون بەدڵ لەخوا ترسان پێویستە لەنوێژی . (١)

بەشێك لەدامە کردن

(دامەکردن بەشێکە لەقومار) ئەوە بانگدەر بانگی نوێژی عەسری‌دا هێشتا هەندێ پیاو هەر خەریکی دامەکردن بوون لەگۆرەپانی مزگەوتێ ، نوێژی عەسرێ تەواو بوو ئەوا ئەو پیاوانە هەر خەریکی دامە کردنێ بوون هەتا نوێژی مەغریبێ مەلا وتی ئەرێ برایان نوێژی عەسرێتان کردووە؟ ئاخر واکاتی نوێژی مەغریبێ داهات ئەوە هەر تێر دامەکردن نەبوون ! دامەکردنیش جورێکە لەقومار کردن ئەوەش حەرامە یەختیارەك گوتی مامۆستا خۆ دامەکردن حەرام نیە ئەدی مەلای فلان مزگەوتیش دامەی دەکەن ، هەروەکی بی دامەکردن لەغەیبەت کردنی خەڵکی باشترە (لۆ خۆ پێ دەخافرێنین و غەیبەتی کەسیش ناکەین) مامۆستا وتی ئەو مەلایانەش وەکو ئێوە بێ ئاگانە (ئاخر خۆ بەکرێ نەگیراینە یادەبی دامە یاغەیبەتێ بکەن) چونکە گەمەکردن هەرهەمووی بێ ئاگایی یەلەهەق ، زانا هەیە دەڵێ دامەکردن بەشێکە لەشەترەنج (علی ابن ابی طالب) فەرموویەتی شەترەنج گەمەی عەجەمەکانە هەرچی قوماری لەسەر بکرێ ئەوە قومارە(میسر) ە لەلای مالك و هەندێ لەزاناکان [٢] لە (ابن عمر)یان پرسی دەربارەی شەترەنج ، (ابن عمر)وتی لەتاولەی خراپترە (ابو موسی الاشعری) وتویەتی کەسێ شەترەنجی ناکا مەگەر گوناحبار نەبی . لەابو جعفر یان پرسی دەربارەی شەترەنج کردنێ وتی ئێمە وازمان لێهێناوە چونکە هی ئاگر

(١)التفسیر الکبیر جزء ٢٣ ص٧٨ ، المؤمن

(٢)التفسیر القرطبی المجلد ٣ ص٥٣

پەرستانە لەفەرموودەیەکی درێژ پێغەمبەر (ﷺ) داهاتووە هەر کەسێ گەمەبەتاولەو شەترەنج بکا خوا لەو کەسە توڕەیە ، هەر کەسێ لەلای ئەو کەسە گەمەی بەتاولەو شەترەنجی دەکا دانیشی و تەمەشای بکا ئەوا خوا چاکەکانی ڕەش دەکاتەوە دەبێتە یەکێك لەو کەسانەی خوای گەورە لێی توڕەیە ، ئاو هەموو قسانە بەڵگەنە لەسەر حەرام بوونی گەمەکەبا قومارکردنیش نەبێ (والله اعلم) [1]زاناکان هەموویان لەسەر ئەوە یەکن قومار کردن حەرامە ، بەڵگە ئەگەر بەتەنها لەناو پاریەکان هەر باسی (المیسر)کراوە ئەوە هەموو پارەیەکانی تر قیاس لەسەر (المیسر)دەکرێن وەدامەکردنیش جۆرێکە لە (المیسر) و(المیسر)یش حەرامە کەواتە دامەکردنیش حەرامە . وەخوای گەورە فەرموویەتی ﴿ویصدکم عن ذکر الله وعن الصلاة ﴾ بەلأم (المیسر) قەدەغەت دەکا لەزکری خواو نوێژ کردن ، دامەکردنیش ئەوەها قەدەغەت دەکا لەزیکری خوا ، چونکە زۆر جاران دامەکردن نوقمت دەکا لەلەزەتی بردنەوە بەرگریت دەکا لەوە بێجگە لەئۆین و بردنەوە هیچی ترت بەبرداناێ وەبێگومان ئەم حالەتەش حەرامە کەبەرگریت بکا لەزیکرو نوێژ وەئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر حەرام کردنی گەمە بەتاولەو شەترەنج جا لەسەر پارەی یابە خۆرایی بێت چونکە خوا ئارەقی حەرام کردوە ئەویش لەرێزو مانای وی داناوە و فەرمویەتی ﴿ یا ایها الذین آمنوا انما الخمر والمیسر ﴾[2] ... لەئەبو هریرەی وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی ﴿ اذا مررتم بهؤلاء الذین یلعبون بهذاه الازلام النردوالشطرنج وما کان من اللهو فلا سلموا علیهم فانهم اذا اجتمعوا اواکبو علیها جائهم الشیطان بجنوده فاحدق بهم کلما ذهب واحد منهم بصرف بصره عنها لکزه الشیطان بجنوده فلا یزالون یلعبون حتی یتفرقوا کالکلاب اجتمعت علی جیفة فاکلت منها حتی ملأت بطونها تفرقت ولانهم یکذبون علیها فیقولون شاه مات ﴾

(1)تفسیر القرطبی سورة یونس / ٣٢

(2)المائدة /٩

(3)کتاب الکبائر

واتە : ئەگەر بەلای ئەو کەسانە ڕەت بوون گەمەی بە (ازلام)و تاولەو شەترەنج و هەرچی گەمەو یارەیەکی تر هەیە دەکەن سەلامیان لێمەکەن ئەگەر لەسەر یاری بەکە کۆدەبنەوە یاسەریان بەسەردا شۆر دەکەنەوە شەیطان بەخۆیو سەربازەکانیەوە دێ دەو رەیان دەدا هەریەکێك لەو کەسانە ڕۆیی تەماشای دەکا شەیطان بەسەربازەکانی مشتە کۆڵەیەکیان دەخێوێنێت بەردەوام یاری دەکەن هەتا بلأوەی لێدەکەن وەکو سەگەکانی سەر کەلاکی ، هەر یەکێکیان هەتا تێری لێ دەخوا دوایی دەڕوا ، ئەو یاری کەرانەش ئەوها نەوەکو سەگەکان تا تێردامە دەبن ئەنجا دەڕۆن درۆش دەکەن و دەڵێن (شامرد)هەر لەپێغەمبەر (ﷺ) ڕیوایەت کراوە ﴿ اشد الناس حسابا یوم القیامة صاحب الشاه یعنی صاحب الشطرنج الاتراه یقول قتلته والله مات والله افتر وکذب علی الله ﴾ واتە : ئەو کەسی شەترەنجی دەکا توندترین لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکا ئایا نابینی دەڵی کوشتم وەلاهی مرد ، وتنی وشەی وەلاهی مرد درۆو بوختانە لەسەر خوا .[٢]بەڵێ زۆربەی زاناکان دەڵێن یاری بەشەترەنج کردن حەرامە لەسەر شت بێ یا بەخۆڕاییبەلأم ئەگەر لەسەر شت بوو ئەوە بەبێ ترس حەرامە وەئەگەر لەسەر شتیش نەبوو دیسان هەر حەرامە لای زۆربەی زاناکان . وە لە (الشافعی) دەگێرنەوە ڕێی بەشەترەنج داوە ئەگەر لە سەر هیچ نەبێ وە خەریکت نەکا لە واجبات و نوێژ کردن لە کاتی خۆی . لە (النووی) یان پرسی دەربارەی شەترەنج کردن حەرامە یان نا وەلأمی داوە ووتی لای زۆربەی زاناکان حەرامە ، وە هەر دیسان لێیان پرسییەرە ئەدی جائیزە یانا بۆ ئەو کەسانەی دەیکەن گوناحباردەبن یانا ووتی ئەگەر نوێژی پێ لەکاتی خۆی بفەوتێ یا لەسەر شت بێ بەڵێ ئەوە حەرامە وە ئەگەر نا ئەوە هیچ شەترەنج کردن لای امامی شافعی ناپەسندە (مکروە) . وەلای غەیری ئەو حەرامە ئەوە قسەی (النووی) یە لە فەتوایەکانی داویەتی .

—

بەشێك لە ڕوونكردنەوەی سوێند خواردن

لە (عبد الله بن عمر) وەتی پێغەمبەر (ﷺ) گەیشتە (عومەری كوڕی خەتاب) بەسواری دەرۆیی و سوێندی بەسەری باوكی دەخوارد پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خوای گەورە قەدەغەی كردووە لەوەی سوێند بەسەری باوكتان بخۆن ، جا هەركەسێ سوێندی خوارد با سوێند بەخوا بخوا یا ئەوەتە بێ دەنگ بێ . (عكرمة) وەتی (عمر) وەتی قسەم بۆ كۆمەڵە خەڵكەكی دەكرد ووتم نا بەسەری باوكم پیاوێك لە دواوە ڕا وەتی سوێند بەسەری باوكتان مەخۆن كە ئاوڕم دایەوە دیتم پێغەمبەر بوو (ﷺ) دەیفەرموو ئەگەر یەكێكتان سوێند بە (مەسیح) بخوا لە ناو دەچی كە (مەسیح) یش لە باوكتان چاكترە ، ئەگەر سوێند بەشتەكی بخۆن دیارە ئەو شتە بەگەورە دەزانی ، لە ڕاستی دا گەورایەتی تەنیا هەر بۆ خوایە . (ابن عمر) گوێی لە پیاوەكی بوو قسەی دەكرد دەیوت (نا بەكەعبەی) (ابن عمر) وەتی سوێند بەغەیری خوا مەخۆ گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەیفەرموو ﴿ من حلف بغير الله فقد كفر أو اشرك ﴾[1] واتە هەر كەسێ سوێند بەغەیری خوا بخوا ئەو كەسە كافر بووە یا هاوبەش پەیدا كەرە . بە ڕواڵەتی فەرموودەكە وا دیارە دیاری كردنی سوێند بەخوا خواردن تایبەتە ، بەلاَم شەرع زانەكان ڕێكن لەسەر ئەودی سوێند خواردن بە خواو بەزاتی خواو بە سیفەتەكانی خوا دادەمەزرێ . بەڵێ هەندێ لە زانایەكانی حەنبەلی سوێند خواردنیان بە پێغەمبەر (ﷺ) جیا كرۆتەوە ووتویانە سوێند خواردن بە پێغەمبەریش دادەمەزرێ ، ئەگەر سوێندەكەی شكاند پێویستە كەفارەتی بدا ، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ)یەكێكە لە ڕوكنەكانی شایەتی دان كە بەبێ ئەو تەواو نابی ، جا ئەو قسەیە نابێتە بەڵگەو نەپێویستی ئەوەش دەكا سوێندی پێ دانامەزرێ ، بەڵكو هەر جائیز نیە سوێندی پێ بخورێ نەخوازە لاَ لە گەڵ ڕاستی ئەو قەدەغە كردنە سەریحەی پێغەمبەر (ﷺ) ناگونجێ شرح الزرقاني على

موطا مالك مجلد ٣ ص١٧ كه قەدەغەی سوێند خواردنی به غەیری خوا كردووه .
بەڵێ خوای گەورە سوێند دەخوا بە دروست كراوەكانی خۆی چۆنی بیەوێ وەكو سوێند خواردن به شەو و ڕۆژ هەتا بەدیهێنراوەكانی سەریان سوڕ بمێنێ و بزانن هێزو دەسەڵاتی خوا چەند گەورەیە ببێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی خوا دروستی كردونە بەڵام مرۆڤ دەبێ تەنیا سوێند بە خواو بخوا هەروەكو وتراوە بوخاری و موسلیم دەگێڕنەوە (عمر) وتی سوێندم به خوا نەخواردوە لەو ڕۆژەی گوێم لە پێغەمبەر بوو (ﷺ) قەت سوێندم بەسەری باوكم نەخواردوە نە بەڕاست و نەبەدرۆ [1] . بەو شێوەی ڕوون بۆوە كەوا دروست نییە سوێند خواردن بە غەیری خوا . بەڵام ئەمڕۆ دەبینی لە هەر كوێ پیاوێ ناو بانگی دەركردبێ بەباشی ، جا وابێ یاوەنەبێ ئەو پیاوە مردو بێ یا زیندووبێ ئەوە خەڵكی ئەو شوێنە سوێند بەسەری دەخۆن یابەگۆڕەكەی بە پیرۆزی دەزانن بۆ نمونە لە پارێزگاری سلێمانی سوێند بەسەری كاكە احمدی شێخ دەخۆن یا بەگۆڕەكەی لە پارێزگاری هەولێر سوێند بە عبد القادری گەیلانی و هی‌تر دەخۆن لە ناوچەی بادینان سوێند بەشێخ نور الدین بریفكانی دەخۆن ئێمەش دەڵێین بەهیچ شێوەیەك دروست نییە سوێند خواردن بەسەر یابەگۆڕی ئەو زاتانە نەبەسەری باوك و باپیریشتان ، جا ئەگەر سوێندیان پێ دەخۆن و باوەڕیشیان پێ ئەوە سوێند خواردن بە غەیری خوا دەبێتە هاوبەش پەیدا كردن بۆ خوا .

بەشێك لە سەڵاوات لێدان لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ)

خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ یاایها الذین آمنوا صلوا علیه وسلموا تسلیما﴾ [2] واتە : ئەی ئەو كەسانەی بڕواتان هێناوە ئێوەش دروودی بۆ بنێرن و سەڵاواتی لەسەر لێ بدەن . (مالك) ڕیوایەتی كردوە لە (ابی مسعود الانصاری) وتی پێغەمبەر (ﷺ)

(١) شرح الزرقانی علی موطا مالك المجلد ٣ ص٦٨

(٢) الاحزاب / ٥٦

هاته لامان ئێمەش لە مزگەوتی (سعد ابی عبادة) بوین (بشیر بن سـعد) پـێی ووت ئەی پێغەمبەر خوا فەرمانی پێ داوین سەلاواتت لەسەر لێ بدەین ئێمە چۆن سەلاواتت لەسەر لێ بدەین ؟ ووتی پێغەمبەر (ﷺ) تاوێك بێ دەنگ بوو هەتا ووتمان خۆزگە ئەو پرسیارەمان لێ نەکردبایە : لە دوای فەرمووی بڵێن ﴿ اللهم صل علی محمد وعلی آل محمد کما صلیت علی ابراهیم وبارك علی محمد وعلی آل محمد کما بارکت علی ابراهیم فی العالمین انك حمید مجید والسلام کما علمتهم ﴾ واتە : ئەی خودایە ڕەحمەتی خۆت برژێنە سەر موحەمەدو کەس و کاری موحەمەد هەروەکو چۆن ڕحمەتی خۆت داڕژاند بووە سەر ئیبراهیم وەبەرەکەت برژێنە سەر موحەمەدو کەس و کاری موحەمەد وەکو چۆن بەرەکەتت داڕژاندبوە سەر ابراهیم و کەس و کاری ئیبراهیم لە هەموو عالەمدا هەر ئەتۆ سوپاس کراوو گەورەی ، وەسەلام بدەنەوە چۆن فێر بوونە . لە (کلحة)ش وا ڕیوایەت کراوە بەڵام (فی العالمین) تێدا نیە وە بیروڕای جیا جیا هەیە دەربارەی سەڵاوات لێدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ)پێویستە یانا ، هەندێکیان دەڵێن پێویستە بە گوێرەی ئەو فەرموودەیە ﴿ من ذکرت عنده فلم یصل علی فدخل النار﴾ واتە : ناوم لای هەر کەسێ هات و سەلاواتی لەسەرم لێ نەدا ئەوە دەچێتە ناو ئاگری . وە لە گەورایەتی سەلاوات لێدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێی چەسپاوە کە فەرموویەتی ﴿ من صلی علی صلی الله علیه بها عشرا ﴾ واتە : هەر کەسێ یەك سەلەواتم لەسەر لێ بدا خوا دە سەلاواتی لەسەر لێدەدا . (سهل بن عبد الله) ووتویەتی سەلاوات لێدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لە بەندایەتی کردن گەورەترە چونکە خوا بە خۆی و فریشتەکانی سەلاوات لە پێغەمبەری دەدەن لە دوایی فەرمانی بەبڕوادارەکان کردوە سەلاوات لەسەر پێغەمبەر لێ بدەن ، بەڵام بەندایەتی یەکانی تر وەها نیە . لە (سعید بن المسیب) ڕیوایەتی کراوە لە (عمر بن الخطاب) ووتویەتی پاڕانەوە لە خوا لە ئاسمان گیردەبێ سەلاوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لێ دەدرێ هەر کاتێ سەلاوات لێدرا پاڕانەوەکە بەرز دەبێتەوە .

پێغەمبەر (ﷺ)فەرموویەتی (من صلى علي في كتاب لم تزل الملائكة يصلون مادام اسمي من ذلك الكتاب) (١) هەر کەسێ لە کتابێك سەلاواتم لەسەر لێبدا بەردەوام فریشتەکان سەلاواتی لەسەر لێدەدەن هەتا ناوم لەو کتێبەی مابێ
پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (من صلى علي في كتاب لم تزل الملائكة يصلون عليه مادام اسمي من ذلك الكتاب)(١) واتە هە کەسێ لە کتابێك سەلاواتم لەسەر لێبدا بەردەوام فریشتەکان سەلاواتی لەسەر لێدەدەن هەتا ناوم لەو کتێبەی مابێ. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خوای گەورە دوو ملائیکەتی بۆ تەرخان کردووم کە لای هەر موسلمانێك ناوم بهێنرێ وسەڵاوەتم لەسەر لێ بدا دەڵێن خوا لێت خۆش بێت خوای گەورەش لە وەڵامی دوعای ئەودوو مەلائیکەتە دەفەرمووی (ئامین) وە لەلای هەر بەندەیەکی موسڵمان ناوم بهێنرێت و سەڵاوەتم لەسەر لێنەدا ئەو دوو ملائیکەتە دەڵێن خوا لێت خۆش نەبێت خوای گەورەش لە وەڵامیان دا دەفەرموێت (ئامین)

بەشێك قورئان وەکو میزانە بۆمان

قورئان و فەرمودە ڕاستەکانی پێغەمبەر (ﷺ) هەردووکیان وەکو میزان وانە بۆمان پێویستە لە سەرمان گفتارو کردارمان بەو دووە بکێشین ، وە هەر کەسێ گفتارو کرداری پێ نەکێشێ پەشیمان دەبێتەوە و حەسرەت هەڵدەکێشێ باوەکو هەندێ کردەوەی هەقیشی هەبێ و هەندێکی باتل بێ وە هەندێکی هاویەش پەیدا کردن بێ وەهەندێکی کوفربێ (نعوذ بالله) خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ ليبلوكم ايكم احسن عملا وهو العزيز الغفور ﴾ . واتە : تا تاقیتان بکاتەوە کە کامە لە ئێوە بەکردەوە باشترە وە هەر ئەویشە بەدەسەڵات و لێخۆش بوو . دەبێ کردەوە بە دڵسۆزی بکرێ و ڕاست و دروست بێ ، ئەگەر کردەوەکە بە دڵسۆزی بوو بەڵام ڕاست و دروست نەبوو لێی وەرناگیرێ ، هەروەها ئەگەر کردەوە ڕاست و دروست بوو بەڵام بە دڵسۆزی نەبوو هەر لێی وەر ناگیرێ جا کردەوەی بە دڵسۆزی ئەوەیە بە پاکی بۆ خوابێ‌وە کردە . وەی ڕاست و دروستیش ئەوەیە لەسەر سونەت بێ . وە خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ وما لاحد عنده من نعمة تجزى الابتغاء وجه ربه الاعلى ولسوف يرضى ﴾ واتە : وە بۆ هیچ کەس نیعمەتێك نیە تا بیەوێ پاداش بدرێتەوە مەگەر خۆشنودی پەروەدگاری بەرزی خۆی وە لە دوای خۆشنود نەبێ . چۆن قورئان هاتۆتە خوارەوە بۆ ترساندنی کافرەکان و ئامۆژگاری کردنی بڕواداران ، دروست نیە لەوە لای دەی کە بۆی

(١)التفسير القرطبي مجلد ١٤ ص٢٣٥

(٢) سورة الاعراف الآية ٣ تفسير الصاوى على الجلالين مجلد ٢ ص٦٣

هاتۆتە خوارەوە ، بۆ نمونە وەکو ئەو کەسانەی لە ڕێگاو بانەکان قورئان دەخوێنن ، یا ئەوەتە گۆرانی پێ دەڵێن مەبەستیان پێ دونیایە یا لەزەت پێ وەرگرتنە کە قورئان بە دەنگی خۆش وەکو گۆرانی دەڵێن ئەوە گومراییەکی ئاشکرایە و پێویستیبە سزا هاتن دەکا [٢] . یان قورئان لە تازیان دەخوێنن بەرامبەر هەندێ پارە وپول ئەوەش حەرامە وەکو احمدی کوڕی حنبل و هەندێ زانای تروتویانە ، وە ئەگەر خوێندن نوێژکەر نوێژەکەی لێ تێك بچێ ئەوەش حەرامە . (نەوەوی) ووتویەتی : بە زۆربەی خەڵکی فریو مەخۆو مەخڵەتێ ئەوە کاری نەفامە قورئانی لەسەر جەنازەی دەخوێنن بە تە مطیط و دەر کردنی ووتە لە شوێنی خۆی ئەوەش بەکۆی دەنگی زاناکان حەرامە [١] . (النسائی) لە ابی (سعید الخدری) ڕیوایەت کردوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ﴿ من شر الناس رجلا فاسقا یقرأ القرآن لا یرعوی الی شئ منه ﴾ واتە : خراپترین کەس فاسقە قورئان بخوێنی و چاودێری قورئان خوێندنەکەی نەکا ، مەبەستی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەیە کە کاری پێ نەکەن هەروەکو ڕونمان کردوە خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ واتبعوا احسن ما انزل الیکم من ربکم ﴾ واتە : خوای گەورە فەرمانی پێ کردوین پەیڕەوی لە قورئان بکەین وە بەچی فەرمانمان پێ دەدا وا کاری پێ بکەین بەلام بەداخەوە ئێمە وازمان لێهێناوە چۆن جولەکەکان و گاورەکان وازیان لێهێناوە ، هەندێ کەس ماون کتاب و قورئانیان لا ماوە بەلاّم هیچ سوودی نیە لە بەر زۆربەی نەفامان و ئەو کەسانەی کەوتونە دوای هەواو هەوەسیان وە ئەو فەرموودەیە دەڵێ ﴿ ان هذا القرآن شافع مشفع من اتبعه قاده الی الجنة ومن ترکه أو اعرض عنه زُجَّ فی قفاه الی النار ﴾ واتە : ئەو قورئانەی تکا دەکاو خوا تکاکەی لێ وەردەگری هەر کەسێ پەیڕەوی لێ بکا دەیباتە بەهەشت وە هەر کەسێکیش وازی لێ بێنی یا ڕووی لێ وەرگێڕی لە لەدرایدا فڕەی دەداتە ناو ئاگری . خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ کتاب انزلناه مبارك لیدبروا آیاته ولیتذکر اولو الالباب ﴾ واتە : بەڵگەیە لەسەر هەندێ کە پێویستە مانای قورئان بزانی ، وە

بەڵگەشە لەسەر ھەندێ کە قورئان بە تەرتیل بخوێنی چاکترە لەوەی تێنەگەی چونکە دروست نابێ تێفکری ھەتا لێی تێ نەگەی [2] . (ابو سعید الخـدری) دەڵێ گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەیفەرموو ﴿ ویقرأ القرآن ثلاث مؤمن و منـافق وفاجر وقال بشير قلت لوليد ما هؤلاء الثلاثة قال المؤمن به و المنافق كافر بـه و الفـاجر يتاكل به ﴾ [3] لە پێشەوە کراوەتە کوردی . پێغەمبەر (ﷺ)فەرموویەتی ﴿ انـی اخاف على امتى اثنتين القرآن و الـبن ، امـا اللـبن فيتبعـون الزيـف وتبعـون الشـهوات ويتركون الصلاة واما القرآن فيعلمه المنافقون فيجادلون بـه المؤمـن ﴾ واتە : (من لە دوو شتان لە ئۆممەتەکەم دەترسم لە قورئان و (اللـبن) مانای (اللـبن) ئەوەیە یانی بە دوای شتی ساختەوە دەکەون ، دەکەونە دوای ھەواو ھەوەس و واز لە نوێژکردن دێنن وە قورئانیش مرۆڤی دوو ڕوو فێری دەبن و دەمە دەمی پێ لە گەڵ بڕواداران دەکەن .

(**سودێك**)

پێشەوا (ابو الفضل الـرازی) ڕەحمـەتی خـوای لێ بـێ وەری گرتـوە کـەوا پێنـج مەسەلە ھەیە پێویستە لەسەر قورئان خوێن بیان زانی.

١- ئەگەر گومانی لە پیتێك بوو نەیزانی ھەمزە دارە یا بێ ھەمزە دارە یا بێ ھەمزەیە ، ئەگەر وازی لە ھەمزەکەی ھێنا لە ھەموو قورئانێ ئاوازی نابێ وە ئەگەر کردیە ھەمزە و ھەمزەدار نەبوو ئاوازی دەبێ .

٢- ئەگەر گومانی لە پیتێك بوو ئایا بە (یا) یابە (تا) دەخوێندرێتەوە ئەوە بە (یا) بخوێنێتەوە چونکە قورئانی پیرۆز (مذكـرة) ٣- ئەگـەر کەسـێ گومـانی لە پیتێك بوو نەیزانی ئایا (مقطـــوع) ە یـا (موصـــول) ە یـا بـە(الــف)ی وەصڵـی بخوێنێتەوە چونکە ھەموو (مقطوع) ەکەی لە قورئــان بە (الوصل) خوێندەوە

(1)فقه السنة المجلد ١ ص٥٣٩

(2) تفسير القرطبى المجلد ١٥ ص١٩٣

(3) رواه احمد عن عبد الرحمن المقرى

ئاوازی نابێ وە ئەگەر (قطع) ی بە (الوصل) خوێندەوە ئاوازی دەبێ .
٤- ئەگەر کەسێ گومانی لە پیتێك بوو نەیزانی ئایا (ممدود) یا (مقصـور) ە یا بە (الـف) ی (القصـر)بخوێنێتـەوە ئەگـەر (قصـر) ی هـەموو (ممــدود) ەکـەی کـرد لـە قورئانێ ئاوازی نابێ وە ئەگەر (مد) ی کردە (مقصور) ئاوازی دەبێ. ٥- وە ئەگەر کەسێ لە پیتێك گومانی بوو نەیزانی ئایا (الف)ە کە (مفتوح) ە یا (مکسور) ە یابە (الفتح) بخوێنێتەوە چونکە ئەگەر هەموو (مکسور)ەکی کردە (فتـح) ە لـە قورئانێ ئاوازی نابێ ، وەئەگەر (کسر)ەی (مفتوح)کرد ئاوازی دەبی ، جا بازنـەی قورئان لە ئەو پێنج پیتەیە [1] . وە ئەو کەسانەی دەڵێن پاداشتی قورئان بە مردووی دەگا ئەوە چەند مەرجێکیان داناوەو دەڵێن : نابێ قورئان خوێنەکەی لە سەر قورئان خوێندنەکەی کرێ ی وەربگری چونکە ئەگەر قورئان خوێن لەسەر قورئان خوێنەکـەی کـرێ ی وەرگـرت ئـەوە حەرامـە لەسـەر پـارە دەری و پـارە وەرگـری وە هیـچ پاداشـتی قورئـان خوێندنەکـەی بـۆ نیـە چونکـە (احمــد) و (الطــبرانی) و (البیهقی) لـە (عبـد الرحمـان بــن شــبل) لـە پێغەمبـەر (ﷺ) ریوایـەتی کـردوە فەرموویەتی ﴿ اقرؤا القرآن و اعلموا ولا تجفوا عنه ولا تغفلوا فیه ولا تسـکثروا بـه ﴾[2] لە پێشەوە کراوەتە کوردی . وە خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ وان لیس للانسان الا ماسعی ﴾ واتە : چۆن هیچ کەس ناتوانێ گوناهی یەکیتر هەڵگرێ هەر ئەوهاش مرۆڤ بێجگە لە کردەوەی باشی خۆی هیچی تری بۆ نی‌یە . ئیمامی شافیعی و چەند کەسێکی تر لەم ئایەتـە وەریـان گرتـووە کـە خێرو پاداشتی فاتیحـە و قورئان خوێندن ناگات بە مردوان چونکـە لـە کـردەوەی خۆیـان نی‌یـە ، لەبـەر ئەوەیشە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی نەداوە بەوەو رێنمونی کەسی نەکرد بۆی بەهیچ جۆرێك نەبیستراوە کە هیچ کەس لە یارەکانی پێغەمبەر (ﷺ)شتی وایان کردبێ ، ئەگەر ئەوە سوودی ببوایە و چاکە بوایە ئەوان لە پێش ئێمەوە ئەیان

(١)حاشیة البیرجمی علی الخطیب المجلد ٢ ص٣٠

(٢) فقه السنة ص٥٦٩

کرد ، ئەو کردەوەیانەی کە مەبەست پێیان پەیوەندی و نزیك بوونەوەیە لە خوا ئەوە بە عەقل بازی نابێ ، بەڵکو ئەبێ بەرێکی فەرمانی خوایان پێغەمبەری لەسەر بێ بەڵێ دوعاو خێرو سەدەقە ئەگات بەو کەسەی کە بۆی رەوانە ئەکرێ ئەمیش بەپێی بڕیاری هەموو پێشەوایان و حەدیسیشی لەسەرە ، وە ئەو فەرموودەی ئیمامی موسلیم لە سەحیحەکەی خۆی ریوایەتی کردوە لە (ابوهريرة)ی کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ﴿ اذا مات الانسان انقطع عمله الا في ثلاث من ولد صالح يدعو له او صدقة جارية من بعده او علم ينتفع به ﴾ واتە : کاتێ مرۆڤ مرد کردەوەکانی دەبڕێ مەگەر لە سێ رێگەوە نەبێ ، کورێکی باشی هەبێ دوعای بۆ بکا یا سەدەقەیەکی بەردەوام لە دوای خۆی بەێنێ یا زانستێك خەڵك سوودی لێ وەرگرن . ئەم سێ شتەش لە راستیدا هەر لە کردەوەی خۆی ئەژمێرێ .(٣)

بەشێك لەمافەکانی دایك و باوك

خوای گەورە فەرمویەتی ﴿ وقضى ربك الاتعبدوا الا اياه وبالوالدين احسانا اما يبلغن عندك الكبر احدهما او كلاهما .. .. الى آخر الآية ﴾ واتە : وەپەروەردگارت فەرمانی داوە کەبێجگە لەو نەپەرستن ، لەگەڵ دایك و باوکتان چاکە بکەن ئەگەر یەکێك لەوان یان هەردوکیان لای تۆ پیر بوون قسەی سوکیان پێ مەڵێ تەنانەت ئۆفیش مەڵێ بزانە کاتێ خوا باسی ئەو رستەی کرد داوای لەمرۆڤ کردووە دەرهەق مافی دایك و باوکی باش بی بەپێنج شتان . یەکەم :. فەرموودەی خوا لەم برە ئایەتە ﴿ فلا تقل لهما اف ﴾ واتە تەنانەت ئۆفیش مەڵێ دووەم لەو برە ئایەتە فەرموویەتی ﴿ ولا تنهرهما ﴾ واتە : بەسەر یاندا مەنەرێنە سێیەم : لەو برە ئایەتە فەرمویەتی ﴿ وقل لهما قولا كريما ﴾ واتە : قسەی جوانیان لەگەڵدا بکە چوارەم :. لەو برە ئایەتە فەرموویەتی ﴿ وخفض لهما جناح الذل من الرحمة ﴾

(٣) تفسير الكبير ص٢٥٨

واتە : باڵی خۆ بەکەم زانینیان بۆ بێنە خوارێ پێنجەم لەو بڕە ئایەتە فەرموویەتی ﴿ وقل رب ارحمهما كما ربياني صغيرا ﴾ واتە : بڵێ ئەی پەروەردگارم هەروەکو بەزەییان بەمندا هاتەوە بەمنداڵی تۆیش بەزەیت پێیان دابێتەوە .. وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ﴿ رضى الله فى رضا الوالدين وسخطه فى سخطهما ﴾ واتە ڕەزامەندی خوا لەسەر ڕەزامەندی دایك و باوکە ، وەتوڕەیی خواش لەسەر توڕە بوونی دایك و باوکە . وەریوایەت کراوە ئەو کەسە چاکە لەگەڵ دایك و باوکی دەکا هەرچی دەکا بابیکا قەت ناچێتە ناو ئاگری وەئەوکەسەش خراپە لەگەڵ دایك و باوکی دەکا هەر چی دەکا بابیکا قەت ناچێتە ناو بەهەشتێ وە هەر دیسان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی ﴿ اياكم وعقوق الوالدين فان الجنة يوجدريحها من مسيرة الف عام ولايجد ريحها عاق ﴾[1]واتە لەئازار دانی دایك وباوك بترسن چونی بەهەشت بۆنی هەزار ساڵە ڕێ دەڕوا ئەو کەسەی دایك و باوکی ئازار دەدا تەنانەت بۆنی بەهەشتیش ناکا لە (عبدالله بن عمر و بن العاص) وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی ﴿ رضا الرب فى رضا الوالدين وسخط الرب فى سخط الوالدين ﴾[2]لەپێشەوە کراوەتە کوردی لە(عبدالله بن مسعود)وتی لەپێغەمبەرم (ﷺ) پرسی ﴿ اى الاعمال احب الى الله تعالى قال الصلاة لوقتها قلت ثم اى قال بر الوالدين قلت ثم اى قال الجهاد فى سبيل الله تعالى ﴾[3]واتە : چی کردەوەیەك لەلای خوا لەهەموو شت خۆشەویسترە فەرموی نوێژ کردن لەکاتی خۆی وتم ئەی دوای نوێژ فەرمووی چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك وتم ئەی دوای وتی جیهاد کردن لەڕێگای خوا . بەڵام بەداخەوە لەو زەمانەی زۆر کوڕ هەیە بەئەرکی سەر شانی خۆیان هەڵناستێ بەرامبەر بەمافی دایك و باوکیان لەسەریان بەو جۆرەی خوای گەورە فەرمانی پێ کردون ،بەڵکو سنوری خوا دەبەزێنن وقسەی

(١)تفسير المدارك

(٢)اخرجه الترمذى

(٣)تفسير الخازن

ناشیرنیان ئەرهەق دەکەن ولەسەر شتەکی هیچ لێیان دەدەن و لەماڵی دەریان دەکەن ، دیارە ئەو کوڕانە لەبیریان ئەچی چی ڕۆژەك چاوەڕوانیان دەکا ئەوانیش کەپیر بوون لەدونیا یالەڕۆژی زیندوو بونەوە لەگۆر کەلەبەردەست خوای گەورە ڕادەوەستن (سودێك) قسەی بەئەنقەست لەناو نوێژێ ، نوێژی پێ بەتاڵ دەبێتەوە لەنێو ئەو قسانەدا تەنها وەلامدانەوەی پێغەمبەر (ﷺ) جیا دەکرێتەوە ، جابانگی هەرکەسی کرد دەبێ وەلامی بداتەوە یالەدوای مردنیش بێ یابەپێچەوانەوە ، هەندێ لەزاناکان ئەو وەلامدانەوە دەبەستنەوە (التقید)دەکەن بەبانگ کردنی لەکاتی ژیانی چونکە پێویستە وەلامی پێغەمبەر(ﷺ) بدرێتەوەو نوێژی پێ بەتاڵ نابێتەوە ، وەوەلامدانەوەی دایك و باوك لە نوێژی فەرز یاساغە ، چونکە بڕینی نوێژ حەرامە بەلام لەنوێژ کردنی سونەت وەلامدانەوەیان دروستە نەخوازە لا ئەگەر وەلام نەدانەوەیان لەسەر دڵ و دەرونیان گران بوو ، ئەوە لەوکاتە باشتر وایە وەلامیان بدرێتەوە بەلام نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە (ئەگەر فەرز بوو) بوخاری لە (الادب المفرد)لە (ابن عباس)وتویەتی ﴿ مامن مسلم له والدان مسلمان یصبح الیهما محتسبا الافتح الله له بابین من الجنة) وان كان واحد فواحد وان غضب احدهما لم یرض الله عنه حتی یرضی عنه ، قیل وان ظلماه ! قال وان ظلماه ﴾ واتە هیچ موسلمانێك نیە دایك وباوکی هەردوکیان ما بن و موسڵمان بن وەلەبەر پاداشتی لای خوا لەگەڵیان باش بی (ئیلا)خوای گەورە دوو دەرگای بەهەشتی لێ دەکاتەوە ئەگەر تەنیا باوکی یا دایکی مابی ئەوە یەك دەرگای لێ دەبێتەوە ، ئەمجارە ئەگەر یەکێکیان لێی ناڕازی بوو خواش لێی ڕازی نابی هەتا لێی ڕازی دەبی ، ووتیان ئەگەر دایك و باوکی ستەمیشیان لەو کوڕەکرد ؟ وتی بەڵێ ئەگەر ستەمیشیان لێ کرد . (ابو داود) و (ابن ماجه) لە(مالك بن ربیعة) ڕیوایەتیان کردووە ووتی ﴿ بینما نحن عند رسول الله (ﷺ) اذ جاءه رجل من بنی سلمة ، فقال یارسول هل بقی علی من برأبوی شئ ابرهما به بعد وفاتهما ! قال نعم الصلاة علیهما ، والاستغفار لهما ، وانفاذ

عهدهما واكرام صديقهما وصلة الرحم التي لاتوصل الا بهما ﴾ واته : کاتەکێ ئێمە لای پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبوین پیاوێکی (بنـی سلمة) هات وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئایا لەدوای مردنی دایك و باوك هیچ چاکەیەکیان لەسەرم دەمێنێ بۆیان بکەم ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویبەڵێ دوعایان بۆ بکەوداوای لێخۆشبونیان بۆ لەخوا بکەو پەیمانیان بەجێ بێنە و ڕێزی هاورێکانیان بگرەو پەیوەندی خزمایەتی بەجێ بێنە کەبەجێ نایە مەگەر بەوان نەبێ . ئەوە عبدالله کوڕی عومەری کوڕی خەتابە نمونەی کوڕی چاکمان بۆ دێنێتەوە ،وەعبدالله یکوڕی دینار ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە وەهەروەکو موسلم لەسەحیحی خۆی ڕیوایەتی کردوە (عبدالله ی کوڕی عومەر لەرێگا توشی پیاوەکی دەشتەکی هات عبدالله سەلامی لێکرد و سواری ولاغەکەی خۆی کردوو چەفیەکەشی لەسەر کردەوە بەوی دا (ابن دینار)وتیوتمان ئەی عبدالله خوا چاکەت لەگەڵ دا بکا ئەو پیاوە دەشتەکییە بەکەمەکی ڕازی بوو عبدالله وتی باوکی ئەو پیاوەی خۆشەویستی عومەری باوکم بوو من گوێم لەپێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمو ﴿ ان ابر البر صله الرجل احب مع ابيه ﴾ واته : چاکترین چاکە سیلەی ڕەحمە لەگەڵ پیاوێك بەجێ بێنێ کەلەگەڵ باوکت یەکیان خۆش ویستبێ) هەروەکو لە (جمع الزوائد)داهاتووە لەدنس پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی ﴿ في البر ان تصل صديق ابيك ﴾[1]واته : سیلەی ڕەحم لەگەڵ هاورێی باوکیشت بەجێ بێنی هەر چاکەیە

بەشێك لەحەج کردن

خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ أن اول البيت وضع للناس للذى ببكة مباركا وهدى للعالمين فيه آيات بينات مقام ابراهيم ومن دخله كان آمنا ﴾[1] بەراستی یەکەم خانویەك کەبۆ خەڵك دانراوە مەکەیەکە پڕپیت و بەرەکەت بێ هۆی هیدایەت ورێنیونیی جیهانیانە نیشانە گەڵێ تێدایە مەقامی ابـــــراهیم ، وەهەر کەس

(1)تربية الاولاد في الاسلام / عبدالل ناصح علوان ج1

بچێته ناوی ئەمین دەبی وەماناى ئەو فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ ﴿ من حج فلم يرمث ولم يفسق خرج من ذنوبه كيوم ولدته امه والحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة ﴾ واته : هەر كەسێ حەجی كردو نەچووە لای ئافرەت و گوناحی نەكرد لەگوناح پاك دەبێتەوە وەكو ئەو ڕۆژەی لەدایك بووە. وەحەجی وەرگیراو پاداشتەكەی مەگەر بەهەشتە ئاگاداری پێویستە پێش دەست بەحەج كردن دەبێت وریای خۆت بی نەوەكو توشی هەندێ شت بی كەنەفامەكان دەیكەن ، یاگومڕایەكان هاوبەش بۆ خوا دادەنێن ، زۆر كەسمان دیوە كەكەوتونەتە ناو هاوبەش پیدا كردن وەكو بەهاناوە هاتن لەغەیری خواو داوای یارمەتی كردن لەپێغەمبەر ، پیاو چاكان و مردوەكان كەداوایان لێ دەكەن و سوێندیان پێ دەخۆن لەبەر ئەوە بەگەورەیان دەزانن بەو جۆرەی داوای حەج كردنیان لێدەكەن وەخوای گەورە فەرموویەتی ﴿ لئن اشركت ليحبطن عملك ﴾[٢]واته : ئەگەر هاوبەش بۆ خوا دابنێی كردەوەن نابود ئەبێ . (الحسن) فەرمویەتی (الحج المبرور)حەجی وەرگیراو بریتیه لەوەی بگەڕێیەوە ئومێدت بەدونیا نەمێنێ و بەتەمای ڕۆژی دوایی بیت ، ئەگەر یەكێك ویستی حەج بكا ئەوە لەسەریەتی فێری چۆنیەتی حەج كردن بی چونكە زانینی فەرزەو ولەسەر هەموو یەكێك پیویستە یانی (فرض العين) ەچونكە بەندایەتی كردن دورست نیە ئەگەر نەیزانی ، ئەگەر یەكێك كەموو كوری هەبوو لێی دەترسین كابرا بە بێ حەج كردن بگەڕێتەوە لەبەر ئەو كەمو كوریانەی هەیەتی لە مەرجەكانی یالە روكنەكانی حەج كردن ، وەزۆر جار وەیە خەڵك چاو لە عەوامەكانی مەكەی دەكەن وەتێ دەگەن ئەوان مەناسیكەكانی حەجێ دەزانن فریویان پێ دەخۆن ئەوەش هەڵەیەكی زۆر گەورەیە (النووی) وتویەتی بە عەوامەكانی مەكەی مەخەڵەتێن و فریو مەخۆن ، وە ئەمنیش دەڵیم ئەی برایان ئەی حاجیە بەڕێزەكان فریو مەخۆن بە قسەی هەندێ پەیمان دەرەنەفامەكان چونكە ئەوان مەبەستیان حەج و عومرە و واجبات و ئیسراحەتی ئێوە نیە بە ڵكو مەبەستیان

دونیاو دۆلاری ئێوەیە دەیانەوێ زوو ئێوە بگەڕێننەوە بەلام ئێوە پەلە مەکەن حەج و عومرەو واجبەکانتان تەواون بکەن هەندێ کەس هەیە دەچنە حەج بەلام روکنەکان و مەرجەکان و پێویستی یەکانی حەج نازانن بە نسبەت عومرە کردنیش هەر هیچی لێ نازانن تەنها ئەوە دەزانن دەچنە مەکەی پیرۆز یەك شتی فێر دەبن کەشیدەیەکی زەرد بکرن و دوایی دێنەوەو ناو لەپیان ڕادەگرن هەتا خەڵك ماچی بکەن بەم شێوە کاکم دەبێتە (حاجی) ناو لەپی حاجی بیدعەیە هەروەها مام حاجیش کە سەریان ماچ دەکا ئەویش هەر بیدعەیە .

(انس) دەگێڕێتەوە وتی پیاوێك وتی ئەی پێغەمبەری خوا (الرجل منا يلقى اخاه او صديقه اينحني له. قال لا قل ايلتزمه قال لا قال افياخذه بيده ويصفحه قال نعم) [٣]

واتە پیاوێك لەئێمە دەگاتە برایەکی خۆی یابرادەرێکی بۆی بچەمیتە وەفەرموی نەخێر ووتی لەباوەشی بگری وماچی بکا فەرموی نەخێر فەرمووی دەستی بگری وتەوقەی لەگەڵ دا بکا فەرموی بەڵێ وەبزانە تەواف کردن هەمەلایەنە یەلەسەر مەرجەکان و پێویستییەکانی بۆنمونە یەکێکیان داپۆشین عەورەتە وە بزانە ی زۆربەی ئافرەتان خۆیان داناپۆشن وەلەسەر ئێمە پێویستە ڕێنمایان بکەین هەتا بەبێ‌حەج کردن نەگەڕێنەوە ، وەهەر ئافرەتێك تەوافی کرد ئەگەر پێی دیار بوو یاهەندێکی دیار بوو ، یاتەوافی کرد هەندێکی سەری رووت بوو ئەوە تەواف کردنەکەی دروست نیە هەتا داوە مووەکی سەری دیاربێ ، یان نینۆکەکەی پەنجەی دیاربێ ئەوە تەواف کردنەکەی دروست نی‌یە چونکە ئەوە (عەورەتە) یانی رووتی‌یە بۆیە پێویستە دای پۆشی لەکاتی تەواف کردن وەکو چۆن لەنوێژ کردن خۆی دادەپۆشی ، وەئەگەر تەوافی کردو ئەو شتانەی باسمان کرد دای نەپۆشی بوو ئەوە چۆن چۆتە حەج هەروەهاش بەبێ حەج

(١)سورة ال عمران / ٩٦

(٢) مناسك الحج و العمرة لمحمدنا ناصر الدين ص ٤

(٣) تفسير الكبير النور / ٣٠ المجلد ١٢

کردن و عومرە وەکو خۆی دەگەرێتەوە [1]. بۆیە لەسەر ئافرەتان پێویستە پێش تەواف کردنێ پێیان بەلاچکی کراس یان داپۆشن یاگۆریەی لەپێ کەن وەکو چۆن لەنوێژ کردن خۆیان دادەپۆشن بەڵێ ئافرەت دروستە لەگەڵ کۆمەڵێ ئافرەتی باوەڕ پێ کراو بچی حەجی واجب بکا بەلام بۆ حەج کردنی سونەت نا ، هەر دروست نیە ئەگەر ئافرەتەکان زۆریش بن بۆسەفەرێ کوریش لەگەلیان بچی ئیمامی شافعی لەسەر ئەو قسەیە [2].بەڵێ دەبێ حەج کردن لەجیاتی مردوو (الاستنابة)ئەگەر کابرا هەتا لەژیندا مابوو توانای حەج کردنی هەبووە بەلام حەجی نەکردوە ومرد ئەوە ئەگەر ماڵی لەدوا جێ مابوو دروستە حەجی بۆ بکرێ ئەگەرنا دروست نی‌یە لەسەر میرات گران حەجی بۆ بکەن ، وەلەجیاتی حەج کردنی (الاستنابة) دەبێ بەم شێوە ئەگەر ماڵی هەبوو یەکێکی پێ بەکرێ بگری بەلام دەبێ لەپێویستی خۆی زیاتری هەبی لەو ڕۆژەی ئەو کەسەی بەکرێ دەگرێ بەو مەرجەی ئەو کەسەی لەجیاتی دەچێتە حەجێ جێگەی باوەڕپی یانی دادگەربی وەئەگەر نا لەجیاتی ناردنە حەج دروست نی‌یە ئەگەر یەکتریش ببینن چونکە کەس ئاگای لەنیەت نی‌یە وەحەج کردنیش بەنیەت دەزاندرێ ئەو مەرجەی دەبێ هەبێ وەهەر کەس بۆ ئەو کەسەی لەجیاتی ئەو حەج دەکا بەکرێ پاکە هاتەوە شتێکی بداتێ وەڕواڵەتی ئەومەرجە پێویست دەکا لەسەر ئەو کەسەی حەجی بۆ دەکرێ دەبێ یەکێکی دادگەر بەکرێ بگری‌هەڵو مەرجەکان و روکنەکان و واجباتەکانی حەجێ بزانی وەئەگەر ناکرێ یەکەش حەرام دەبی لەو کەسەی بەکرێ گیراوە حەجێ بکا وەکابراش لەحەجەکە بێ بەش دەبی ، هەندێ کەس هەنە پیاوەکی بەکرێ دەگری بۆ حەج یاعەمرە کردنێ یا مەناسیکەکانی تری حەج دەبێ ڕوونی بکاتەوە (افراد)ە یا (تمتع) ە یا (قران)ە وەلە (المجموع)دا هاتووە ئەگەر یەکێ ووتی لەجیـــاتی من برۆ حەجێ

---

(۱)حجر علی الایضاح ص۱۲٤

(۲)نهایة م ر ابراهیم البیجوری

ئەگەر (قران) یا (تمتع) ت کرد ئەوە شتەکی چاکت کردوە جا ئەگەر کابرا چوو (قران) یا (تمتع)ی کرد ئەوە ئەو کەسەی بەکریێ چووتە حەجێ حەج کردنەکەی تەواوە.[٣]

بەشێك لەسیفەتی ئیحرام بەستن و هەرچی لەدواوەی دەکرێ

سیفەتی ئیحرام بەستن ئەوەیە بەدڵ نیەتی حەج کردنێ هەبیو ولەبەیکەی پێ بکا ، وەئەگەر عەمرەی بەست دەبێ نیەتی عەمرەی هەبی ، وەئەگەر مەبەستی پێکەوە کردنی حەج و عەمرەی هەبوو ئەوە پێویستە بەدڵ نیەت بێنی بەڵام دروست نیە بەزمان وەبڵێ ولەبەیکەبکا بەڵام هەندێ لەزاناکان وتویانە دروستە ئیحرام دابەستان وتنی بەزمان و بەدڵ وەلەبەیکەشی پێ بکا . هەندێ لەزانایانی شافعی وتویانە واچاکترە بەدڵ نیەت بێنیوبەزمان وەبڵێ ی کەبریتی یە لە ئامادبوونی نیەتی دڵو وەبڵێ ی نیەتی حەج کردنم هێناو ئیحرامم بەست بۆ خوای گەورە (لبیك اللهم لبیك)هەتا دوای وتنی لەبەیکە ، وەسونەتە لەو لەبەیکە کردنە ناوی ئیحرام بەستنەکەبێنی وەکو بۆ حەج کردن یان عەمرەی بەستاوەو دەڵی (لبیك اللهم) بەو حەج کردنە لەبەیکە دەکەم هەتا دوایی یالەبەیکە دەکەم بەعەمرەیا بەحەج و عەمرە وەئەو لەبەیك کردنەش زۆر ئاشکرا نەکا یان باهەر بۆ خۆی گوێی لێ بێ بەپێچەوانەی ئەو شتانەی دوایی کەبەئاشکرا دەکرێ .[١]پێویستیەکی تر ئەوەیە دەبێ تەواف کردنەکەی بە هەموو لاشەی لەدەرەوەی هەموو خانوی بەیتێ بێ ئەگەر تەوافی کرد لەسەر (شاذروان)[٢]ی بەیتێ یان ل (الحجر) ئەوە تەواف کردنەکەی دروست نیە چونکە ئەوە تەوافی (لەبەیتێ) کردیمیە نەك (بەبەیتێ) هەندێ کەسم دیوە زۆربە زەحمەت لەسەر دیوارەکان دەڕۆن لەڕوکنی لای ڕاستە بۆ لای بەردە ڕەشەکە

(٣)حجر على الايضاح ص ١٢٣

مەتا ماچی بکەیت چونکە سونەتە بەم جۆرە تەواف کردنەکەیان بەتاڵ دەبێتەوە چونکە ئەمە ڕوکنەکە لەڕوکنەکانی تری حەجێ ، خوای گەورە فەرمانی داوە بەتەواف کردنی بەبەیتێو الشاذروان لەبەیتێ وەئەگەر تەوافی لەدەرەوەی (شاذروان) ی بەیتێ کردو یەکێ لەپێ یەکانی هەندێ جار لەسەر (شاذروان) دانێو بەپێ یەکەیتر بازدا ئەوە دیسان هەر تەواف کردنەکەی دروست نی یە وەئەگەر تەوافی لەدەرەوەی (شاذروان)کرد تەنیا لەدەستی دیوارەکانی بەرامبەر (شاذروان) یالەغەیری بەشەکانی تری بەیتێ دا ئەوا هەر تەوافەکەی دروست نیە لەسەر مەزهەبی ڕاست کەجەماوەری زانایان (قطع)یان کردوە ، چونکە هەندێ لاشەی لەبەیتێ بووە پێویستە ئەلێرە ئاماژە بۆ شتێ بکەین چونکە زۆر وردە ، ئەویش ئەوەیە هەر کەسێ بەردی ڕەشی ماچ کردو سەری لەئاستی ماچ کردنەکە بوو لەبەشێکی بەیتێ پێویستە پێیەکانی بچەسپێنێ لە شوێنی خۆی هەتا لەماچ کردنەکە دەبێتەوەو ڕاست ڕادەوەستی چونکە ئەگەر پێ یەکان لە شوێنی خۆی ترازا بۆلای ڕووی دەرگا کەمێك باوەکو چەند بستێك بێ لەحاڵەتی ماچ کردنەکە و لەوێ لاچوو لەتەواف کردنەکەی ئەوە بەشێك لەتەواف کردنەکەی بچڕاوە ، وەلاشەی لەهەوای (شاذروان) بێ ئەوە هەر تەواف کردنەکەی بەتاڵ دەبێتەوە .[٣] وەسونەتە دەست بەبەردەڕشەکە داهێنان و ماچ کردنی و دەست بەلای ڕاستە داهێنانیودوایی دەست ماچ کەی لەکاتی بەرامبەر وەستانی لەهەموتەوافەکانی کەبریتییە لەتەوافەکان وەبۆیان دووپات دەکەمەوە ئەبەر شێوە بۆیان چاکترە ، وەئەگەر لەبەر زەحمەتیش بۆیان نەکرابەردە ڕەشەکە ماچ بکەن ئەوە باهەر دەستیبدەنێ وەئەگەر بە دەست پێیان

(١)الایضاح ص١٥٤

(٢)الشاذروان : بریتییە لەو ئەندازەی تەرك کراوە لەپانی بنچینەی دەرەوە لەپانی ئەو دیوارەی لەڕوی زەوی بەرز بۆتەوە بەئەندازەی دووستێیەکی بال

(٣)الایضاح ص٢٤٩

ئەکرا ئەوە بابەشتێ ڕائامازەی بۆ بکا ، دوایی ئەو شتەی ئامازەی بۆ کردوە ماچیبکا بەلاّم بەدەم ئامازەی بۆنەکا ، وەبۆئافرەتانیش دروستە هەر دەست دەنە بەردە ڕەشەکەی ئەك ماچی بکەن مەگەر بەشەو کەس لەتەواف کردنێ نەبی [1].وەکو لە (الصحیحین) داهاتووە لە (انس) وتویەتی زۆربەی دوعای پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەبو ﴿ اللهم آتنا فی الدنیا حسنة وفي الآخرة حسنة وقنا عذاب النار ﴾ واتە : ئەی خوایە لەدونیا چاکەو لەڕۆژی دوایش چاکەمان لەگەلّدا بکە لەئاگر بمان پارێزە (الشافعی) وتویەتی ئەودوعایەم پێخۆشترین دوعایەکە لەتەواف کردنێ بوترێ چونکە پێم لەهەموو دوعایەك خۆشترە لەنامە بەناو بانگەکەی (الحسن البصری)داهاتوە کەبۆخەلّکی مەکەی ناردوە دوعا لەتەواف کردنێ لەمەکەی لەپازدە شوێنان خوا وەلاّمی دەداتەوە ١- لەتەواف کردن ٢- لەکاتی (الملتزم) ٣-لەژێر پلوسکە (المیزاب) ٤- لەبەیتێ ٥- لەلای ئاوی زەم زەم٦- لەسەر سەفا ٧-لەسەر مەروە ٨- لەسەعی کردن(گورگە لۆقە کردن) ٩- لەپشت مەقام ١٠- لەعەرەفات ١١- لەموزدەلیفەی ١٢- لەمینا ئەوانی تریش لەلای کۆ کابەر دەکات کە (٣) شوێنە .[2]سودێکی تر شێخ (عزالدین بن عبدالسلام)وتویەتی تەواف کردن لەگەورەترین ڕوکنەکانی حەجێ دێتە ژمار هەتا لەڕاوەستانیش لەبەر ئەوە بەنوێژکردنێ دەچی وەهەمەلایەنە لەسەر نوێژ کردن ، وەنوێژکردن لەحەجێ گەورەترە ، وەهەمەلایەن لەسەر گەورەتری گەورەترە .

وەگورگە لۆقەکردن (السعی) ڕوکنەکە لەڕوکنەکانی حەجێ لەلای (ابو حنیفة واحمدو والثوری الشعبی) ڕوکنەك نیە بەلّکو واجبە بەخوێن دان پڕ دەبێتەوە بۆ ئەو کەسە بەئەنقەست تەرکی کردووە یا سەهوی کردوە و گەڕاوەتەوە ولاّتی خۆی . وەئەو فەرمودەی دەلّێ ﴿ اسعوا فانه کتب علیکم السعی ﴾[3]واتە گورگە لۆقە بکەن چونکە لۆقەتان لەسەر پێویست کراوە . ابن عباس وانس وابن سیرین ریوایەتەك لە ئەحمەدی بۆ ئەوە چونە سونەتەو بەواز لێ هێنانی هیچ شتێك پێویست ناکا بەلّگەیان بەو فەرمودەی خوای گەورە هێناوەتەوە ﴿فلا جناح علیە

ان يطوف بهما ﴾واتە : جا هەر كەسێ بەو دووە تەواف بكا گوناحی لەسەر نیە :
ابو حنيفة و الثـوری والحسـن بۆ ئەوە چونە بەڵكو خوێن دانی لەسەر پێویستەو
خاوەنی (المغنـی) یش هەر ئەوەی لەپێشـتر داناوە چونكە بەڵگە لەسـەر ئـەو
كەسەیپێویست كردوە بەڵگەش لەسەر رەهایی (مطلق)پێویست بوونە نەلەسەر
ئەو شتەی ئەگەر بەوی تەواونەبێ ئەوانیش واجب دەبێ .[4] بەمەرج دەگیرێ
مەبەستی رەمی كردن جا ئەگەر رەمی لەهەوای كرد كەوتە شوێنی رەمیكراوی
ئەوە بۆی ناژمێردرێ ئەگەر مەبەستی نیشـانەیەكی دانـراوی كۆگا بـەردەكات
یادیواری كۆگا بەردەكان بی و باوەڕی وابی شوێنی رەمی كراوەكەیـە وەكـوز
زۆربـەی نەفامـەكان دەیكـەن جائەگـەر كەوتـە شـوێنێ‌ی رەمـی كراوەكـە ئـەوە
دروست نی‌یە لەبەر مەبەستی غەیری ئەو شوێنەی رەمی كراوەكە [5].هەركەسێ
بەخۆی پێ‌ی نەكرا رەمی بكا یانەخۆش بی كەبەخۆی بزانی یایەك دوو دكتۆری
دادگەر پێ‌ی بڵێن یائەوەتە حەزی لێ بی یەكێك لەجیاتی خۆی بنێری رەمی بۆ
بكا ، وەسونەتەو چەسپاوە كابرا بچی بەردەكان هەڵبگری‌ئەگەر توانای هەبوو
وە (الله اكبر) بكا ، هەروەها دروستە لەجیاتی خۆ ناردن (النيابة)كەسێ لەبەر هەر
هۆیەك بەخۆی پێ‌ی نەكرێ ، وەئومێدی چاك بونەوەشی نەبی لەپێش كاتی
دەرچونی رەمی كردن جا هەر كەسێ گومانی وابو توانای هەیە لەڕۆژی سێ‌یەم
قەدەغەیە یەكێك لەجیاتی بنێرێ وەكو لە لە (المجموع) داهاتوە چونكە ڕۆژە
ڕوناكەكان وەكو یەك ڕۆژ وایە ئەگەر نەفەوتا لەكاتی بەجێ هێنانی مەگەر
<u>بەڕۆیشتنی هەموو ڕوكنەكانی</u> نەبێ ئەی برایان ئەو مەسەلە زۆر گرنگە كـاتێ

(١) الايضاح ص٣٦٧

(٢) الايضاح ص٣٧١

(٣) رواه ابن ماجه

(٤) فقة السنة

(٥) حجر على الايضاح ص٣٥٨

هەزاران کەس دەڵێنە برادەرەکانیان ئەمڕۆ لەجیاتی من ڕەمی بکە ، ئەمڕۆ زۆر گەرمە وەیاشوێنەکە دورە یالەبازاڕی کارێکم هەیە ، یا داوا لەبرادەرێکی بکا ڕەمی بۆ بکا بەپارە یا شتی تر بەڕاستی ئەوانە عوزری شەرعی نینە . ئەوە عادەتی هەندێ کەسی نەفامە مەبەستمان دونیایە نەك دین ، چونکە لەبازاڕی دەگەڕێن هەتا ماندوو دەبن بەڵام ناتوانن نوێژەکی بەکۆمەڵ بکەن ، بانگدەری حەرەمی شەریف بانگی دا ئەوان لەبازاڕی هەرخەریکی ئیش و کاری خۆیان بوون لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان دەڵێن یەك نوێژی بەکۆمەڵ لە مزگەوتی حەرام خێری زیاترە لەنوێژی بەتاکی وڵاتی خۆیان بەچەند قات لەتەمەنی نوح پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێ دەڵێن ئەگەر بەندایەتیەکانی تریان بخرێتە تەك لەکارە تەواوەکان حیساب کردن پەکی دەکەوێ لەبەر کورت هەڵێنانی پاداشتەکەی .[1] حەجی وەرگیراو بریتی‌یە لە خوای گەورە ترسان ، بەدڵو دەرون و گەڕانەوە بۆ گوێ ڕایەڵی وبەندایەتیەکانی بەئەندامە دیارەکان وشاراوەکان پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ﴿ تفكر ساعة خير من عبادة ستين سنة فى التفضيل ﴾ لەپێشەوە کراوەتە کوردی . ئەگەر یەکێك ئیحرامی بەست بۆ عومرە کردن لە حەرەم ئیحرامەکەی دادەمەزرێ ولەسەریەتی دەرچی بۆ حەڵاڵ بونی هەر بەئیحرامەوە وەدوایی دەست بەتەواف و سەعی کردن دەکا سوێند دەخوا عومرەکەی تەواوە خوێن دانی لەسەر نیە ، وەئەگەر لەئیحرام دەرنەچوو تەوافی کردو سەعی کردو مووی سەری کورت کردەوە ئەوە دووقسەی شافعی‌یە ڕاست ترینیان عەمرەکەی دروستە و جائیزە بەڵام خوێن دانی دەکەوێتە سەر چونکە تەرکی ئیحرامی کردوە هەتا لێی دەردەچی . والله اعلم سودێك پێشەوایەکان زۆریان قسە کردوە لەبارەی ئافرەتی حەج کەر ئەگەر بکەوێتە بێ نوێژی پێش تەواف کردنی (الافاضة) وەپێ یان نەکراوە دوا کەوتون لە لەبەربێ نوێژی . (بازی) لەومەسەلەیە قسەیەکی درێژی جوانی بەدەست کەوتووە دەڵێ ، هەر ئافرەتێ دەرمانی بەکار هێناو خوێنەکە بڕایا دەرمانە بڕاو

خۆی شوشت وەتەوافی کرد دوایی خوێنەکە هاتەوەدوای سەفەرەکەی دروستە بۆی کار بەیەکێك لەو قسانەی شافیعی بکا : هەر ئافرەتێ خوێنی بڕا ڕۆژ ڕۆژە ئەوە ڕۆژی پاك بوونەوەی بۆی بەپاکی دادەنرێ لەسەر یەکێك لەو قسانە قسەی ئاشکرا بەقسەی (التلفیق) وەکۆمەڵێك زانای تر بەباشیان زانیوە وەمەزهەبی مالك و احمدیش لەسەر ئەو قسە ڕێکن خاوێن بوونەوەی لەو ڕۆژانەی خوێنی بێ نوێژیەکەی دەبڕێ بەخاوێن بوونەوە دادەنرێ .[٣] بەشێك لەروون کردنەوەی زیارەتی پێغەمبەر (ﷺ)دروست نیە سوڕانەوە بەدەوری گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ)بەڵکو دەبێ لەگەڵی بەئەدەب بی و لێی دورکەویەوە ، وەکو لەکاتی ژیانی ئەگەر لای بای دەبوایە لێی دورکەویەوە ، پێویستە فریونە خۆی بەزۆری خەڵکی نەفام وەتەماشای کردەوەی خەڵکی عەوام ونەفام نەکەی (ابوعلی الفضیل بن عیاض) ڕەحمەتی خوای لێ بێ لەم بارەیەوە جوانترین قسەی هەیە دەڵێ بڕۆ دووڕێگەی هیدایەتی ئەو کەسانەی کەمن زیانت پێ ناگەین وەبترسە لەڕێگایی گومڕایی و فریومە خۆبە زۆری ئەو کەسانەی خۆ لەناو دەبەن ، وەهەر کەس بەدڵی دابێ مەسح کردن بەدەست وێنەی شتیوا بەرەکەتی زیاترە ئەوە لەنەزانی و بێ ئاگایتی چونکە بەرەکەت بریتییە لەوەیبەرێکی شەرع و قسەی زانایان بێ وەچۆن چاکیەکت دەوێ پێچەوانەی سونەتی پێغەمبەر (ﷺ) [١] (سودێك) مالك پێی ناخۆشە بڵێی زیارەتی گۆڕی پێغەمبەرمان کرد کەپێچەوانەی زیارەت کردنی پێغەمبەر (ﷺ) بێت . ڕیوایەت کراوە (ابراهیم) (ﷺ) بەفریشتەی گیان کێشانی وت کەبۆ گیان کێشانی هاتبوو ئایا قەتت دیوە خۆشەویست گیانی خۆشەویستی خۆی بکێشێ ؟خوای گەورە وەحی کرد بۆ (ابراهیم)وەفەرموی ئەدی قەتت دیوە خۆشەویست گەیشتنە لای خۆشەویستی

(١)حجر علی الایضاح ص ٤٣٣

(٢)الایضاح ص ٤٤٤

(٣) حجر علی الایضاح ص ٣٨٧

پێ ناخۆش بێ ، جا ابراهیم به فریشتەی گیان کێشانی فەرموو هەر ئێستا گیانم بکێشە .[2] هەروەها لە کەرامەتەکانی ابو بکر ڕیوایەت کراوە کاتێ جەنازەکەی هەڵگیرا بۆ لای دەرگای گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) بانگ کرا ئەی پێغەمبەری خوا سەلامەت لێ بێ ئەوە جەنازەی (ابو بکر) سەر بە خوا ڕاست دەرگاکە کراوە دەنگەك لە گۆڕی پێغەمبەرەوە هات (ﷺ) فەرمووی خۆشەویستی بێننە لای خۆشەویستی.[3]

بەشێك لەزکرەکان

خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ واذکر ربك فی نفسك تضرعا وخیفة ودون الجهر من القول ﴾واتە : وەیادی پەروەردگارت بکە لەدڵی خۆتدا بەگریان و زاری و ترس وبێ رەنگ) وتویانە زکرەکان لەدەرون ئەوەیە گەورایەتی خوا بکرێ . لەبەر ئەو ئایەتەی سەرەوە دەبێ دوعا کردن بە ئەدەب و شاراوە بێت ، وە موسڵمانەکانی بەرایێ زۆر دوعایان دەکرد بەڵام کەس گوێی لە دەنگیان نەدەبوو ، چونکە دوعایەکانیان لە بەینی خۆیان و خوایان بوو پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ﴿ خیر الذکر الخفی وخیر الرزق ما یکفی ﴾ واتە : چاکترین زیکر ئەوەیە بەکپی بکرێ وەچاترین ڕزق ئەو ڕسقەیە بای ئەوە بێ بەشت بکا . (ابو هریرة) وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ انا مع عبدی ماذکرنی وتحرکت بی شفتاه ﴾[1]واتە : من لەگەڵ بەندەی خۆم دامە هەتا زکرم بکاو لێوەکانی بەزکری من بجوڵێنێ معاذی کوڕی جبل وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی ﴿ ما عمل ابن آدم عملا انجی له من عذاب الله من ذکر الله ﴾[2]واتە : هیچ کردەوەیەکی بەنی ئادەم وەکو زکر کردن نیە لەجەهەنەمی ڕزگار کا . ابو

(1)حجر علی الایضاح

(2)تفسیر الکبیر المجلد ٤ص٢٠٥

(3)تفسیر الکبیر المجد ٢١ ص٨٧

هريره وتى پێغەمبەر (ﷺ) فەرموى ﴿ ما جلس قوم مجلسا يذكرون الله فيه الا حفتهم الملائكة وغشتهم الرحمة وذكرهم الله فيمن عنده ﴾ [٢] واته : نيه كۆمەلە كەسێك پێكەوە دانيشن وەزكرى خوا بكەن مەگەر فريشتەكانى خوا چوار دەورەيان دەدەن و بەرەحمەت دايان دەپۆشن وەخواى گەورەش زكرى وان دەكا . وەمەبەست لە زكر كردن سبحان الله والحمدالله كردن و قورئان خوێندن و ئەو شتانەيە وەلەفەرمودەدا هاتووە كەوا بەلگەيە لەسەر هەندێ‌زكر كردن لەهەموو كردەوەيەك گەورەترە ئەوە (الترمذى)و (ابن ماجة)و (الحاكم)بەراستى داناوە لەو فەرمودەى (ابى الدرداء) داهاتوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمويەتى ﴿ الا اخبركم خير اعمالكم وازكاها عند مليككم وارفعها في درجاتكم وخير لكم من انفاق الذهب والورق وخير لكم من ان تلقوا عدوكم فتضربوا اعناقهم ويضربوا اعناقكم قالوا بلى قال ذكرالله ﴾ واته : ئاگاداربن هەوالتان بدەمێ‌بەچاكترين كردە وەتان و پاكترينى لەلاى پاداشاتان و بەرزترينيان لەپلەكەتان وەچاكتر بێ لەخەرج كردنى زێرو زيوو وەچاكتر بێ بۆ ئێوە بگەنە دوژمنەكەتان وە لەمليان بدەن و لەملتان بدەن وتيان با ئەى پێغەمبەرى خوا فەرموى زكر كردنى خوايە) ئەم فەرمودەيە لەگەل فەرمودەكانى گەورايەتى جيهاد دژى يەك نينە چونكە جيهاد كردن لەزكر كردن گەورەترە چونكە مەبەست لەزكر كردن كەلەجيهاد گەورەترە يانى زكر كردن بەزمان و بەدل و بير كردنەوە لەماناكەى وەئامادەكردنى گەورايەتى خوا لەدل ئەو جۆرە زكر كردنە لەجيهاد كردن گەورەترە دەنا جيهاد كردن لەزيكر كردنى گەورەترە كەتەنها بە زمان بێ وەئەو فەرمودەيەى كەئاماژەى بۆ دەكا دەلێ ﴿ نية المؤمن خير من عمله ﴾واته : نيەتى برِوادار خێرى لەكردەوەكەى زياترە) لە شەدادى كورِى اوس ووتى پێغەمبەر (ﷺ) فەرمويەتى گەورەى داواى

(١)اخرجه ابن ماجه وصححه ابن حبان وذكره البخارى تعليقا

(٢)اخرجه ابن ابى شيبة والطبرانى باسناد حسن

(٣)اخرجه مسلم

لێخۆشبون (سيد الاستغفار) ئەوەیە بەندە بڵێ ﴿ اللهم انت ربي لا الـه خلقتنـي وانـا عبدك وانا على عهدك ووعدك ما استطعت اعوذبك من شرّ ما صنعـت ابـوء لـك بنعمتـك علي وابوء بذنبي فغفر لي فانه لايغفر الذنوب الا انت ﴾ [1] واتـه : ئـەی خوایـە هـەرتۆ پەروەردگارمی هیچ خوا نیە ئەتۆ نەبی وەهەر تۆ منت بەدیهێناوە وەمـن بەندەی تۆمە وەمـن لەسـەر پـەیمان و وادەی تۆمـە ئـەوەندەی بـۆم بکـرێ ، خـۆم بـەتۆ دەپارێزم جا لێم خۆش بە کەس نیە لـەگوناح خۆش بێ مەگـەر هـەر تـۆ نـەبی بوخاری و موسلیم لەئەبو هریرە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ﴿ كلمتان حبيبتـان الى الرحمان خفيفتان على اللسان ثقيلتان في الميزان سـبحان الله بحمـده سـبحان الله العظيم ﴾واتـە : دوو ووشـە لای خـوا زۆر خۆشەویستن لەسـەر زمـان زۆر ئاسانن لەتەرازوو زۆر گرانن ئەویش (سبحان الله وبحمده) و (سبحان العظيم). لـە سەرەقبن جندي وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی ﴿ احـب الكـلام الى الله اربع لايضرك بأيهي بدأت سبحان الله والحمدالله ولا اله الا الله والله اكـبر ﴾[2]واتـە : خۆشەویسترین قسـە لای خـوا چوار شتە بەهـەر یەکێکیان دەسـت پـێ بکـەی زیـانی پـێ ناگـەینی (سبحان الله) و(الحمدالله) و (لاالـه الا الله) و (الله اكبر) پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرموی ﴿ من قال لااله الا الله وحده لاشريك له عشر مرات كان كمن اعتـق اربعـة انفـس مـن ولد اسماعيل ﴾[3]واتە : هەر کەسێ ڕۆژێ (١٠) جار بڵێ﴿لااله الا الله وحده لاشريك له ﴾ وەکو ئەوەیە (٤) کەسی لەکوڕی اسماعیل ڕزگار کردبی وەئیمـامی موسلیم ئەوەشی لێ زیاد کـردەوە ﴿ لـه الملـك ولـه الحمـد وهـو علـى كـل شـئ قديـر ﴾ لەریوایەتەکی تر هەر کەسێ ئـەو دوعایە ڕۆژێ سـەد جار بکا وەکـەو ئەوە وایـە (١٠) بـەندەی ئازادکردبی و (١٠٠) چاکەی بۆ دەنوسرێ و (١٠٠) خراپـەی بـۆ ڕەش دەکرێتەوە وەبۆی دەبێتە قەڵاو وەلە شەیتانی دەیپارێزێ لەو ڕۆژی هەتـا

---

(١)اخرجه البخاري

(٢)اخرجه مسلم

(٣)متفق عليه

نێوارێ ، کەس ڕۆژی قیامـەتێ لـەو چاکـتر نیـە مەگـەر کەسـێ لـەو زیـاتر ئـەو زکرەی کردبێ . احمد لە حوریریە کچی الحـارث هێناویـەتی پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمویـەتی ﴿ لقد قلتُ بعدكِ اربع لووزنت بمـا قلـت منـذ اليـوم لوزنتـهن سـبحان الله وبحمده عدد خلقه ورضاء نفسه وزنه عرشه و مداد كلماته ﴾[4] واتە : لـەدوای تـۆ چوار وشەم وت ئەگەر بمکێشابایە بەو زکرانـەی تـۆ لەبەیانیانـە وەکردوتـە هـەموی دەکێشا ئەویش ئەو چوار وشەیە (سبحان الله وبحمده وعدد خلقه ورضاء نفسـه وزنـة عرشه ومداد كلماته ﴾ لەمعاذ بن جبل پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ﴿ اوصيـك يامعـاذ لاتدعن دبر كـل صلاة ان تقـول اللـهم اعنـي علـى ذكـرك وشكرك وحسـن عبـادتك ﴾[5] واتـە : ئـەی معاذ ئامۆژگاریت دەکەم لـەپاش نوێژەکان لـەبیر نەکـەی بڵـێی ئەی خوایە یارمەتیم بدە لەسەر زکر کردنـت و سوپاس کردنـت و بەجوان ترین شێوە بەندایـەتیت بکـەم . (فضالـة بـن عبيـد)دەیـوت پێغەمبـەر (ﷺ) گـوێی لەپیاوەکی بوو دوعای دەکرد لەنوێژەکەی سەلأواتی لەسەر پێغەمبـەر (ﷺ) نـەدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی ئەم پیاوە پەلەی کرد دوایی بانگی ئەو پیاوەیا یـەکێکی تـری کرد ووتـی ئەگـەر یـەکێکتان دوعـای کـرد بـا (الحمـد الله)بکـاو سـەنای خـوا بکادوایی سەلاوات لەسـەر پێغەمبـەر (ﷺ) بـدا دوایـی چـەندی پـێ خۆشـە بـا بپارێتەوە (ئەو فەرمودەیە جوان و ڕاستە) (رزين ابن معاوية) لەکتابەکەی خۆی ڕیوایەتی کردوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویـەتی ﴿ الدعـاء موقـع بـين السـماء والارض لايصعد حتي يصلي على فلا تجعلوني كعمر الراكب صلوا على اول الدعاء وآخره واوسـطه ﴾[6] لەپێشـەوە کراوەتـە کـوردی سـورەتی فاتیحـە حـەوت ئایەتـەو دەرگـای جەهەندەمیش حەوت دەرگایە هەر کەسێ هەر حەوت ئایەتی خوێند هەر حەوت دەرگای جەهەندەمی لێ دادەخرێ چونکە ڕیوایەت کراوەجبرائیل بەپێغەمبـەری وت ئەی موحەمەد ئەمن هەتا ئێستا زۆر لەعەزابی ئومەتەکەی تۆ دەترسام بەلأم

(٤)اخرجه مسلم

(٥)رواه احمد وابو داود والنسائي بسند قوى

کاتێ سورەتی فاتیحەم هینا خواریئەمین بوم لەعەزابی ئومەتەکەم پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی بۆ ئەی جبرائیل ، ئەوەیش وتی خوای گەورە فەرمویەتی ﴿ وان جهنم لموعدهم اجمعين لها سبعة ابواب لكل باب منهم جزء مقسوم ﴾ سورەتی فاتیحە حەوت ئایەتەو جا هەر کەسی خوێندی هەر ئایەتێك دەبێتە تەبەقەیەك لەسەر دەرگای جەهەندەمێ ئەنجا ئومەتەکەت بەسەلامەتی بەسەری دا تێدەپەرن . [2]

بەشێك لەرون کردنەوەی هەندێ حیکایەتی پڕو پووچ شەیتان هەندێ فەرمودە گێڕەوە (المحدثين)ی فریوداوە بەڕیوایەت کردنی فەرموودەی هەڵبەستراو بەبێ ئەوەی روونی بکەنەوە کەهەڵبەستراوە ئەوەی ئەوانە دەیکەن تاوانە لەسەر شەریعەت و مەبەستیان رەواج دانە بەقسەکانیان وریوایەت زۆر کردنەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی ﴿ من روى عني حديثا يرى انه كذب فهو من الكذابين ﴾ [3] واتە: هەر کەسێ فەرمودەیەك لەمن ریوایەت بکاو بزانی درۆیە ئەوە لەریزی درۆزنانە جابا لەخوا بترسن ئەو کەسانەی هەر لەخۆیانەوە دەربارەی دین قسە دەکەن کەپێچەوانەی قورئان و سونەتی ئەسحابەکانە وەخەڵکی پێ گومرا دەکەن ئەوە ئەو شتە پێغەمبەر (ﷺ) ئێمەی لێ وریا کردۆتەوە پووی داوەو زۆر بووە وەلەنێو خەڵکی بلاّبۆتەوە ﴿ انا لله وانا اليه راجعون ﴾ئەو حیکایەتە درۆو دەلەسە هەلبەستراوانە کەلەهەندێ بەناو مەلاّ گوێمان لێ دەبی بۆ نمونە دەگێرنەوە دەلّێن کابرایەکی ئاگر پەرست هەبوو لەبەر خاتری رەمەزانێ رۆژەکێ لەکورەکەی دا لەپاشان ئاگر پەرستەکە مرد ، لەخەو دیتیان کابرای ئاگر پەرست والمناو بەهەشتێ پیاسەی دەکا پێ یان وت کاکێ ئەوە

(١)تفسير ابن الكثير المجلد ٣ ص٥١٤

(٢)تفسير الكبير ج١ص١٢٥

(٣)تلبيس ابليس

بەچی گەیشتیە ئێرە ئەدی ئەتوو ئاگر پەرست نەبووی ؟ وتی بەلێ بەلام ڕۆژەکێ لەکوڕەکەم دا چونکە لەڕەمەزانێ لەبەر چاوی خەڵکی نانی دەخوارد ئەمنیش وتم ئەو مانگە لای موسڵمانەکان زۆر گەورەیەو نانی بەئاشکرا لەبەر چاویان مەخۆ ئەوە وا خۆم لەبەهەشتێ دەبینمەوە ، جا سەرم سوڕماوە هەندێ کوڵکە مەلای وا هەیە ئەو حکایەتە درۆوو دەلەسەی لەخوتبەی جومعان دەخوێنێتەوە مەلای واهەیە لەمەولودی پێغەمبەر (ﷺ) دەخوێنێتەوە گوێم لەمەلایەکی مزگەوتێ بوو ئەو حیکاتە درۆیە دوو جار لەدوو خوتبان لەمانگەکی باس کرد دوای نوێژی هەندێ خەڵك دەیانگوت ماشەلا خوا لەهەموو کەسی خۆش دەبی ئەگەر چاکەی بکا باناگر پەرستیش بی ، ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیەو قسەیەکی زۆر ناشیرینە چونکە ئەم حیکایەتە ڕێ خۆش کردنە بۆ هاوبەش پەیدا کردن لەگەڵ ئەوەی پێچەوانەی دەقی قورئانی پیرۆزە وەکو خوای گەورە فەرمویەتی ﴿ ان الله لا يغفر ان يشرك به ويغفر مادون ذلك لمن يشاء ﴾ واتە : بەڕاستی خوا لەوە خۆش نابێ کەهاوبەشی بۆ دابنرێ وەگوناحانی تر بۆ هەرکەس بیەوێ خۆش ئەبێ بەلام نامەلا بۆچی نالێی خوای گەورە سەبارەت بەهەندێ هیدایەتی ئەو ئاگر پەرستەی داو باوەڕی هێناو موسڵمان بوو دوایی مردو خوا لێی خۆش بووە ئەو ها بلێی باشترەو قسەیەکی ڕاستە . حیکایەتەکی درۆینەی تر ، جارێکیان مەلایەکی مزگەوتێ ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد گوتی ئەوە شێخ عبدالقادری گەیلانی بەگاورەکی وت وەرە ئیسلام ببە ، ئەویش وتی عیسا پێغەمبەری ئێمە مردوی زیندوو دەکردەوە بەلام (محمەد)پێغەمبەری ئێوە مردوی زیندوو نەکردۆتەوە عبدالقادری گەیلانی وتی ئەوجا ئەوە چیە ئەمن مردووت بۆ زیندو دەکەمەوە ، گاورەکە ووتی ئەگەر ئەتۆ مردوی زیندو بکەیەوە ئەوە ئەمنیش لەسەر دەستی تو ئیسلام دەبم عبدالقادر وتی دەباشەبەگەڵم کەوە پێکەوە ڕۆیشتن هەتا چوونە سەر قەبرستانەکەی گاورکە وتی یاشێخ پێم خۆشە ئەو گۆڕەم بۆ زیندوو بکەیەوە

وەعبدالقادری گـەیلانی بەگاورەکـەی وت پێغەمبەرەکـەی ئێـوە چـی کـەمردوی زیندوو دەکردەوە ، وتی دەیوت ﴿ قم باذن الله ﴾شێخ وتـی (قـم بـاذنی) یەکسەر گۆرەکە لەجێی خۆی شەق بوو پیاوەکی لێ هاتە دەرێ وتی ئەرێ ئـەوە چـی قەومایە قیامەت داهاتووە وتـی نـەخێر هەروا لەحالت دەپرسین پیاوەکەی نـاو گۆرەکە وتـی حالّم زۆر باشە ئەوە ملوانکەیەکی حۆریەکی پسـابوو دەمویسـت بـۆی چـاك بکەمـەوە ئـەوە ئێـوە بانگتـان کـردم بێجگـە لـەوە چـی تـرم نـەدیوە وەلاگاورەکە بێسێ دوو موسلّمان بوو (دەککە لە قورت نێم لەگەلّ درۆت) هۆ مەلا ئەتو خەلّکی هان دەدەی هەتا ڕێی ڕاست بگرنە بەر بەو حیکایەتە درۆ و دەلەسانە بۆ شارەزای خەلّکی ناکەی بەو شتانەی لەقورئان و سـونەتی پـاکی پێغەمبەر (ﷺ) داهاتووە هەتا بۆ خـۆت و بـۆ خـەلّکی ببێتـە هـۆی ڕۆنـاکی و مایەی ڕزگار بوون وە ببێتە بەلّگە لەڕۆژی قیامـەتێ هۆ کۆلکە مەلای هـەژاری بەستە زمان شێخ عبدالقادرت لەعیسـا بەگـەورەتر دانـاو عبدالقـادرت کردۆتـە شەریکی خوا خوا پاك و خاوێنە لەو هاوبەشی بۆ دانانە . لەمەکەی موکەڕەمە گوێم لەدەرسی ماموستایەکی ڕاگرتبوو لەگەلّ هەندێ قوتابی یـان دەرسـی پـێ دەگوتێ پیاوێك هات کاغەزێکی دایە مامۆستاکە ، دوایی ماموستاکە وتـی ئـەی برایان ئەو کاغەزە ئەوەی لێ نوسراوە گوایە یەکێ لەوەلیـەکانی خـوا لـە (مصر) لەخـەوێ پێغەمبـەری (ﷺ) ی دیـوە وەهـەوالّی پـێ داوە دەجـال پاشـی (٦٠) سالّی تر دێ ڕۆژ لەلای ڕۆژ ئاوا هەلّدێ و پاشی (١٠٠) سـالّی تـر قیامـەت دادێ جامامۆستاکە وتی ئەی برایان ئەو کەسەی کاغەزی وای خوێنـدەوە وەلەسـەری پێویسـتە یەکسـەر بیسـوتێنی چونکـە ئەمـە لـەفرو فێـلّ و درۆ دەلەسـەی جولەکەکانـە ئـەو شـتانە لەکاغـەزان دەنوسـن و لـەولاتانی ئیسـلامی بـلاوی دەکەنەوە هەتا پاش ئەو مارەیە بلّێنەموسلّمانەکان کوا کەری دەجالی کوا ڕۆژ لەڕۆژ ئاوا هـەلات ئەمانەهـەمووی درۆیە بەلام دەیانـەوێ پـێی سومعەی ئـاینی ئیسلام بشێوێنن دەنگ و باسی هاتنی ڕۆژی قیامەتی خوانەبی کەس نـازانی

هەتا جوبرائیل بەپێغەمبەری ووت (ﷺ) هەواڵم بدێ دەربارەی هاتنی ڕۆژی قیامەت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی لێپرسراو زاناتر نیە لەپرسیارەکەی هەتا دوای فەرمودەکەی .

هەندێ حیکایەتی خۆشو ناسك

خاوەنی (کشاف) گێراویەتەوە (عمران بن حطان الخرجی) لەهەموو کەس ڕەش تر بوو وەژنەکەشی لەهەموو ژنان جوان تر بوو ، ڕۆژەکی ژنەکەی تەماشای (عمران)ی کردو وتی (الحمدالله) عمران) وتی هاچیە ژنەکە وتی سوپاسی خوام کرد لەسەر ئەوەی هەردوکمان خەڵکی بەهەشتین چونکە ئەتو ژنەکی وەکو منت هەیە شوکرانەی خوا دەکەی وەئەمنیش مێردەکی وەکو تۆم هەیە سەبرم گرتووە وەخوای گەورەش وادەی بەهەشتی بە سوپاس گوزاران و سابیران داوە . (المصنف)وتویەتی هەندێك شێخ حیکایەتەکی زۆر سەیریان بۆگێرامەوە لە (ابن عقیل)ی وتویەتی پیاوێکم گەیشتێ وتی ئەمن هەموو ئەندامەکانی دەستنوێژ دەشۆم دوایی دەڵێم نەم شوشتوە (الله اكبر)دەکەم دوای دەڵێم نەم کردوە (ابن عقیل) وتی مادام وەیە نوێژ مەکە ، هەندێ کەس وتیان (ابن عقیل) چۆن وای پێ دەڵێی ! وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی قەڵەم لەسەر شێتان هەڵگیراوە هەتا چا دەبێتەوە وەئەو کابرایەش شێتەچونکە دەڵێ (الله اكبر)دەکەم و دەڵێم نەمووتوە . (ابن عثمان) وتی عیسا پێغەمبەر لەسەر لوتکەی چیایەکی نوێژی دەکرد (ابلیس) هاتە لای و وتی عیسا ئەتۆ لات وایە هەموو شت بەقەزاو قەدەری خوایە عیسا وتی بەڵێ (ابلیس) وتی دەمادەم وەیە لەسەر ئەو چیایەی ڕا خۆت فڕێدە خوارێ عیسا وتی ئەی نەفرەت لێ کراو خوای گەورە بەندەی خۆی تاقی دەکاتەوە نەك بەندە خوای تاڵی بکاتەوە . (حسین الرازی) وتی لای ئەحمەد بن حەمبەل دانیشتبوم پیاوێکی خەڵکی خۆراسان هاتە لای وتی ئەی باوکی عبدالله چەند درهەمێکم هەیە حەجی پێ

بکەم ! ئیمام ئەحمەد وتی نەخێر برۆ بەو درهەمانە لە (باب الکرخ) تۆی بکرەو لەسەر سەرت دانێ و بیفرۆشەوەکەپارەکەت بووە (٣٠٠) درهەم ئەنجا برۆ حەجی پێ بکە پیاوەکە وتی ئەی باوکی عبد الله کارو کاسبی خەڵکی نابینی ئەحمەد وتی ئەو قسانە مەکە هەرکەسی خۆی لەوە لادا دەیەوێ ژیان و گوزەرانی خەڵکی تێك دا پیاوەکە وتی ئەی باوکیعبدالله ئەمن پشت بەخوا دەبەستم (متوکل) م ئەحمەد وتی مادام پشت بەخوا دەبەستی بەتەنێ دەچیە حەجێ یالەگەڵ خەڵکی ! پیاوەکە وتی لەگەڵ خەڵکی ئەحمەد جوانی جواب داوەو ووتی درۆی دەکەی ئەتو پشتت بەخوا نەبەستوە بەڵکو پشتت لەسەر جۆرکی خەڵکی بەستووە . لە (عکرمة) ریوایەت کراوە (ابن رواحة) لە تەنیشت ژنەکەی پاڵی دابۆوە (ابن رواحة) کەنیزەیەکی هەبوو لەو دیوی ژورەکەی پاڵی دابووە وە هەڵسا چووە لای کەنیزەکەی ژنەکەی ترسا و هاواری کرد کە دیتی مێردەکەی لە جێگای خۆی نەماوە دوایی ژنەکە هەڵسا چووە دەرێ دیتی مێردەکەی وا لە سەر کەنیزەکەیتی ژنەکە گەڕاوە ژۆرێ چەقۆیەکی هێنا دوایی چووە دەرێ مێردەکەی لێبۆوە هەڵستا تووشی ژنەکەی بوو چەقوەکی پێیە ، ووتی ئێی ، ووتی ئێی ؟! ئەگەر لە کوێم دیتی دەت گەیشتمێ بەو چەقوەیەی لە نێو شانم دەدای مێردەکەی ووتی لە کوێت دیتم ژنەکە ووتی لەسەر کەنیزەکەم دیتی مێردەکەی ووتی نەتدیوم وە پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی کردووە بەلاشە پیسی قورئان بخوێنێ ژنەکە ووتی دەقورئانم بۆ بخوێنەو وە بەخۆشی قورئانی نەدەخوێند پیاوەکە ووتی

(اتانا رسول الله یتلو کتاب — کما لاح مشهور فی فجر ساطع

التی بالهدی بعد العمی فقلوبنا — به موقنات ان مال واقع

یبیت یجافی جنبه عن فراشه — اذا استثقلت بالمشرکین المضاجع [1]

جا ژنەکەی ووتی باوەڕم بەخوا هەیە و چاوم درۆی کردووە بەیانی چووە لای پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی خۆی و ژنەکەی پێدا پێغەمبەر (ﷺ) هێندە پێکەنی

هەتا دانەکانی بەدەر کەوتن [٢] (ابو یزید السطامی) ووتی قەت کەس وەکو ئەو گەنجە لەسەرم زاڵ نەبوو کەبەسەرم زاڵ بوو ووتی ئەو گەنجە هاتە لامان دەچووە حەجیٚ ووتی ئەی (ابا یزید) زوهد لای ئێوە چۆنە ووتم زوهد لای ئێمە ئەوەیە ئەگەر نانمان دەست کەوت دەخۆین وەئەگەر نەبوو سەبر دەگرین گەنجەکە ووتی سەگەکانی (بلخ)یش هەروانە جا ووتم ئەدی زوهد لای ئێوە چۆنە گەنجەکە ووتی ئەگەر خواردنمان نەبوو سوپاسی خوا دەکەین وەئەگەر بووشمان دەیبەخشینەوە.

(سوننەتی هەینی)

سوننەتە دوایی نوێژی هەینی دوو رەکات یان چوار رەکات نوێژ بکری ، ئەبو داود لە ئبن عومەر دەگێڕێتەوە ئەگەرنوێژە لە مزگەوت بکردایە چوار رەکاتی دەکردئەگەر لە ماڵوەبایە دوو رکاتی دەکرد ، لە بوخاری و مسلم هاتووە لە ئبن عومەرەوە کەوا پێغەمبەرﷺ دوو رەکات نوێژی لەماڵەوە دەکرد دوایی نوێژی جمعە ، بەلام نوێژی سوننەتی پێش جومعە شێخ الاسلام ئیبن تمیمە وتی پێغەمبەرﷺ دوایە بانگدان پێش جومعە هیچ نوێژی نەدەکرد کەسێ لە پێغەمبەری ﷺ نەگێڕاوە تەوە کە نوێژی کرد بێ لەسەر دەمی پێغەمبەرﷺ بانگ نەدەدرا تاکو واتە ئیستا لەسەر مینبەر ئینجا بلال بانگی دەدا دوای ئەوە پێغەمبەر ﷺ دوو وتارەکەی دەخوێندەوە ئینجا بلال قامەتی دەکردن کەواتە کەس نوێژی نەدەکرد دوایی بانگدان نە بەخۆی وە نەیەکێك لە هاوەڵەکانی کەسیش لێ نەکێڕاوەتەوە کە نوێژ لەماڵەوە کرد بێ پێش دەرچوونی بۆ مزگەوت ڕۆژێ جومعە بۆیە جەماوەری زانایان یەك دەکەن لەسەر نەبونی سوننەتی پێش جومعە بە ژمارەیەکی دیاریکراو بە کاتێتێکی دیاری کراو . چونکە ئەمە بەقسەی پێغەمبە ﷺ یان بە کردەوەی جێگر دەبێ ئەویش ئەم سوننەتەی دانەناوە نەبەقسە وە نەبە کردەوە جێ ی سەر سەرمانە کە دەبینین زۆربەی بانگۆرەکان لێ ڕۆژی جومعە دەڵێن نوێژی سوننەتی جومعە بکەن ، کە ئەمەش بیدعمیە ، چونکە پێغەمبەر ﷺ پێش جومعە نوێژی نەکردووە بەڵکو دوایی جومعە نوێژی کردووە .

به شێك له سفور

خوای گەورە دەفەرمووێ (ولا تبرجن تبرج الجاهلية الاولى) سورەتی ئەحزاب ئایەتی (٣٣) واتە جوانی خۆتان بە دیاری مەخەن بۆ خەلکی بێگانە هەر وەکو چۆن لە سەر دەمی جاهلی و نەفامیپێش ئیسلام ئەو کارە دەکرا ئەوە فەرمانی خوایە بۆ ژنانی موسلمان ئەو خوایەی کە دروستی کردوون و ڕۆزیان دەدات لە گەلْ ئەمەش زۆر ئافرەت هەنە کە بە ناوی موسلمانن بەلام پێچەوانەی فەرمانی خوا رەفتار دەکەن و لە هەرەشەی خوا ناترسن هەروەك کە گوێیان لەم فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) نەبووە کە باسی ئەو دوو کۆمەڵەی دەکات کە هێشتا نەی دیون و بە ئاگری دۆزەخ دەیان ترسێنێ کە یەکێك لەم دوو کۆمەلە ئەو ئافرەتانەن جلکیان لەبەرە بەلام لە ڕاستی بە تەواوی دانەپۆشیون واتە ئەندامەکانی لە شیان بەدەرەوەیە یا لە ژێرەوە دیارە وە هەروەها سەرو قژیان بە دەرەوە یە قژیان وەکو سەرپشتی (دونگ) خوشتریان لێ کردووە بۆ سەرنج ڕاکێشانی پیاوی بێگانە . ئەگەر لە سەر ئەو نەفامیە بەردەوام بن هەتا مردن ئەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای ئێ کردوین لەعنەتیان لێ بکەین واتە بێبەش بن لە ڕەحمەتی خوداو بەهەشت چونکە ئەوانە خۆیانیان بێ بەش کردووە بەو یاخی بوونە وە ئەوەی یارمەتی دەرو هاندەری گەشەسەندنی جوانی دەرخستن و سفوری ئافرەتانە و وایان لێ دەکات لابدەن لە پەیڕەو کردنی قورئان و سوننەت ، بلاوبونەوەی جێگای تایبەتی بۆ ڕازاندنەوەی ئافرەتان لە شارەکان کە کچان و ئافرەتان هاتو چۆی ئەم شوێنانە دەکەن لە والنیە باوك و براشیان ئاگادارن دووریش نیە ئەم باوك و برایانە هاتوچۆیی مزگەوتیش بکەن و نوێژ بکەن بەلام بێ ئاگانە لەم فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرمووێ (دەیوس ناچێتە بەهەشت) دەیوس واتە بێ غیرەت و ڕازی بەکاری خراپی ئافرەتی مالەوە . لەم سالۆنانە لەوانیە بەلاو کاری ناڕێك ڕوو دەدات بێجگە لەسەرف کردنی پارەیەکی زۆر بۆ گۆڕینی دیمەنی سەرو دەم و چاوی بەتایبەتی لە کاتی ژن مارە کردن و گواستنەوە کە بووك دەڕازێننەوە ئینجا لە گەلْ خوشکەکان و خزمەکانی لە سەر حسابی گیرفانی زاوا . جارێکیان سەیارەکانی دوو بووك ئەوەندە زۆر بوون کە ڕێگەی بەردەم سالۆنێکیان گرتبوو لە تێپەڕبوونی سەیارەی خەلکی تر بۆ ماوەی سەعاتێك دوو سەعات کە ئەمەش ئازار دانی خەلك حیسابەو چەندەها جار دووبارە دەبێتەوە وە ئەوەی لێرەدا پێویستە بووترێ ئە سیفەتە یەکجار ناشیرین و دوور لە ئیسلامیە لەو خەلکانەی بە دوایی بووك دا دەڕۆن بە هۆڕن لێدان و بەخێرایی کە زۆر جار دەبێتە هۆیی سەیار لێکدان و ئازارو ناخۆشی یان خۆ دەرهێنان و دانشتن لە سەر دەرگای سەیارەو پەرۆك هەلوەشاندن بۆ لاسایی بێگانەکان دەکەینەوە لە کاری خراپ لە سزاو تووڕەبوونی خوای گەورە ناترسین بۆ ئەگەڕێنەوەبۆ ڕێنمایە دینە پاکەکەمان کە سەرچاوەی هەموو خێرو خۆشیە وچاو لە پێغەمبر (ﷺ) بکەین لە هەموو کارو کردەوەکان دا (لقد كان لكم في رسول الله اسوة حسنة)

ئاگاداری –

خەلك لە هەندی لە مزگەوتەکان هەلدەستن بە دروست کردنی هۆلی گەورە بۆ تازیە و بۆنەکان ئەم کارەش پەسند نیە لە بەر چەند هۆیەك لەوانە داگیر کردنی زەوی مزگەوتەکە بە هەروەها بەکار هێنانی ئاو کارەبا کەیەکێ جگە لەبەکار هێنانی کەل و پەل تری مزگەوت وەکو مێردە سۆبە لە والنیە بەکار نەهێنرێت بۆ مزگەوت بەتایبەتی لە کاتی ووتاری هەینی بۆ ماوەی کات ژمێرێك یان دوان بەلام بەکار دەهێنرێت سێ چوار ڕۆژ لە دوایی یەك بۆ تازیە دانان خۆزگە ئەم هۆلانە دروست دەکران دور لە مزگەوت و دوور لەناو کارەبا و کەل و پەل و زەویەکەی

ناوەرۆك

پێشەکی	٢
بەشێك لە بیرو باوەر ، بەشێك نیەت هەبوون لەكردەوە كردن چاكترە	٨
بەشێك لە گەورایەتی زانین و زانایان	١٠
بەشێك لە قەدەغە كردنی بیدعەوشتە تازیە یدا بوەكان	١٤
بەشێك لە ڕاست كردن گۆر	٢٦
بەشێك لە دەفە لێدان	٣٥
بەشێك لە تازیە دانان	٣٨
ئاگاداریەك	٤٤
بەشێك لە ڕوونكرنەوەی حوكمی جغارە خواردن	٤٨
بەشێك لە بانگدان	٥٠
تێبینی	٥٣
بەشێك دەربارەی مزگەوتەكان	٥٥
تێبینی	٥٨
بەشێك لە نوێژ كردن	٥٩
بەشێك لە نوێژ كردنی تەراویح - نوكتەیەكی ناسك	٦٥
نوێژی جومعە	٧٠
ئاگادار كردنەوە	٧٣
بەشێك بە دڵ لە خوا ترسان (الخشوع)	٧٧
بەشێك لە دامە كردن	٨٠
بەشێك لە رونكردنەوەی سوێند خواردن - بەشێك لە سەڵاوت لێدان	٨٣
پێغەمبەری خوا (ﷺ)	٨٤
بەشێك لە قورئان میزانە بۆمان	٨٦
بەشێك لە مافەكانە دایك و باوك	٩٠
بەشێك لە حەج كردن	٩٣
بەشێك لە ئیحرام بەستن و هەرچیلەدواوەی دەكرێ	٩٧
بەشێك لە زكرەكان	١٠٣
هەندێ حكایەتی خۆش	١١٠
سونئەتی هەینی	١١٣
بەشێك لە سفور	١١٤

تەماشاکردنی ئەو هەموو بیدعەیەی کە لە نێوان موسلمانان بڵاو بۆتەوە لە بەندایەتی کردن کارو کردەوەی و لاسایی کردنەوە کە کردویانەتە ئاین . وئاینیش لێ یان بریە ، وە هەمووتان دەزانن هەرچی لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) دا هاتووە هەر ئەوە ناوەڕۆکی ئایینە بەڵام زۆر بەداخەوە هەندێ کەس دەبینین پرۆگرامی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) لە ئەستۆ ناگرن وەکو پێویست بەڵکو خۆیان بە لاسایی کردنەوە و عادەت و بیدعە وەرگرتووە کە پێچەوانەی ئاینە کە چی بەئایینی تێ دەگەن ، بۆ نمونە وەکو ئەو شتانەی ئەمڕۆ لە نێومان دەکرێ لە ڕێ و ڕەسمی تازیە دانان و ڕێزنەگرتنی مزگەوت و گۆڕ بەگەورەتن و جگەرە خواردن و کردنی هەموو جۆرە یارچی یەك و داهێنانی جۆرە سۆفی بابەتێك کە لەگەڵ شەرع ڕێك ناکەون دەفە لێدەدەن شیر لە خۆ دەدەن زۆر شتی تر کە هیچ ئەسلێکی لە ئیسلامدا نیە ، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو شتانەی کە شەرع فەرمانی بە کردنیان داوەو بە باشیان دەزانی وەکو ڕووکردنە خاو بە دڵسۆزی لە هەموو کراو کردەوەیکدا بە جێ هێنانی پێویستی بیەکانی بە بێ هاوبەش پەیدا کردنی شاراوە یان لە خوا ترسان بە دڵ لە ناو نوێژدا کە گیانی نوێژە وەیان کارو کردەوە کردن بەدەقی قورئان و سوننەتی پاکی پێغەمبەر (ﷺ) تا وای وێ کردە وە کردن بە قورئان و سوننەت زۆر دەبێ و بیدعە کردن کەم دەبێتەوە بەڵێ زۆر جاران وە بە خۆیە قورئان و سوننەت بەستانەوە لای هەندێ کەس بەشتەکی نامۆو . دوور لە دیـ دێتە ژمار ئەوەش ڕەنگدانەوەی ساردێنی خەلکەکیە بەرامبەر بە ئاین